
# عومری حەبیبەکەی من




**ناوی کتێب : عومری حەبیبەکەی من**

**بابەت : دیوانە شیعر**

**نوسینی : بەندی عەلی**

**ساڵی چاپ : 2010**

**تیراژ .. 500 دانە**

**تایبەت : ماڵپەڕی چراکان**

http://chrakan.com

## ووتەیەکی پێویست

خوێنەری هێژا .. ئەم دیوانە شیعریە ، بەرهەمی ساڵانێکی دوورو درێژەو دەبوایە ناو بەناو هەندێکیم چاپ بکردایە ، بەڵام هەر جارەو بەهۆیەک نەمتوانی ئەم کارە بکەم ، دەمێ لەبەر نەبوونی کات و دەمێ لەبەر نەبوونی توانای مادی و هەموو کاتێکیش لەبەر نەبوونی پشتگیری مەعنەوی و مادی لەدەزگاو ڕێکخراوە ئەدەبی و فەرمیەکانی تایبەت بەئەدەب و ڕۆشنبیریەوە .. ئەودەزگایانەی کەوەک ئەرکی پیشەیی خۆیان دەبوایەو دەبێ ئەم جۆرە کارانە ڕاپەڕێنن ، بەڵام لەبەختە چاوڕەشەکەی مندا کەسێک نەبوو دەستێکی هاوکاریم بۆ درێژکات ، بەهەرحاڵ وائێستا ئەم بەرهەمە بەخۆشحاڵیەوە دەخەمەبەر چاوە جوانی پەرستەکانی ئێوەی خۆشەویست هیوادارم میوانێکی رووح گران نەبێت لەماڵەکانی دەروونتاندا

ئازیزانم ، ئەم شێعرانە جۆراوجۆرن وەکو خودی ژیان .. وەک چۆن عیشق و ئەوین بەشێکن لەژیان ، هەرواش بەشێکن لەم شیعرانە ، وەک چۆن تورەیی و یاخی بوون و ڕق لەناشرینیەکان بەشێکن لەخودی ژیان ، هەرواش بەشێکن لەم شیعرانە .. ئەوەی لای من مەبەست بوو،خستنە ڕووی هەموو هەست و نەستەکان بوو وەکو خۆیان و دوور لەشێواندنی ناخی خۆیان

ڕیزبەندیی مێژووی شێعرەکانیش وام بەباش زانی کەئەوانی لەساڵانێکی دوور لەئەمڕۆدا نووسراون بکەونە بەشی دەوومی ئەم دیوانەوە ، هەربۆیە بەرهەمەکانی نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2010 م لەسەرتاوە ڕیزبەند کردو پاشان بەرهەمەکانی ساڵانی 2007 بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان وەک بەشی دووەم .. زۆربەی ئەم شیعرانەش کاتی خۆیان لەگۆڤارو سایتە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکاندآ بڵاو کراونەتەوە بۆیە لای هەندێک لەئێوەی بەڕێز ڕەنگە نامۆ نەبن .. ئیتر من لێرەوە جێتان دەهێڵم و بەسەرفرازیتان دەسپێرم .. لەگەڵ ڕێزو حورمەت بۆ ئێوەی خۆشەویست

براتان .. بەندی عەلی
دارمشتاد – ئەڵمانیا پاییزی 2010

2007

## بۆ مەرگی بەردەوامی دوعاکان

## نامووس

-1-

منم لەناو پیاوەکانی ڕۆژهەڵاتا
تاکو ماوم
لەناموسە مەرگەساتی
هەر شەمێک و غەزالێک و
دوعایەکدا
ڕەهێڵە بارانی شەرمم لێ ئەباری
کەوا .. پیاوم

-2-

دوێنێ لەپرسەی خونچە گوڵێکا
ئارەقەی شەرمی هەڵئەڕشت ، پێنووس
بۆ مەرگی پەلەی ڕەسولێکی کەی
عیشق و جوانی بەدەستی نامووس

ئەمڕۆش مەزاری ئەو جوانە مەرگە
دوور لەمەرامی دێوەزمەی خەزان

**بۆتە هەواری عیشقی پەپوولەو**
**شاژنی جوانیی نێو هەموو ڕەزان**

**دوێنێ کاغەزی سپیی دەفتەرێ**
**درایەبەر دستڕێژی پیاوەتی**
**وەلێ لەجێگەی پەڵەی خوێنی گەش**
**گوڵاڵەسوورەی لێ ڕوا ، خەتی**
**ئەمڕۆش هەناوی هەر ئەو دەفتەرە**
**فەرهەنگی شیعری بەرزی نالیە**
**کەبێ بەرامبەر لەعەرشی عیشقی**
**هەموو دڵێکا هەر خۆی والیە**

**دوێنێ لەبەردەم تەرازووەکەی داد**
**ڕەنگاڵەیەکی مێیان سەربڕی**
**دوای سەمای مەرگی لەشێکی بێ سەر**
**خوێنیان بەبڕگەی یاسایەک سڕی**

**ئەمڕۆش لەحەوشەی ماڵێکی خوادا**
**دوو کۆترە شینکەی نێرو مێیان گرت**
**چونکە لەوادەی کڕنووش و زیکرا**
**گۆرانی عیشقیان بۆ یەکتر ئەووت**

-3-

**مەیکوژن ئەی شێرەکانی دارستانی پیاوەتی**
**ئەو دەلیلی دەشتی دێمی ووشکە ساڵی ئێوەیە**
**مەیدەنە بەر ڕێژنە بارانی تیری مەردایەتی**

خۆی گوڵەباخەو کەمەری سەدان دڕکی پێوەیە

مەیکوژن ئەی شێخەکانی فاڵ و جادووی سەوزوزەرد
ئەو جنۆکەو خێو و دێوی خەیاڵی خاوتان نیە
مەیکوژن ئەی ڕاوچیانی سەردەمی ئەشکەوت و بەرد
خۆ ئەویش کەروێشکە کێوی و ئاسکەمێی ڕاوتان نیە

ئێوە بەدمەستن بەبادەی خوێنی چۆڕاو لەنینۆک
هەست و حورمەت دوو پەپوولەن ، بەدڕکی ئێوە نامۆن
ئێوە شاگەشکەن بەڕەنگی چنگی سورتان تاکو چۆک
بۆیە دەستنوێژی عیبادەت بەخوێنی مێگەل ئەشۆن

2007

**سەفەر**

لەوەتەی هەم
تامی بادەی بەڵێنە سەرخۆشەکان و
ماچی لێوە ژەهراویەکەی قەدەر ئەکەم
لەوەتەی هەم
چاوم بەقەترانی ڕەشی بەخت ئەڕێژم
هەر منیشم ، قەرەج ئاسا
لەسەرەتاکانی کۆچەوە سەفەر ئەکەم
لەوەتەی هەم .. لەجێی خۆما
جێ پێی خەوە پەمەییەکان هەڵئەگرم و

پێ بەدڕکی سەبرا ئەنێم
لەوەتەی هەم .. ناگەمە جێ و
گوێم لەقاقای پێکەنینە زەردەکانی
فرسەتە .. پێم
ئیتر ئەبێ چاوەڕوانی چی بم لەتۆ
ئەی پردە کۆنەکەی ڕۆژگار
ئەم هەموو دڕک و جەخارە
بەسەر تۆیا پەڕینەوەو
لەگەڵیانا کۆڕەوێکیش کۆتری زامدار
ئەو هەموو بارە تلیاکەی مەرزەکانی سیاسەتیش
هەر لەتۆوە دزەیان کرد
لەگەڵیانا جوجەڵەکانی غوربەتیش
تۆ هەر ڕەشە کاروانی خەم ئاودیو ئەکەی
تۆ هەر دێوی زەبەلاحی
غوبارو تەم ئاودیو ئەکەی
بەرێکەوتیش چڵەنێرگزێکی ئومێد
نەگەیشتە ڕۆخی ئەوبەرت
وەخەونە ئەرخەوانیەکانیش
هەروان بەسەر شوێنەوارە سڕاوەکەی
گۆڕستانە بزر بووەکانی ئەمبەرت

ئەی گێژاوە بێ کۆتاییەکانی تەمەن
بۆ کوێم ئەبەن
لەم ژیانە ئاپۆڕەیا
قوژبنێکی تیا نەماوە بۆ تەنیایی
تەنیاییەک ، کەهەر بۆنی
چرکە ڕوتوقوتەکانی شەوی لێبێ
ئەو شەوانەی بێ شەرم و سڵ

پەنجە گرژەکانم ئەگەن
بەتریفەی مانگەشەوی دڵنیایی
وەبیرم دێ
لەڕۆژانی خۆکردنەوەی چرۆکانی منالّیەوە
کلکی گۆچانەکەی پرسێ
لەسپێدەی بەیانەوە
هەنگە ماخۆلانەکانی
شانەی خەیالّ ئەوروژێنێ و ئێوارانیش
خەو لەچاوی پەڕەسوێلکە وەرزیەکانی

بن گوێسەبانەی ئۆقرەبوون ئەتۆرێنێ
کەبووم بەهەرزە دەوەنیش
چەمەی قۆڵی هەمان گۆچان
دەئالاّیە لاسکە تەڕو ناسکەکانی گەشەی روح و
گەلاّ چەورەکانی عەقلّی هەلّئەوەران
لەهاوینی گەرمەسێری عومریشەوە
کەبێستانە پرتەقالّی هۆش پێگەیی و
بەرسیلەکانی ڕەزی ڕاز بوون بەترێ
ئەو گۆچانە ماخۆلانە هەر خنەی دێ و
هەر خنەی دێ
پرسێ لەخواو .. لەتەبیعەت
پرسێ لەباو لەبالّندە کۆچەریەکان
کەئاسمانی زەمەن ئەبڕن
گەر بەڕێکەوت بەئێرەدا گەڕانەوە
تەنیا شتێکم پێ بلێن
ئاخۆ ڕەنگی چاوەکانی کامەرانی
ئەبێ چی بێ

2007

## دواهەمین شەو

ئەم دواشەوی سەری ساڵە
زەنگیانەکانی گەردانە پچڕاوەکەی
گەردنی عومرێکی شەکەت
دەنکێکی کەی لێ وون ئەبێ و
پێکی روحی ئاسمانیش
ووردە بەفری ماڵئاوایی ..
لەووشکە ساڵێکی تری بێ بەرەکەت
ئەم دواشەوی سەری ساڵە
شەقامەکان کەللەمەستن بەبادەی خوێن
خوێنی گوڵە کوژراوەکانی ئەوین و
گەڵا هەڵوەریوەکانی ژن و
مێوژی چاوە گوشراوەکانی ئارەزوو
ئارەزووی زام بۆ مەرهەم و
ئارەزووی دڵ .. بۆ خەم ڕەوێن
ئەم دواشەوی سەری ساڵە
دوا جگەرەی تاڵی حەسرەت ئەکێشم و
لەدوا پێکی خەستی حوزنا نغرۆ ئەبم
دوا چرکەسات
دوا هەناسەی ئەم شەو ئەدەم
بەدواهەمین نەورەسی خەو
خەوێکی قوڵ
قوڵتر لەهەناوی کەون و
کەندەلانی ئازارەکان

بەئومێدی ساڵێکی نوێ و
ژوانی کەناری ئاوات

2008

## بۆ هەڵەبجە

لە پێدەشتی شارەزوورا
باخێک هەبوو وێنەی بەهەشت
چریکەی پاساریەکانی
ئەگەیشتە گوێی بنارو دەشت

گوڵەکانی لە پرچی خۆر
یەکی ڕەنگێکیان گرتبوو
گوڵاوی شیرینی عەشقیان
ئەڕشتە سەر لێوی هەموو

بەهار لەوێ کاتێ ئەهات
ژیان ئەبوو بەڤیستیڤاڵ
پەپوولە سەرچۆپی ئەگرت
بەنەشئەی شمشاڵی شەماڵ

لەنێو بێشکەی گژو گیادا
لەگەڵ چرپەی نەرمی کانی
سروشت کۆرپەی دڵی ئەنواند
شەوانی پڕ سیحرو جوانی

ئەو ڕۆژانە عەبابەیلێ
میحرابی نوێژی دونیا بوو
لەدەروازەی عەرشی خوایا
کانی عاشقان پرسگا بوو

ئەو ڕۆژانە سەرگوزشتەی
خەوێکی ئەرخەوانی بوون
لەگەڵ بۆنی سێوی غەدرا
کاتێ ئەو هات ئەمانیش چوون

چەندە وەرزی نەوبەهارە
ژەهری مەرگەساتێکی تاڵ
لەلێوی ووشکەڵاتوومان
نابێتەوە ساڵ بەدوی ساڵ

بۆتە ئایین لەلای ئێمە
پێش هەموو نەورۆزێکی نوێ
چرۆی فرمێسک لەچاومانا
ئەبێ دیسان بپشکوێ

لەهەر چاوێ چەپکێ لەگوڵ

ئەهۆنمەوە وەک تاجی سەر
بۆ هەڵەبجەی باخی عیشق و
بۆ کۆرپەکەی کۆشی خاوەر

ئەو برینە تەڕەی مێژوو
لەدڵمانا ووشک نابێ
ئەگەر گڕی کوورەی سەقەر
لەگشت لاوە دەوری دابێ

لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێ
بەهار بەئاخ دەست پێ ئەکەین
لەو ڕۆژەوە چاوی دنیاش
ئەمانبینێ ، ئێمە کەهەیین

## هەشتی مارسی 2009
## نامەیەک بۆ نیوەکەی روحم

بێ تۆ دڵم
مەلێکی یەک باڵە ، گوڵم
ڕۆژێ دووریت
تەواوی یەک ساڵە ، گوڵم
بێ تۆ ئاسۆم هەور پۆشە

پیاڵەی خەیاڵیشم بۆشە
کاتێ لەباوەشت ئەگرم
ئاسمانی چاوشینی ژینم
سایەقەی ساماڵە ، گوڵم

هەر گوڵیت و
هەر گوڵیشت لێوە ئەزێ
ئەی گوڵە مێ
چی لەنەسلی بارەشی پاییزانەکەم
کەهەر گڤەی تورەبوون و
خۆڵی جەوری لێ ئەوەرێ
چی لەنەسلی درکی غەدری زەمانەکەم
کەهەر خوێنی قامکی عیشقی
لێوە ئەتکێ
هەشتی مارست لێ پیرۆز بێ
ئەی گوڵە مێ

2008

## ئەنفال

-1-

باسی ناڵەی چیا ناکەم
کەگابەردێکی سەرکەشی
بەرەو هەڵدێر سەرهەڵئەگرێ و

## یاخی ئەبێ لەباوەشی

باسی هاژەی ڕووبار ناکەم
وەرزی کۆچ و باری ماسی
کاتێ ئەیدا بەکەنارا
شەپۆل شەپۆل،سەری کاسی

باسی هەنیسکی باناکەم
کەهەلاڵەی هاوڕێی سەفەر
دوای تەمەنێ عیشق و ژوان
ڕێی دابڕان ئەگرێتەبەر

باسی گرمەی هەور ناکەم
ساتەوەختی پڕبوونی ناخ
کەبەڕێژنە بارانی روح
ئەشواتەوە ڕوخساری شاخ

باسی قرچەی بەفر ناکەم
کەنەرمە گورزێکی هەتاو
بەیەک غەمزەی چاوی کاڵی
کێوی جەرگی ئەکا بەئاو

باسی لەرزی گەڵا ناکەم
زەردە وەرزی لێکدابڕان
لەعەزرەت بێ میهری چڵ و
دڵ ڕەقیی باڕەشی خەزان

باسی پێڵوی داخ بەپشکۆی

چاوەڕوانی کۆچی گەرمیان
باسی لێوی سڕ بەتەرزەی
بێ سۆراخی ڕەوی کوێستان

باسی کۆستی هەمیشە شین
ئومێدێکێ ئەژنۆ شکاو
حوزنێکی شۆڕ وەک شۆڕەبی
برینێکی بەئاخ برژاو

باسی دڕکی بیابان و
سەگی ڕەشی کۆرپەلە خۆر
کچانی بێ سەروشوێن و
چەقۆی نامەرد ، زامی ناسۆر

باسی ئەنفال ئەکەم ئەنفال
ئەی جیهانی مەستی بێ هۆش
نەفرەت لەتۆفانی چەرخ و
لەبێ دەنگی و بێ باکی تۆش

-2-

ئەڵێن .. ئەنفال
ئەڵێم ، ئۆقیانووسێکی سوێر
لەئەسرینی ماسیە سوورە یاخیەکانی حەوزی والی
شۆڕەبیەکی پیری کەنەفت

چاوەڕوانیی تارماییەکان
پیرەمەگرووێک لەحەسرەت
شێرە بەفرینەیەک بڕواش بەکتێبە پیرۆزەکان
بیابانێک لەنەفرەتی هەمیشە داخ لەئاسمان و
پڕ بەمشتێک خۆڵەمێشی ڕەحمەتی خواش
پوشەخورمایەک گلەییش لەمانگەشەو
کەنەیوێرا شایەتی بات
کۆڵەپشتی حوشترێکیش سەبرو ئومێد
بەهاتنەوەی هەلاڵە دزراوەکان و
بن دەوەنێکی دڕکاوی
لەمتمانە بەهاوسێکانی نیشتمان

هەسارەیەک سەرزەنشتیش
لەسەرکردەکانی گەل و
ڕەهێڵەیەک لەتف باران لەسیاسەت
دۆزەخێکیش لەیادگاری هەمیشە سەوز
ئەڵێن .. ئەنفال
ئەڵێم،هەزارەها سندوق
پڕ لەشمشاڵی لولاق و
کوخی چۆڵی کەللەسەرو
لەقەفەسی بێ پەڕەندەش لەپەراسوو
هەزارەها سندوقی پڕ
لەبۆنی روح ، بۆنی مێخەک
بۆنی ڕیحانەی باخەڵان
بۆنی خاک و خۆڵی تەڕی
دوای نەرمە وەشت و دومەڵان
بۆنی شیری خاوی مەمکێ
بیست ساڵ لەمەوەبەر لەدەمی

## کۆرپەیەکیان ڕائەپسکان

هەزارەها سندوقی پڕ
لەمێوژی ووشک هەڵاتووی چاوەکان و
لەجیرەجیڕی ددان و
تۆپە خوریی ڕەش و زەردو خورمایی قژ
هەزارەها سندوقی پڕ
لەهاوارو لەقریشکەو
لەهەناسە پەنگەکان و
نیگارە بێ ڕەنگەکانی بەر لەمردن
ئەڵێن .. ئەنفال
ئەڵێم ، پیشانگایەک لەلم
جامانەو لم .. کڵاو و لم
کەوش و کالەو پێڵاو و لم
پشتوێن و لم .. شەرواڵ و لم
مەمکەشوشەی مناڵ و لم
سوخمەو کەواو ژێرکراس و
دەسماڵ و لم
سەرپۆش ، تەزبیح ، بەرماڵ و لم

سمێڵ ، ڕدێن ، برۆ و پرچ و
برژانگی چاو کەژاڵ و لم
سەگە ڕەش و جرج و قەل و داڵی ڕەش و
پۆستاڵ و لم
زیندە کابوسێکی خەون و
ڕەوێکی بێ هەواڵ و لم
نیشتمانێک گۆڕی وون و
هەموو شتێکی تاڵ و لم

## 2008

## نەورۆز

**هێندەم بەسە ، لەنەورۆزا**
**خەو بەگوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی عیشق و**
**بەهەرەسی شاخە بەفر پۆشەکانی**
**خەمی دەهرەوە ببینم**
**هێندەم بەسە ، لەو ڕۆژەدا**
**پریشکێکی نوێی بەرکەوێ**
**خەڵوزە دامرکاوەکەی  هیوا ، بەووەشتی ئەسرینم**
**هێندەم بەسە ، لەنەورۆزا**
**سروشتی مەنگ .. بێتەوە دەنگ**
**بەهاژەی چەم و ڕووباری**
**هێندەم بەسە ، لەو ڕۆژەدا**
**کورتە چیرۆکێکی مێژوو**
**گەر ئەفسانەو خەیاڵیش بێ**
**ببێتە سەردێڕی شیعرێ بۆ سرودی بەرەنگاری**

2008

## بانگەواز

لەهەر چاوێ
درزێ لە پەنجەرەی میهرو
لەهەر دڵێ
مشتێ لەخەرمانی سۆزو
لەهەر کۆشێ
چەن قولانجێ موحیبەت و
لەهەر لێوێ
قومێ لەشەکراوی بزەو
لەهەر سنگێ
بەشی هەناسەیەک ئومێد
لەهەر ناخێ
چڵە مێخەکێکی ڕازو
تەنیا پەڕێ
لەباڵی تاووسی نازو

لەهەردەستێ پەنجەیەکیش
بۆ سڕینی شەونمی خەم
لەسەر پەڕەی گوڵی کوڵمی
مناڵێکی لانەوازو
لەهەر میحرابێکی زیکرو
نوێژی عیشقیش بانگەوازێ
باهەڵاڵە بێ نازەکان
نەبنە پوشی دم شنەی شەن

باپەپوولە وێڵەکانیش
نەبنە نێچیری بارەشی
غەدری زەمەن

## لەیاداشتەکانی دیکتاتۆرێکی گۆڕبەگۆڕ
## 2008
## خەوێک لەڕابردوو

من لەنەفخی
ڕوحی یەزدانەوە پەیدام
چاوەکانم
دووربینەکەی دەستی ئەون
سەرم قاسەی پڕی غەیب و
دڵیشم ، دەریایە ئیلهام
لەتەفسیری خەونتانا
منم ، هۆکارو هەم ئەنجام
لەئاوێنەی خەیاڵیش دا
ئەبەد عەکسم بەدی ناکەن
عەجیبێکی بێ میسال و
بێ شەریکی تاک و تەنیام
دەزووی بەختی یەک بەیەکتان
بەپەنجەی زەوق ئەبزوێنم

منم بڕیاری بوون ئەدەم
هەر منیشم .. ئەگەر وویستم
کاتژمێری سەر دیواری
زیندەگیتان ئەوەستێنم
منم ، دەستکرد دروست نابم
وە نافەوتێم
منم ، هەم کات و هەم شوێنم
پیت و فەڕتان پێ ئەبەخشم
ووشک و تەڕتان پێ ئەبەخشم
خێرو شەڕتان لێ بەش ئەکەم
زەردەپەڕتان وەنەوشەیی و گەڵا مۆرو
کازیوەتان وەکو قەترانی ڕەش ئەکەم
لەدەستم دێ
پاییز ، بەئاهەنگی ڕەنگ و
بەهار ، بەزیندانی هەنگ و
هاوین ، بەپرسەی شەبەنگ و
زستان بەوێنەی سەقەر کەم

لەدەستم دێ
ڕەحمی ئاسمان بێ باران و
دڵی خاکیش کش و خامۆش
ڕووباریش ووشک و بێ چرپەو
هەناسەی با بێ سەفەر کەم
بەبێ من .. ئێوە بەدمەستن
وونن ، وێڵن ، بێ دەربەستن
کۆیلە ئاسا ، دیلی هەستن
چونکە خۆتان

عەقڵ زادەی خودایی نین
لەزومرەی ئەهلی عیرفان و
غەییب ناسی سەماوی نین
هیدایەتتان دیاریی منەو
گومڕەهایشتان ، تورەییم
هەر منیشم شەک و یەقین
هەموو ڕۆژێ ، گزنگی خۆر
لەگەڵ چاوی منا هەڵدێ و
ئێوارانیش لەگەڵ ئەودا ئاوا ئەبێ
مانگەشەویش پرسی ڕوخسەت
لەمن ئەکا .. تادەرکەوێ
منم نەخشەی چارەنووستان بۆ ئەکێشم
لەئەوەڵین سەرەتاوە ، تاکۆتایی
کەمن ڕابم
ئەستێرەکان دێنە سەر چۆک
ئەی مرۆڤە بچکۆلەکانی سەرزەوی
منم .. سەرۆک

2008

## کۆشکێ لەبەفر

تاچاو بڕکا ، سپی ڕەنگی و
تامت لەتامی بەفر ئەچێ
بەفرێک ، کەهەر لەترۆپکی

کێوە ئەفسوناویەکان و
لەدوورِیانی وەرزەکانا دائەبارێ
ئەو دەمانەی
چاو بەرشەوارە کەوتووەو
واقیش بەر تەلیسمی وورِمان
تاچاو برِکا ، بریسکاویت
دەستەو یەخەی
لەگەڵ مانگەشەوی تابان
من ئەپرسم ، ئاخۆ کامتان
پرشنگ ئەدەن بەوی ترو
کامتان بەدوی ئەوی تردا ، ئەخولێنەوە

تاچاو برِکا ، کەڵەگەتی
بۆیە ، ئاستەم
چاوم بەچاوت ئەکەوێ و
دەنگت درەنگ دێتە بەرگوێ
ئەی چاو کەژاڵی دوورە دەست
باش لێزانی گەلێک عەییار
ئەی هەم رِەقیب و هەم دڵدار
ئەی هەم گوڵ و ئەی هەم جەخار
تاچاو برِکا ، شۆخ و شەنگی
دەمێ تورِەی دەمێ مەنگی
هەر دەمێکیش .. بەجۆرێکیش
خۆت ئەگۆرِی
دەمێ ئاوی ، دەمێ ئاگر
دەمێ خواناس ، دەمێ کافر
دەمێ سنەوبەرێکی لوت بەرز
دەمێ دار بی یەکی شۆرِی

لەدوورەوە شۆختر دیاری
دوور کوژەیت و
بتەکانی مەعبەدی روح
ئەخەیتە سەر بەزمی یاری
ئەی چڕترین جەنگەڵی شەو
قوڵانجێکت تیا نەماوە
مینرێژ نەبێ بەهەلوەسەو
بەزینده خەو .. بەیادگاری
ئای کەشل و مل و نەرمی
چەن بەحەیای ، چەن بەشەرمی
ئەی پەشمەکی
ناسکو شیرینی ژێر زمان
ئەی پاودەرە شەکری لەزەت
هەنگوینە ساغەکەی ژیان
ئەی عەساکەی دەستی موسا
ئەسپی باڵداری خەیاڵات
ئەی کۆشکێ لەپڕوشەی بەفر
ئەی .. دەسەڵات
تاچاو برکا سپی ڕنگی و
تامت لەتامی بەفر ئەچێ
بەفرێ کەچەند کۆبێتەوە
ئەشی جارێ .. لای بەهارێ
بەگزنگی ڕۆژێکی نوێ
هێدی هێدی .. بتوێتەوە.

2008

## ئەم شەو

ئەمشەو شەرابی لێوت ئەنۆشم
گوڵم لەووڕکی دڵم مەتۆرێ
شوشەی ژیانم درزێکی تیایەو
دڵۆپی عومری لێوە ئەچۆڕێ

ئەمشەو بەڕەنگی چاوت خۆم ئەشۆم
پەلکە زێڕینەی دوای وەشت بەمن چی
دڵم بەنەغمەی چرپە بنوێنە
دەنگی فریشتەی بەهەشت بەمن چی

ئەمشەو لەتاڵی ئاوریشمی زوڵفت
جۆلانە شیعرێ ئەچنم بۆ ژوان
تاکو تریفەی مانگەشەوی ڕووت
بێ هاوخەم نەبێ تاپشکۆی بەیان
ئەمشەو هەناسەت سەمفۆنیایەکە
خۆشتر لەوانەی بتهۆڤن و باخ
بەلام سەرسامی ڕیتمی ئاوازم
هەندێ جار ئۆخەی ، هەندێ جاریش ئاخ

ئەمشەو بەپەنجە نەرمەکانی خۆت
دەروێشی دڵم بهێنەرە فێ
شەوی یەڵدایەو تەکێی سینە تار

## زیکری تەنیاییش هەر بەکوفر ئەشێ

ئەمشەو ئەگەر بێی ، درەنگە وەختێ
مۆڵەت بەتریفەی مانگ ئەیەم بنوێ
چونکە لەعەرشی ئاسمانی عیشقا
تەنیا خوادایەک بۆی هەیە بدوێ

ئەمشەو تەلاری کریستاڵی خەو
بەتەرزە نازێ وردوخاش ئەکەی
کێوە بەفرینەی سام بڕوخێنەو
شەرمە تەم لادەی ، کارێ باش ئەکەی
ئەمشەو جوانوەکەی ئەسپی ئارەزوو
دارەدار ئەکاو تازە پێ ئەگرێ
گوڵاو پرژێنی میهری روحی تۆی
لەگەڵدا نەبێ ، ئەویشم ئەمرێ

ئەمشەو مەلێکی تەرەم لەدونیا
هێلانە داڵدەی ئەوینم نادا
باوەشی سۆزم بۆ ئاوەڵاکە
نەک قەدەر پوشی فرسەت بەبادا

ئەمشەو لێم گەڕێ پەروانە ئاسا
لەدەوری چرای ڕوخسارت گەڕێم
تەوافێکی وا فەرزی دینە لام
خەزانی عومرە و نەوەک هەڵوەرێم

## 2008

## یەکەم دیدار

بەرلەوەی بێێ
جاڵجاڵۆکە لیکنەکانی نەهامەتی
بست بەبستی سوچ و پەناو
ڕایەڵ و دیوارەکانی
دڵمیان ، بەتۆڕی غوربەت
لێ تەنی بووم
وەلێ .. ئەی تاڤگەکەی روحم
یەکەم چرپەی نیانی تۆ
لەچاو تروکاندنێکا
لەنێوانی هەناسە هەڵکێشانێک و
دانەوەی دا .. نەک هەر دڵم
دانە دانەی گەردیلەکانی جەستەمی
گوڵاو پرژێنی ماچێکی ئەبەدی کرد
ئەتووت کۆرپەیەکی تازە لەدایک بووی
ڕووت و قووتم
پڕ بەگەرووی کپ کراوم ، قریشکاندم
نەم ئەزانی
گریە بکەم بەگۆرانی ، یان پێکەنین
نەم ئەزانی
تاوی ئەسپەشێی دڵم بەم
بۆ غاری پێدەشتی ئومێد
یاخو ناخم .. پیری موغان
لەسوچێکی مەیخانەدا

هەڵبکورِمێ ، مات و سەنگین
بەرلەوی بێی
زەمەن لای من بێ بەها بوو
خەزان هاوینی ڕاو ئەناو
زستان ، بەهار
ڕۆژەکانم ڕەدوکەوتووی سەرابێ بوون
سرک و یاخی .. بێ شەرم و عار

مانگەکانم لەئاسمانی خەیاڵیش دا
چەن هەسارێکی لاساری
بزێو و هار
ساڵە ڕیش چەرمووەکانیشم
چرایەکی زەرد هەڵگەڕاوی ژێر دەوار
وەلێ ئەی فریشتەی نەجات
کەتۆ هاتی
بیابانی ووشکی عومرم
سەرتاسەری بوو بەگوڵزار
فلیمی تراژیدیای خەمیش
خەمی مردوویەکی زیندوو
کۆتایی هات
نەم ئەزانی شوێن بەتۆوە
ئەبێتە بەندەری ڕەندی
کەشتیەکانی دڵنیایی
نەم ئەزانی کات بەتۆوە
پانۆڕامایەکی عیشقە .. بێ کۆتایی

2009

## بۆ هەناری کچم

ئەستێرەیەک
درەوشاوەتر لەزوهرەو
لەزوحەل و لەمشتەری
گوڵ خونچەیەک
نێرگزو مێخەک و شەهلا
ناگەنە ئاستی کەمەری
فریشتەیەک
هەموو پەریەکانی بەهەشت
شەرمەزارن بەرامبەری
پەپوولەیەک
نەک هەر چراو مۆم و فانۆس
هەتاو ئەبێتە یاوەری
کانیلەیەک
چی ڕووبارو دەریا هەنە
خۆزگەدارن ببنەهاوڕێ و هاوسەفەری
نیشتیمانێک
پڕ نەورەسی بەرائەت و
کەنارێک بۆ بەختەوەری
شوشە عەترێک
لەعارەقەی پیرۆزی خواو
لەفرمێسکی پێغەمبەری
کچی هەنار

ژیان بێ تۆ خەراباتە
لەم سەریەوە تا ئەو سەری

2008

## ژنێک لەگڕ

کەرۆژگاری سەختی غوربەت
دەستی حەسرەت یەخەت ئەگرێ
کەشەوی دەیجوری میحنەت
لەژانی دڵ ، خەوت ئەزڕێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ

کە پەنجەرەی چاوەکانت
بەڕووی عیشقا کلۆم ئەدرێ
کەبەربەستێ لەسەر دەریای
حەزەکانت هەڵ ئەبەسترێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ

کەنێرگزی عومری جوانیت
بۆ فرۆشتن چەپک ئەکرێ
کەکەرویێشکەی دەشتی زولفت
لەنێو کفنی حیجاب ئەنرێ

لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ
کەتەرمی ئازادی بەرەو
گۆڕستانی نەریت ئەبرێ
کەزەڕنەقوتەی ئومێدیش
هەر لەهێلانەدا ئەمرێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ
قەدەر تەنیا یاخی بوونە
وەک شەپۆلی دەروونی زێ
لەگابەردی هزری ئەنتیک
لەوەهمی پڕ کێچ و ئەسپێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ
چاو دامەخەو سەر هەڵبڕە
بەچرپەی پڕ شەرم مەدوێ
گوڵی ئاوات لەپێ دەشتی
دێمی مەرگا ، نەنگە بڕوێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلێ تەڕ هەڵمەکوڕمێ
ئەی شۆڕەبیی حوزن و ئازار
ئەی گوڵە ژن ، مرۆڤی مێ
پاوانەکانی بەدبەختی
بەخۆ کوشتن کەی ئەپچڕێ
لەبن گڕ بارانی غەدرا
وەک مەلی تەڕ هەڵمەکوڕمێ .

## 2008

## ڕۆژمێری ژنێکی ڕۆژهەڵاتی

-1-

هەموو شەوێ
بێ پرسە گورگانێیەکیش
بە پەنجە زبرەکانی زەوق
وەک تویێکڵی لالەنگیەک داتئەماڵێ و
نەوسنانە ، دانەدانەی
قاشەکانی لەشت ئەخوا
کەتێریش بوو
ناوکە ووشکەکانی روحت
توور ئەداتە
نێو کیسە خۆڵەکەی ئەمڕۆی
پاشماوەیەک لەلەزەتیش ئەگەر مابوو
لەنایلۆنی سلۆفینی ئەپێچێت و
ئەی خنێتە سەللاجەکەی
خەیاڵیەوە .. بۆ سبەینێ
ئەوجا بەکەمالی ڕاحەت
جگەرەیەکی سەرکەوتنی بۆ ئەکێشێ
ئەوەی تەنیاش
لەتەم تومانی دوکەڵا نەغرۆ ئەبێ
ئازارەکانی تۆی ژنە

-2-

هەموو کاتێ واهەست ئەکەی

ژمارە دووی

لەپیاسە بێ تامەکانی ئێوارانا

کەوەک دیکۆر پەلت ئەگرێ

پێ دزەیەک دوورە لێت و

گوێی لەچرپەی دڵت نیە

ئەڵێی بوکە بەبارانێی بەدەستیەوە

لاشەیەکی جەستە زیندووی

بەروح مردوو

ئەو بەتەنیا ، پەیکەری پیاو

تۆش بەتەنیا ، سێبەری ژن

وەختی دوان و گفتوگۆش

بەقولاپی داب و نەریت

ڕاوی ماسیە سوورەکانی

دەنگت ئەکاو

ئەو هەمیشە ، پیاوێک لەدەنگ

تۆش بەتەنیا ، ژنێک لەگوێ

-3-

لەسەرەتاکانی بوونەوە

شەرم زادەی

لەدایک بووی لەگەڵ شەرما

دارەدارەی پێ گرتنت

هەر بەشەرمەوە پێ کراو

کاتێ زمانیشت پژا

شەونمی شەرمی لێ تکا

لەو ڕۆژەوەی باخی سنگت
دوو بەهێی گرت
شەرم هەر چوار دەوری گرتی و
پشت چەماوەو چاو لەزەوی
وەکو جورمێکت کردبێ
کەشوشت کرد ، هەر لەشەرما
تارایەکیان دابەسەرتا
وەک گوناهێ بشارنەوە
یەکەم شەوی بوکێنیشت
پارچە خامێکی سپییان بۆداخستی
تالەئابڕووی
سووری شەرمت دڵنیا بن
وای پێ دەچێت دوامەتافیش
وەک زەردەپەڕ
لەگەڵ شەرما ئاوا ببیت

-4-

ئەی ژنی هەمیشە پاییز
ئەی درەختی هەمیشە ڕووت
لەئاوێنەی چاوی پیاوا
ئەو پیاوانەی کەشەریکی ڕەشەبان و
لەووشکە وەرزی هەمیشە هەڵوەرینا
گەڵای زەردی ڕۆژەکانی
تەمەنت لێ ئەکەنەوە
ئەشیانەوێ گوڵیش بگری و
بەریش بگری و
بۆ هەمیشە ڕووتەڵیش بێ

ئەڵێن گوایە
ئەمە فەرماییشی خوایە
خوایەک لەودیو یاڵەکانی سروشتەوە
کلیلەکانی بەهەشت و دۆزەخ ئەدا
خوایەک لەتۆفانی لەزەت
خوایەک لەترۆپکی ڕەها
خوایەک لەپیاو .. پیاوێک لەخوا

-5-

شەوی دوێنێ خەوێکم دی
لەخەوم دا
بەزۆرینەی دەنگەکانی
پەڕلەمانی فریشتەکان
هەڵبژێردرام
بۆ پۆستە چۆڵەکەی خودا
ئەو شەوە ، پاش هەڵبژاردن
قەرارم دا .. دەزووەکانی
نێوان پەنجەکانی خۆم و
بوکە شوشەکانی قەدەر بپچڕێنم
تاکو ، ئەگەر
لەدەنگدانی داهاتووا
کەسێکی تر .. شتێکی تر
بوو بەخودا
تواناى نەبێ
یاری بەجوگرافیای لەش و
تەرازوەکەی بەخت بکا

## 2008

## ژنە ئاو

بوونی من بەخشینی تۆیە
ئەی ژنە ئاو
ئەی سەرچاوەکەی زیندەگی
لەسفری دروست بوونەوە
کۆژیانی سێ پەپوولە
یەکەم سێ وەرزی تەمەنم
لەزەمزەمی روحی تۆیا بەسەربردو
عەتری گوڵە گوشراوەکەی
هەناوی تۆم ئەخواردەوە
ئەو دەمانە من بەشێ بووم
لەگیانی ژن
گۆپکەیەکی نەرم و تەڕ بووم
لەگوڵزاری دڵنیایی و قەترەیەک بووم
لەئۆقیانوسێکی هێمن
ئەو دەمانە منێکی نێر
لەهێلانەی سۆزی مێ دا
زەڕنەقوتەی هەڵکوڕماوی
ژێر نەرمە بارانی خەو بووم
ئەو پەیامنێرێکی خوا بوو
بۆ سەر زەوی
منیش دیاریی روحی ئەو بووم
ئەو هەناسەکانی با بوو
منیش گوێچکەلەیەک لەسی

ئەو ڕووبارێ بوو لەشیرو
منیش دەمە ووردیلەکەی بێچووەماسی
ئەو قەدی درەختێکی بەردار
چنگی ڕەگی لەنێو سنگی خاکا مەتین
منیش هەر تارمایی چڵێ
خەیاڵی بووم پڕ لەگومان
ئەگەرێ بووم
لەمابەینی شەک و یەقین
لێم ببورە ئەی ژنە ئاو
ئەی فریشتەی میهرەبانم
ئێستە زانیم ، کەیەکەمجار
باخی گیانی تۆم بەجێ هێشت
لەبەرچی بوو ، زریکانم
لێم ببوورە ئەی ژنە ئاو
کەگەورەبووین ئێمەی مناڵ
کەبووین بەپیاو
سەرچاوەکەی بوونی خۆمان لەبیر کردو
بەخڕکەبەردی گەمژەیی
کانی روحی تۆمان لێڵ کرد
لەژێلەمۆی ژێر خۆڵەمێشی پیاوەتی
سەقەرێکمان بۆ داختی
لەبەدبەختی و غەدرو زوخاو
کەتۆ خۆت بەهەشتی میهری
ئەی ژنە ئاو

## 2008

## بەهای ڕەهایی

ئەی کیژە پێچراوەکانی نیو قوماتی
وولاتی بەفرو قەلەڕەش
پەردە کەڕوودارەکانی
سەر پەنجەرەی نیگا لادەن
ڕەنگاڵەکانی خۆرهەتاو
کەیفیان بەژووری نسرم و سیا نایەت
گەر شەوانەش چرای روحێ دانەگیرسێ
نەمۆتەکەی خەم لەسینە دائەبەزێ و
نەدڵ خورپەی پڕ تەلیسمی
عیشقی پیایەت
لەڕۆژهەڵات .. ئێمەی بچوک
پێ لەئاوە ڕژاوەکەی گەورە ئەنێین
بەدەست خۆمان نیە ، یارۆ
خود ، سەرووەری هەموومانەو
خود پەرستی لەهەر کوێ بێ
بەحوکمی کات
بەحوکمی شوێن .. ئێمەش لەوێین
گومان هاوڕێی ڕۆژەکانی سەفەرمانەو
متمانە ، پولی دانسقە
چۆن وانەبێ .. ئێمەو مانان
بەزەحمەت دێینە دنیاوەو گەورە ئەبین
وەلێ ئاسانیش ئەفەوتێین
دەورو بەرمان دەشتی مینرێژە بەیاساغ

هەر گەورەکان ، خودا ئاسا
دەرسی ڕەوشتمان دائەدەن
ئەوانیشن ، چەقۆ کولەی سزاو تاوان
لەسەر تاڵەمووی باریکی مل دائەنێن
ئەوی پێی وایە تاجی بەخت
بەدەستی ڕێکەوت و قەدەر
ئەنرێتە سەر
بەسەزمانەو خۆشخەیاڵێکی بێ خەبەر
کیژە ڕوومەت سوورەکانی
سەر تەنوری پشکۆ گەشی خۆشەویتی
ئێوە لەگڕ دروست بوون و
سەمای قژتان کڵپەی ئەوە
وەلێ حەیفێ
هەندێ ووشەی وەکو عیشق و
بزەی لێوە پەمییەکانی ژوان و
ناوی کۆترە تەتەریەکان
کەنامە نهێنیەکانی
خەباتی عیشق ئەگوێزنەوە
لەمانیفێستە کۆنەکەی گەورەکانا
لەزیندانی تەپ و تۆزاوی ئەرشیفا
لەژووری ئەشکەنجەدانا .. دارِزیون
بەڵام دانیان بەتاوانا نەهێناوە
تاکو ئەمڕۆش
ئەی پەپوولە نەشمیلەکانی دۆزەخی
ووڵاتی پیاو
پیاوی گەورە .. پیاوی نەخۆش
بەئەفسانەی ڕۆژە کۆنەکانی ئەشکەوت
پیاوی سەرمەست تاحاڵەتی ڕشانەوە

بەووەهمی هێزو ئایەتە شەیتانیەکان
ئەی چۆلەکە هەڵکوڕماوەکانی دڵم
من پێوەری ڕەهایی ژین
هەر بەفڕینی ئێوەدا ئەناسمەوە

2008

## دڕکێ لەنەسڵی گوڵەکانی وەفا

ئەو دەمەی هات
شۆڕەبیەکی ڕووت وقووتی
بێ گەڵا بوو
لەبەر دەم بارەشی حوزنا
وەک زەڕنەقوتەی بێلانە
مات و مەلوول هەڵکوڕما بوو
چرۆم بەچڵەکانی گرت و
پەڕی روحم کردە بەری
وەختێ کەڕۆی
بیابانێک لەحەسرەت و
قومێ ژەهری پەشیمانی و
سەقەرێکی بێ سێبەری
بۆ جێ هێشتم
ئەو دەمەی هات
نۆتەکانی پێکەنینی نەئەزانی و
ئارەزووشی

پیانۆیەکی تۆز لێ نیشتووی
بێ نەوا بوو
خۆم فێری حەیرانی قاقاو
مەقاماتی تریقەم کرد
وەختێ کەڕۆی
ئەشکەوتێکی لەبێدەنگی و
کەلاوەی عەرشێکی مەنگی و
قەڵایەکی لەدڵتەنگی
بۆ جێ هێشتم
ئەو دەمەی هات
وەک بەختی ڕەش
وەک عەبای قەقنەسی بەری
وەک قژی ئاڵۆزی سیا
ترێ ڕەشکەی چاوەکانی ، شەوی دەیجوور
هەر خەوی قەترانی ئەدی
بەپەپوولەو
بەڕەنگاڵەو گوڵم ناسان
پەلکەزێڕینەشم کردە
چەتری سەری
وەختێ کەڕۆی
لەکفنێکی ڕەشی نام و
جاجمێکی دابەسەرما
لەکلکی ئەسپێکی ڕەش و
گۆڕستانێ ڕەنگی ڕەشی
بۆ جێ هێشتم
ئەو دەمەی هات
سرک و نامۆ
هەر سێبەری خۆی ئەناسی و

**تەرەو تەنیاش**
**لە پەنجەرەی ئاوێنەیا**
**لەگەڵ ڕوخساری خۆی ئەدوا**
**کردم بە پاڵەوانێکی**
**چیرۆکە ئاپۆڕەکانی**
**شێرزاد حەسەن**
**ڕۆژی هەزار چاوی پەرۆش**
**بەنێو دێڕو پەڕەکانیا**
**ئەگەڕان و سەدان دڵیش**
**لەمۆمدانی نازی ئەوا ئەتوانەوە**
**وەختێ کەڕۆی**
**سەرابێکی لەگومان و**
**کێوە پووشێ لەتەنیایی و**
**تەم تومانێکی لەوەفا**
**بۆ جێ هێشتم**
**ئەو دەمەی هات**
**دوو جنۆکەی ترس وشەرم**
**لەسەر شانی ڕاست وچەپی**
**دانیشتبوون**
**بازنگەکانی دوودڵی و**
**پاوانەکانی ڕاڕەییش**
**وەک چاوەشانی دەسەڵات**
**سانسۆری لەنجەیان ئەکرد**
**کەلەبچەکانی نەریتم بۆ شکان و**
**بتە بێ ڕوخسارەکانی**
**وەهمی شەرمم بۆ ڕمان و**
**پەنجەرەی زیندانی هۆشیم**
**بەڕووی سەمای ڕەهابوونا**

بۆ کردەوە ، تاکو بفڕێ
وەختێ فڕی
زەرفێکی بەتاڵی نامەو
سنووقێکی پڕ لەهیچ و
بوخچەیەکی چۆڵ و هۆڵی
لەیادگاری .. بۆ جێ هێشتم

2008

بۆ هاتنەوەی تەرمی 150 ئەنفالکراوی گەرمیان

## پۆلێکی تر لەئەنفال

بەیانیت باش ئەی نیشتمان
ئەی خەوی ئەفسانەی ڕەهای
شەوی پڕ ئەسێرەی کشاو
لەئاسمانی سەر بیابانی غەدرەوە
بەرەو ناخی گەردوون
بەیانیت باش
ئەی باوەشی گەرمی ئەمەک
ئەی لەپی نەرمی بەزەیی
ئەی مەنبەعی ڕووباری سۆز
دەشتی بێ پایانی وەفا
بەیانیت باش

ئەوە دیسان پۆلێ مەلی گەرمیانی
لە جانتای سەفەری مەرگا گەڕانەوە
ئەوە دیسان دەستی یادگار
مشتێ خوێی کرد
بەسەر کۆنەزامی غەدرا
بەیانیت باش
ئەی پیری خنکاو لەگۆمی
مەنگی سەبرا .. بەیانیت باش
ئەی پەیکەرێک
لەتێڕامانی ووردوخاش
بەیانیت باش

2008

## دووری

دەست بەباڵی
شنەی شەماڵەوە ئەگرم
نەک لەناکاو
بڕیاری کۆچ بداو بفڕێ
کچێ ، خۆ من
شۆڕەبیەکەی غەریبی نیم
لەسەر گۆڕی عیشق تەنیا
بەجێم بێڵی
بۆ نازانی دڵی بەندە

لەپەڕەی گوڵ ناسکترەو
سانە بەدڕکی خەم بدرێ
بۆ نازانی ، بازاڕی ژان
لەم وەرزی ووشکەساڵیەدا
موشتەری لەمن باشتری
دەست ناکەوێ
هێشوە حەسرەتی لێ بکرێ
باوەشی سۆز
بۆ نەرمە بارانی ڕێکەوت
ئەگرمەوە .. ئاخر کچێ
من زەردە وەرزی پاییزێ
بەرێ ئەکەم ، وشک و برینگ
زۆر ئەترسێم بێ تۆی باران
لەگەڵ گەڵا زەردەکانی
ئەم عومرەیا
دوور لەنوری خۆری چاوی
تۆ هەڵوەرێم
ڕوو لەمیهری
تریفەی مانگەشەو ئەکەم
گیانە ئەویش
هەر لەڕوخساری تۆ ئەکاو
منیش لەشەوی غوربەتا
روحم کێوە بەفرینەیەو
گڕی دۆزەخی تەنیایی
تنۆک تنۆک .. ئەیکا بەئاو
پەناهەندەی
نیشتمانی ڕەحمەتی تۆم
ئەی شاژنی مەملەکەتی کامەرانی

دواخەوی بەر لەمەرگیشم
مافی مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەیی
کانیی دڵتە
ئاخر ، کچێ بۆ بەربانگی
کۆچەرێکی بیابانیی
چی خۆشترە
لەخەوی ژوانی کانی

2008

## گوڵە یاسەمین

پەنجە توتەت
بنێرە بان زامی دڵم
با نەزیفی پەرێشانییم
لەوە زیاتر لێ نەچۆڕێت
گیانە بێ تۆ وا خەریکە گیانی زەردم
وەک گەڵای دارێکی بێزار
هەڵئەوەرێت
گیانە بێ تۆ من ئەم ساڵم
هەر خەزانی جودایی بوو
ساڵێک لەهەر شتێک ئەچوو
تەنیا لەپەڕەی دەفتەری

عومرێکی ئاسایی نەبێت
ساڵێکی پڕ لەلێدانی
زەنگەکانی کەنیسەی دڵ
ساڵێکی پڕ لەپۆستەری
چاوەڕوانی .. بەدیار تەرمی
جەنگاوەرێکی نامۆوە
پاش دۆڕانی جەنگی بەخت
پیاوە خێرەومەندەکانی
شاری غوربەت
ئەیسپێرن بەدواهەمین
باوەشی گڵ
ئەم سەفەرەت زۆری خایاند
واهەست ئەکەم
لەشەوانی چاخە بەردینەوە تەنیام
تەنانەت شێوەشم شێوەی
نیاندەرتاڵی گرتووەو
ژوورەکەشم
هەر بەئەشکەوت دێتە بەرچاو
ئەی سپیدەی دوای سەدەیەک
شەوی یەڵدا
کەنگێ هەڵدێیت
ئەی گوڵشەنی بەهەشتی روح
ڕۆژی بەچەند ڕکات نوێژو
ساڵی بەچەند مانگی ڕۆژوو
بەردی دڵی خوا نەرم ئەبێ و
جارێکی تر وەک یاسەمین
لەسەر خاکی دڵم ئەڕوێیت

2008

## من و شەو

لەشەو پرسن
کێ وەکو من
بست بەستی ناخی پەستی
پشکنیوە
لەشەو پرسن
کێ وەکو من ، مات و شەرمن
لەتاڵی ئەگریجەی ڕەشی
دەیان فەرشی
بەپەنجە لەرزۆکەکانی
حەزی یاساغ ، بۆ چنیوە
لەشەو پرسن
کێ وەکو من
دڕکی چرکەکانی سەعات
دوو پەپوولەی دیدەکانی
بەئاسمانی ئومێدەوە
هێند پێکاوە
ئەی کێ لەمن
چکێ زیاتر .. چاوەڕوانی
بەدەم هەنیسکی ئاخەوە

نەخشەی وولاتێ
لەئەشکی بۆ کێشاوە
لەشەو پرسن
کێ وەکو من
لەژێر تاڤگەی سپی مانگ دا
لەشی ڕووتی ، پەیکەر ئاسا
هەڵخستووە
ئەی کێ وەک من
مێروولەکانی حەسرەت و
کرمە لووسەکانی گومان
لەسەر روحی
دەواری کۆچی ئەبەدی
حوزن و ماتەمیان خستووە
لەشەو پرسن
کێ وەکو من
بەتەنافی جیلوەداری ئەسەفەوە
دەیان خەونی ئاڵ و واڵای
مناڵانەی هەڵواسیوە
ئەی کێ وەک من
منی نامۆ
شەهابی کۆچی ئەستێرەی
کشاوی مەرگی ئازیزی
بەدوو چاوی خۆی بینیوە
لەشەو پرسن
کێ وەکو من ..

2008

## ئەگەر

لێیان پرسیم
ئەی عاشقە ڕیش چەرمووەکەی
کەللە نغرۆ بەنەشئەی مەی
لەم پاییزە پڕ گەردەلوولەی تەمەندا
چی لەباسی عیشقی ئەمڕۆکە تێ ئەگەی
گەر بەڕێکەوت بەخاوەنی بڕێ گوڵ بی
گوڵشەنی فیردۆسی دڵت
بەچ شەهرەزادێ ئەدەی
ووتم جارێ ، نەنگە ڕۆژگار
بەپێپیلکەی چەرخەکانا بێتەوە خوار
ئەگەر هاتیش ، ووەها چەپ دێ
کەسێ نابێ گوێیە شلکا
بۆ گۆرانیە بەسەر چووەکانی من و
خەوە ئەفسوناویەکانی میر شەهرەیار

2008

## یەک گوڵ و یەک دڵ

-1-

ئەو گوڵەی بێباکە لەوەی
چارەک .. سێ یەک
نیوە گوڵ بێ
بەگومانە لەبوونی خۆی
دیارە پێی وایە گوڵ نیە
ئەو دڵەی خۆشبەختە بەوەی
بەسەر چوارو سیان و دووا
لەوەرزێکا دابەش بکرێ
هەرچی دەعبایەکی تربێ
وەلێ تەنیا هەر دڵ نیە

-2-

هەندێ لەهەرزە پیاوەکان
ئەوەندە خەو
بەفریشتە جوانەکانی
نێو بەهەشتەوە ئەبینن
هەر بۆیە بەنیازن ، بەهەشت
بگوێزنەوە بۆ سەر زەوی

هەندێ ژنیش
ئەوەندە گڕ
دەستبازی لەگەڵا کردوون
ئەوەندەی کێشی پەپوولە پاییزەیەک
سڵ لەدۆزەخ ناکەنەوە

-3-

دونیایەکی سەیرە ، گوڵم
لەبێشەی شێر دەچێ ، هەوار
خودا ، یەک و پادشا ، یەک و
میحرابی پاڕانەوەش ، یەک
کۆشکی ئەفسوناوی خەو ، یەک
شۆڕەسواری ڕمبازێنی نیوەشەو ، یەک
پەیکەرە گەوزاوەکانی
جێگە خەو ، چوار

-4-

ئەی فریشتە گەنم ڕەنگ و
بێ باڵەکانی سەرزەوی
لەچ دوڕیانێکی وەختا
میهرەبانە بەخشندەکەی
حەوتەمین نهۆمی ئاسمان
ئێوەی فڕێدایە خوارێ
سەعاتەکەی مەچەکی ئەو خەواڵو بوو
یاخو ئێوە

لەگەڵ پیاوە مەزنەکانی ئەهلی کەهفا
سەرخەوێکتان بۆ شکاندو
ئەوجا هاتن .. بەرو شارێ

-5-

عیشق ، تەسبیح نیە یاشێخ
بۆ دەستبازی ، هەمەجۆر بێ
عیشق سوفرەی جومعەی سواڵ و
دیاریە هەمەڕەنگەکانی
دواشەوی پێش سەری ساڵ و
پەریەکانی بەرئاوێنەی
شنەی نەرمی بای خەیاڵ و
بێستانی پڕ میوەهاتی بەهەشت نیە
بەکەیفی خۆت
دەستی نەوسنی تیابگێڕی
لێرەو لەوێ ، عیشق مەلێکی ئازادەو
بۆ فڕین .. دوو باڵی دەوێ

-6-

لەوەتەی هەن ، ئێوەی نازدار
ئێوەی کوڕی خواوەندەکان
ئێوەی یاری تەمام عەییار
ئێوەی نەسلی حەیا پارێز
ئێوەی سالار
ئێوەی کۆنە هەڵۆی شاخ و

تازە هاروونەکانی شار
ئێوەی ناودارانی وەتەن
لەبەردەم حەزرەتی پول و
شێخ جەنابی توڕڕەهاتا
وەکو مەیتەرێکی عەییار
لەناڵ و بزماریش ئەدەن

2008

## یاسای شەونامەگەری

قەڵەم ووتی ، بۆ لەمەو دوا
پەنجەکانی دەستی ڕاستت
مەئاڵێنە لەکەمەرم
نەکا ڕەقیبێکی چاو زەق
بمانبینێ و واتێ بگات
زەمی داب و نەریت ئەکەین
یان بوخچەی نهێنی وولات ئەکەینەوە
کاغەز ووتی
توچاوی ئازیزەکانتان لێم گەڕێن و
هێندە ڕەشم مەکەنەوە
ئەڵێن گوایە بۆ لەمەولا
هەر کاغەزێ نوقتەیەکی ڕەشی تیابێ
تاوانبارەو ڕەنگە بیدەن لەسێ دارە

چاویلکەکەم قریشکانی
دە فڕێمدە
چاوت کەهێندە بێ تینە
قەیدی چیە .. شەوی زیندان
چ پێویستی بەبینینە

2009

**هانــا**

درەختێکی پەل شکاوی
تێرە بارانی غوربەتم
چۆڕ چۆڕ خەمم لەبەر دەڕوا
گومان ، وەک خاکێکی کلۆڵ
سەراپا داگیری کردووم
دەترسم پێش
شەستە وەستان و ژوانی جارێکی کەی
چاوەشینەکانی ئاسمان
ببم بەدەشتێکی دێم و
لیمۆیەکی ووشکی گوشراو
بەرێکەوتیش دلۆپێکی
ترشی سۆزم لێ نەچۆڕێ
بەهانام بێ .. بوکی دەریا
ئەم ئۆقیانووسی حەسرەتە

فرە سوێرەو من لەمێژە
تامی ماچێکی سازگاری
لێوی کانیم نەکردووە
بەهانام بێ .. پەریی خەیاڵ
نیگام نغرۆی سەرابێکە
مانگ بەڕەقیبی زیندانی شەو دەزانێ و
باران بەووردە بزماری لەخاچدانم
دەریاش بەسەحرایەکی شێت
چ خەمستانێکە گوڵم
مەزاری ئەم ژینە ، بێ تۆ
یەکەم جارە
چاو لەچرکە قورسەکانی کات دەپۆشم
زۆر پەرۆشم زوو بەسەرچن
یەکەم جارە
گوێ بەزەردەی تەمەن نادەم
کەی و لەکوێ ئاوا دەبێ
من زەنگیانەکای ئەمڕۆم لێ وون بوون و
گەڵا زەردەکانی فرسەت
دام دەپۆشن
دەڵێی باڕەشی ئەم دەهرە
هەر بۆ ناخی من هەڵدەکاو
پوشی روحێکی مەئیوسی کە ناناسێ
ئاخ لەچڵە دڕکاویەکەی ئەم قەدەرە
زۆر دەترسم
قەترەیەک خوێنی تەتەریم تیانەمێنێ
تا دواهەمین نامەی عیشقی
پێش دواهەمین هەڵفڕینی

چۆلەکە هەڵکوڕماوەکەی سەردرەختی
ئەم جەستەیەی ، پێ بنووسم
بیرت دەکەم .. ئەی گوڵەباخ
بەهانام بێ

2008
**هەواری شار**

کەمرواری
فرمێسکەکانی ئەم دەهرە
بەشی ملوانکەیەک نەکا
بۆ ملی شاژنی جوانی پێکەنینێ
کەکۆڕەوی پۆلەمەلە کۆچەریەکان
نەگەن بەگوڵزاری ئۆخەیی
جێ ژوانی هیچ ئەوینێ ..
یان شەهیدی
یاسمانی بێ تانو پۆ بن
یان لەئۆقیانووسی یادا
نغرۆ بن
نوقڵەکانی شەوی بەرات
بەراتی پاش دەهرێ لەخوێن
کەهەر بەشی

گیرفانە قوڵ قوڵەکانی
پیاوە شکۆدارەکانی ووڵات بکات
ئەو کەسانەی هەر بەدووربین
هاوسەنگەری پەروانە سوتاوەکانی
دەوری چرای دەهری خوێنن
ئیتر مانای هاوزمانی
گوڵ و جەخار ئەبێ چی بێ
ئیتر خۆزگە بەئاییندەی
هەواری شار ئەبێ چی بێ

2008

## غەدری قەدەر !!

چ پێرەدارێکی زرە ئەم قەدەرە
لەهەورێکی ئەرخەوانیی ئاوس ئەچین
عەیامێکە
بارانی خوێن ئەپرژێنین بەسەر خاکاو
ئەو بێ میهرەش
غەمزەیەکی پڕ عیشوەمان تێ ناگرێ
عەیامێکە
خۆڵەمێشی گیان ئەبەخشین بەڕەشەباو
ئەو سەرکەشەش
لەڕازێکی نێو بوخچەکەی ناخی پڕمان

گوێ ناگرێ
هەزار نەفرەت
لەهەردوو تاشەبەردەکەی
دەستاڕی بەخت
عەیامێکە ، ئەوەی ئەیکەین
تاشینی پەیکەرە ، لەخەو
گەڕانێکە
بەشوێن مورووەکانی عیشقا
لەنێو بیابانا .. بەشەو
عەیامێکە ، ئەوەی ئەیکەین
گۆڕینەوەی شمشێرە دوو فاقەکانە
بەخەنجەرو
سەرابە بێ ڕەنگەکانە بەسێبەری
پیرەدارێکی بێ بەرو
زیندانە دەیجورەکانە ، بەنیشتیمان
عەیامێکە
هیچی ترمان پێ نەڕەخسا
غەیری وەرگێڕانی دەقی
کتێبە پیرۆزەکانی غەدر نەبێ
لەزمانی خواوەندەوە بۆ کورد زمان
عەیامێکە
دڕکەکانی جەهەنەمی خوا ئەگۆڕین
بەدڕکۆڵە نەرمەکانی
بەهەشتی پڕ میهری خۆمان
کەهەردووکیان مەستی بادەی دڵ و پەنجەن
عەیامێکە ، لەسەنگەردایین
دژ بەمناڵانی هاوسێ ، لەسەر ئەوەی

داری فەللاقەکردنمان لەدارگوێز بێ
نەک لەدار زەیتونەکانی باخی عەدەن
وەلێ ئاواش لێ ناگەڕێن
وەسێتنامەی پێش فەنابوون
بەزمانی شیرینی کەو بنوسین و
بەشێوەزاری کوێستانیش
دادەین تەڵقینی چارەنووس
قەدەر ، لەغەدری تۆ ئەفسووس

2008

## عیشق و تەمەن

چ غەدرێکە
ئێمە لەو دڵانەی ئەکەین
کەدەهرێکیان وەک کڵێسە
لەلێدانی زەنگی میهرا
بەسەربردو .. ژیانێکیان
پڕ لەگەنمی بەخشندەیی و
گوڵەکانی بەرەکەت کرد
چ غەدرێکە ئێمە لەو چاوانەی ئەکەین
لەقرچەقرچی تەنووری تەمەنیکا
چاوەڕوانی ، کردوونی بەجووتێ پشکۆو
تاکو ئەمڕۆش

نەرمترین شەماڵی ڕێکەوتی ئومێد
ئەیانخاتە جۆش و خرۆش
چ غەدرێکە لەمیحرابی روحی ئەکەین
کەقردێلە زەردو سوورەکانی عیشق
هەر بەتاڵە ڕەشەکانی
قژی تەمەن ڕائەبینین
وەکو سەرپۆشە سپییەکەی پرچی ژیان
ئاڵای خۆ بەدەستەوەدانی
جەنگاوەرێکی شەکەت بێ
ئێمە فێڵ لەخۆمان ئەکەین
ئەگەر نا ، بۆ
لەگەڵ هەر چرپە ڕازێکا
بروسکەی خورپەیەک دڵمان ئەهەژێنێ و
لەهەوری گوشراوی دیدەش
نەرمە وەشتی پەشیمانی ئەبارێنین
ئێمە بێ شک لەبیردۆزی
کامەرانی تێ نەگەیشتوین
ئەگەرنا ، بۆ
لەگەڵ هەر سرکە نازێکا
کەختوکەی کەمەر ئەیات ، بەنهێنی
دەیان جار ئایەتی کورسی
دژ بەچاوی پیس ئەخوێنین
وای پێ ئەچێ
ئێمە تەنیا توێکڵەکانی چێژ بناسین
وای پێ ئەچێ
ڕەدوکەوتووی خەیاڵێکی ساویلکە بین
بۆیە هەر بۆن و بەرامی

سێوەکانی خەو هەڵئەگرین
ئەگەرنا ، بۆ
شۆڕەشوارەکانی ئەوین
هەر بەحیلەی ئەسپەکانیان
هەڵئەبژێرین

## نامەکانی یەکی مەی
## -1994-

ئەگەر هەموو ڕووبارەکان بچنە سەریەک
ئاخۆ ئەبێ سەمای شەپۆل
چەن بەگوڕ بێ
ئەگەر هەموو هەورەکانیش ببن بەیەک
ئاخۆ ئەبێ لێزمە باران
چەن بەخوڕ بێ
ئەگەر هەموو درەختەکان
ببنە یەک درەختی مەزن
ئاخۆ چ تەورێ ئەتوانی بیبڕێتەوە
ئەگەر هەموو دەستە زبرو
ماندووەکانیش ببنە یەک دەست
کام کەلەبچە بەرگە ئەگرێ نەپچڕێت و
کام سنوورە بەرگە ئەگرێ ، نەسڕێتەوە

-1998-

لەو دیوی ڕەنگەکانەوە
ئەتانبینم
یەک زەمینی بەخەم تەنراو
نیشتیمانی هەموومانە
لەو دیوی دەنگەکانەوە
گوێم لەهاواری ناختانە
بەهارمۆنی
یەک سروودی نارەزایی ئەڵێنەوە
یەک پەڕەی سووری مەینەتییش
مێژوومانە

-2008-

ساڵی یەک ڕۆژ
هەموو هەورەکانی ئاسمان
ڕەنگێ ئەگرن
لەڕەنگی سورباوی پێکی
ئێوارەیەک
کەسەرلێوە لەشەرابی ماندوویێتی و
بەئومێدی سپیدەیەک
روون و بێ گەرد ، بێ خەمی نان
سپیدەیەک ، شایستەبێ
بەمانای پیرۆزی ژیان
ساڵی یەک ڕۆژ ، شنەباکان

**باڵەکانیان لێک گیر ئەکەن**

**بۆ پرۆژەی گەردەلولێ**

**گەر ئەو ڕۆژە درێژەی بێ**

**با ، کەفیلە بەگۆڕنانی**

**عەرشی یەکجار زەبەلاحی**

**جەخارستان**

**ساڵی یەک ڕۆژ**

**خواوەندەکانی سەر زەوی**

**پاسەوانە فریشتەکانی مەلەکوت**

**بەشمشێرو قەڵغانەوە**

**بەرئەدەنە گیانی شەقام**

**وەک ئەو ڕۆژە ، لەتەقویمی**

**چاخی بەردا**

**ڕۆژی حەشرو قیامەت بێ**

**دوا سەر ئەنجام**

-2009-

**ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ**

**ڕۆژی تۆ بن**

**ئەمڕۆ تەنیا ڕۆژی منە**

**ئەی گابەردی بێ هەست و هۆش**

**تۆ ناتوانی ڕێم پێ بگری**

**من شەپۆلی بەرزی دەریام**

**ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ**

**تۆ شاهەنشای عەرشی بوون بێ**

**ئەمڕۆ من ڕابەری دنیام**

**ئەی گێژەڵۆکەی چاوچنۆک**

تۆ ناتوانی تاکو ئەزەل
چاوم بەخۆڵ بۆ بڕێژی
ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
تۆ خودا بی
ئەمڕۆ من خالقی تەنیام
ئەی کەلەبچەی جەورو ستەم
ئاڵتوونی سەد عەیاریش بی
ئەتپچڕێنم
ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
تۆ قەلا بی
ئەمڕۆ مارشی ملیۆنەهام

2008

## بۆ کادرێکی عەیار

کێوە بەفرێکت لەدرۆ
لەسەر سنگم هەڵچنیوەو
چاوەڕێی ، باوەڕت پێبکەم
نەخێر یارۆ
من لەژێر هەتاوی دەهرا
سەرم سپی نەکردووەو
لەم سەفەرە درێژەما
سەدان دۆنکیشۆتی وەک تۆ
هاتوونەتە قەراخ ڕێگەم

چەمێکت لەسەیلی مەکریش
لەباوەشما هەڵڕشتووەو
گوایە ئەشکی وەفایە بۆم
نەخێر یارۆ
من لەزومرەی ئەهلی کەهف و
نوستووەکانی خێڵەکەت نیم
گورزی خۆرم هەر لەدرزی
ئەشکەوتەکەی تۆوە دیبێ و
گیانم لەگۆمە لێڵەکەی
خەوتا بشۆم
جاجمێکت بۆ چنیوم لەدەزوولەی
جاڵجاڵۆکە سوورەکانی
قوژبنی چاو
پێیشی ئەڵێی ، فەرشی غەزەل
نەخێر یارۆ
دڵم خۆی بەردی گڕکانەو
بەدەست جەوری زەمانەوە
ڕەنگی ترسی بیرچۆتەوە
بێ خەمیشە لەبای ئەجەل
بەچرپەی مودەعی نازیش
جاربەجارێ ئەمدوێنی
وەک ئەوەی نەسلی پەپوولە
پایزانەی دەشتەکی بم
ساویلکانە ، دڵ بەچراو
روح سپاردەی دەستی با کەم
نەخێر یارۆ
من وەکو تۆ

چاوەڕێی چکلێتی سودو
نوقڵەکانی ئافەرین نیم
لەئاغاکەم
بێباکیشم لەبریسکەی
ئەستێرەکانی شوهرەت و
گوێ نادەم بەزەمی بارەش
سواڵی شاباشی بەزەییش
لەدەمی هیچ تەورێ ناکەم

2008

## سێ خەوی باو

(دایکم)

هەموو شەوێ
بەئەسپایی..دێتە خەوم
ئەڵێ نەبا فریشتەیەک مێوانی بێ و
باسی ڕووبارە هەنگوین و
جۆگەلە شەرابەکان و
حۆریە کەمەر تەنگەکانی
باخە ڕەنگاو ڕەنگەکانی فیردۆس بکەن
کەئەم بینێ هەر بەتەنیام
لەژێر کەپری برژانگیەوە .. دەنک دەنک

بەرسیلە فرمێسک خەمی لێ ئەبارێ
بۆ قژی ئاڵۆزی بەختم
کەلەم زستانی عومرەیا
چەند درێژو قەترانیە

(باوکم)

زۆر ئەترسم بەدەم زیکری وەنەوزەوە
شنەی سەرخەو بمباتەوە
بۆ سوچێکی خانەقاکەی
نەک لەحزور دەروێشە جوامێرەکانیا
ئەوانەی نێر
بەنوێنەری خوا ئەزانن لەسەر زەوی و
مێ بەبێ عەقڵێکی پەتی
بمکات بەعیبرەی پیاوەتی
ئەویش ئەمەی لەخوا ئەوێ
تاکو دڕکی چاوی ڕەقیب لەدرزەکانی ئاوێنەی
روحی قرنجاوی منا بقرتێنێ
بۆیە منیش هەموو شەوێ
زۆر ئەترسم ، شنەی خەوێ
هەنگی چاوم لەخشتەباو
ئەویش ئەمەی لەخوا ئەوێ

## (خوشكم)

فرسەت لەكوێریی شەو دێنێ و
بەترسەوە دێتە خەوم
شوڕەبییەکەی ژێر شەستەبارانی ورزی
غەدرو ستەم
پریاسکەیەک لەنهێنی لەکۆڵدایەو
کوپە شەرابێکی کۆنیش
ڕازو نیاز ..
سەرپۆشێکیش لەداوی باریکی درۆی
جاڵجاڵۆکەکانی نەریت
ڕێی شەماڵی لەکەروێشکەی
دەشتی ئەگریجەی گرتووەو
گەلەگورگێ چاوی زەقیش بەدوایەوەن
زۆر ئەترسم بەختی ئەویش
وەکو بەختی پەپوولە سوتاوەکانی
دەووری چرای عیشقی لێبیت

2008

## کەرکوک

## کچی خۆرو گەرمەسێری بێزار

کچە کۆچەرێکی ئەسمەری چاو خەنەیی
بۆن ئارەقەی بن باخەڵ و جۆگەی سنگی
تێکەڵ بەتۆزو خۆڵی دەشت
لەژێر تاڤگەی گڕچڕێنی خۆرەتاوا
بەلفکە زبرەکەی قەدەر
عەیامێکە
چلکی دەهرێک لەبەدبەختی ئەخوسێنێ و
ناگاتە بێخی بێگەردی ماکی کەسەر
کچە کۆچەرێکی ئەسمەری قژ بارەشیی
بەکێشی پوشێ ، متمانە
بە سرووەبای بەڵێن ناکا
شۆڕەبییەکەی ئومێدیشی
هەر گزگلی گومان ئەگرێ و چقڵی ئازار
زۆرن ئەو عیشقبازانەی بەر لەژوان
لەتاڵی ئاوریشمی وەفا
فەرشی کەشمیریان ئەچنی
بۆ عیشقی ئەو .. وەلێ ئەمڕۆ
ئەیدەنە دەست میهری جەخار
زۆرتریشن ئەو ڕەقیبانەی کەدوێنێ
میوانی زادو نمەکی دەستی ئەو بوون
وەلێ ئەمڕۆ بوونە گورگ و

کەڵبە لەو دەستە گیر ئەکەن
ڕەنوی بەفری هەرەسیانی ڕائەماڵی و
گەڵا زەردە دۆڕاوەکانی پاییزی بۆ ئەکردن
بەفوستانە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەهار
کچە کۆچەرێکی ئەسمەری لێو هەناری
جێ سەرنجی ڕێگرە چاوزەقەکانی ڕێی کانیەو
ئاسکەلەنجەی ساتمە ناکات
پیاوە شەرواڵ پیسەکانی سیاسەتیش
ئەوانەی بێ شەرم و حەیا
خەو بەسێوەکانی سنگی و
یاڵەکانی ژێر کەمەری و
ماسیە سورەکانی پوزی و شانەهەنگی
وروژاوی مناڵدانیەوە ئەبینن
بەخەیاڵی زبڵدانەکەی کەللەیان
ئەو کەنیزەی بەجێماوی جەنگە پیرۆزەکانیانەو
ئەبێ وەک بارانی لەزەت
بەسەر جەستەیانا داکات
کچە کۆچەرێکی ئەسمەری گەردن بەخاڵ
دڵی بورکانێکە لەخەم
کانیی ناخی پڕ لەیاقووت
پیاوە ناودارەکانی خێڵ
ئەیکەن بەمستیلەو گوارە
بۆ خانمە نازدارەکانی عەشرەت و
بۆ خودی خۆی
بووە بەگەردانەیەکی گران بەها لەسێدارە
کچە کۆچەرێکی ئەسمەری روح پەپوولە
بەدیار چرا ئەبەدیەکەی

ناخی بابەگوڕگوڕەوە
عەیامێکە چاو لەڕێیە
بەڵکو ، ڕێکەوت مەمێکی شەنگ
بەسەر ئەسپێکی سپیەوە
بەوناوەدا تێپەڕێت و
لەمێردمناڵێ بپرسێ
ئەم فریشتە ئاسمانیە کچی کێیە
کچە کۆچەرێکی ئەسمەری باڵا چنار
دەستەخوشکی ، مانگەشەوەو
باوکی ، خۆرەو
دایکی ، گەرمەسێری بێزار

2008

## پرسێ لەخوا !!

چاوم لەبینینی سیمای
فریشتەکان ، زۆر بێزارە
هەموو ڕۆژێ وەکو زریان
بەسەرسەرما دائەبارێن
هەر قارچکی ژەهراویی خەم
لەسەر سنگی نیشتیمانیش
هەڵئەتۆقێ

ئەی تۆفانی شێتی مێژوو
پارچە ووردو خاشەکانی
چارەنووسم بۆ کوێ ئەبەی
ئەم هەموو نوێنەری خوایە
لەکام هەسارەوە هاتن
ئەم هەموو میهرو ئیحسانەش
بەتەرازووی کام عەدالەت
گوێم لەچرپە نەرمەکانی
خۆشەویستی ، زۆر بێزارە
ئەڵێی شنەی ئێوارانی گەلاوێژن
تکای سورێ سەمای تانگۆ
لەروحی بەدمەستم ئەکەن
دڵیشم بەخورپەی بەڵێن
ڕائەژێنن
گەندەمووی سەر زامەکانیش
چونکە ڕاستگۆن
سروەی گومان
کەروێشکەیان پێ ئەکات و
بەهەناسە غەریبەکان ڕائەچڵەکێن
ئاخر کەمن بەرێکەوتیش
قاشە سێوێکی خۆشبەختیم
لەدەستی نەیاری عەیار نەبینیبێ
چۆن یاسەمینی متمانە لەبەرۆکی
کچە دراوسێیەک بدەم
ئەی پەیکەرە
بێ دەنگەکانی نیشتیمان
چاورێی نەفخی پیرۆزی

کام ساحیرەن
ژیان بەبەرتانا بکاو
ناونیشانتان
لەسەر لەوحە مەحفوزەکەی
کون فەیەکوون ، هەڵبکۆڵێ
ئەی غەریبانی قەفەسی
یەک پەرستگا
ئێوەش لەگشت خەڵوەتێکی
زیکرو نوێژا ، بیرتان نەچێ
بەشای عەرشی گەورە بڵێن
گەر هەموومان
نەسلی هەمان دایک و باوکین
سورەتی سووری ئەنفالت
بۆ دابەزان

2008

**وشکەساڵی**

ئەمساڵ گەنم کورتە باڵاو
گوێزەکانی مایە .. پوچەڵ
ڕەزی ڕەنجیش
هەر بەرسیلەی تاڵی ئەگرت

گوڵ بێ ڕەنگ و
دەشتی چاوەڕوانی ، ڕوتەڵ
ئەمساڵ هەور
لەتەسبیحە پچڕاوەکەی سۆفی ئەچوو
دەنکەکانی پەرش و بڵاو
نەیەکتریان لەباوەش گرت
بۆ زەماوەندی شەستەیەک
نەبۆ ڕێبوارە ماندووەکان
کە پرێکی سێبەریان هەبوو
ئەمساڵ شانە هەنگی خەیاڵ
سنوقێ بوو لە پێستی روح
روحێکی دوور لەبەخشینی میهرەبان و
دەست و پەنجەی پەریەکانی
روحێکی بێ دەنگی بەتاڵ
ئەمساڵ شەماڵ
نەحەیرانی بۆ ووتین و نەدڵۆپێ
لەعارەقەی گەرمی شەرمی بۆ سڕین و
نەدێڕێکی لەنامە پڕ نەفرەتەکان
گەیانە بەر پەرژینەکەی
کۆشکی والی .. ئەمساڵ ئەویش
هیچ شتێکی دیکە نەبوو
غەیری خۆڵەمێش و دوکەڵ
بۆ شاردنەوەی
تەرمی نیشتیمانی چنراو
لەزەنگیانە لوسەکانی
کرمی گەندەڵ

2008-12-24

## نامەیەک بۆ مەسیح

کوڕە بەنازەکەی مریەم
لەم ئێوارە پیرۆزەدا
ئەگەر تۆش لێرە بویتایە
چ ئامۆژگاریەکت ئەدا
بەشۆڕەبیە مێیەکانی
دارستانەکەی ڕۆژهەڵات
کەکوڵمی ڕاستی زۆربەیان
تابلۆیەکی سوریالیەو
نیگاری پێنج قامکی نێریان لەسەر نەخشە
یان ئەگەر سوتماکی ژنێکی عەنەبیت بدیبایە
توانات ئەبوو
هەناسە دزراوەکانی بدەیتەوەو
کۆرپەکەی باوەشی خاوەر
بخەیتەوە سەر گڕوگاڵ
ئەگەر تۆش لێرە بویتایە
سەرەداوی سۆراخێکی
کیژە گەنم ڕەنگەکانی
گەرمیانت نیشان ئەداین
ئەی ئەوتوانی هەر هیچ نەبێ
میلی سەعاتەکەی زەمەن
لە 15ی 3ی 88 دا بوەستێنی

11/12/2008

## عومری حەبیبەکەی من

هەموو سالێک وەکو ئەمڕۆ
پەرییەکی گەنم ڕەنگی
کەمێ گۆشتن ، کەمەر تەنگی
چاو قاوەیی گەردن بەخاڵ
ناسکتر لەپەڕەی گوڵ و
فێنکتر لەشنەی شەماڵ
ئاسمانی پڕ نیعمەتی خوا
بەجێ دێلێ و ئەفڕێ و ئەفڕێ
تائەگاتە کوخە بچکۆلەکەی دڵم
لەم ڕۆژەدا ، منیش لەوێ
تەنیا یەک مۆمێ خنجیلەی بۆ هەڵئەکەم
چونکە لای من ، هەموو کاتێ
عومری ئەو هەر یەک ساڵ ئەبێ

## (سالیادی ڕۆژی ئەوین)
## فالانتاین

لەم ڕۆژەدا ، گیانەکەم
چیت پێ بدەم بەدیاری
چەپکێ گوڵی هەمەڕەنگ
ملوانکەیەک لەشیعر
چرپەیەکەی دڵداری
شوشە عەترێ لەکانیی هەناوە تواوەکەم
یاخود هەموو ئەمانەو تینی هەردوو چاوەکەم
ئەوەندەی ئەرزو ئاسمان دووری نێوان ئێمە بێ
تەنیا چاوت لەیەکنێ
کەپێویستت پێم ئەبێ
بەسەر باڵی شەمالا
لەهەر کوێ بی دێمەوێ
مناڵدوانەکەی روحم
نیان ترین گوڵەمێ

2008

## شاری جوانی

ئەڵێم وا چاکە ئەمجارە
کوورە زەردەواڵەی سەرم
لەنێو بوخچەی سەفەر نێم و
بڕۆم ئەم شارە جێ بێڵم
ئەدی بۆ نا
گەلا ئارەقی بێزاریی لێ ئەچۆڕێ و
گوڵ شەرابی شەرمەزاری
ئەو خەراباتەی پێی ئەڵێن
شاری جوانیش
لەمەیخانەی هەوەس ئەچێ و
سێرکی گاڵتەوگەپ و یاری
جوانی پەرستانی نێوی
سەرقاڵی تاشینی ووشەو
بەبادانی پوشەکانی ناوەڕۆک و
ختوکەدانی پەیکەرن
زۆرێک لەشوێن
تۆزی سێبەریان گرتووەو
ڕەنگی سەراب
زۆرێک لەکات
لەشەوانی بێ ئەستێرەی
عەدەم ئەچن
دڵیش عەمبارێکی پڕە

لەخەرمانی وەرزی عیتاب
لەم شارەیا
ژمارەی ئاوێنەکان و شانەکان و
مووکێشەکان .. هێندە زۆرن
بەئەندازەی ڕوخسارەکان
کەسێ زولفی ئاڵۆزکاوی
خەمەکانی کەسێکی تر شانە ناکاو
کەسێ تەنیا یەک گەندەمووی
سەر برینی کەسێکی تر هەڵناکەنێ
بەڕێکەوتیش ، کەسێ سەیری
وێنەی کەسێکی تر ناکا
هەموو تەنیا خود ئەبینن
هەر خودێکیش .. خۆی بەمیری
مەملەکەتی عیشق ئەزانێ و
شاجوانەکەی عەرشی زەمین
ئەوەی بزرە لەم نیگارە
بۆن و بەرامی مێخەکی حەقیقەتەو
پەلکەزێڕینەکەی جوانی
دەروازەکەی سیحری ئەوین

6.8.2008

## ڕۆژی لەدایک بوونم

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە
پەردە پرتەقاڵیەکانی
دواهەمین ڕۆژێکی تری
ساڵێکی کەی
عومرێکی چە پەرم لادا
چە پەر لەئاوەدانی روح
چە پەر لەدەسکەنەی گەنمی
بەفرمێسک ئاودراوی ڕەنجی خەسار
چە پەر لەبۆن و بەرامی
خەوە وەنەوشەییەکانی مناڵێتی و
ئارەقەی ئەسپە شێتەکەی
دەشتی لاوی
چە پەر لەهەر چرپە ڕازێ
بەنهێنی کەدابێتم
ڕۆژێ بەگوێی مانگەشەودا
کەچی ئەڵێی
شە پۆلە لاسارەکانی روحی دەریام
دەمێ تورەو سەرکەش هار
ئەدرێم بەگابەردی ڕۆخا و
پەلێکم ئەبێ بەهەزار
دەمێ مەنگ و مەست و بێدار
ئەبرێم بەرەو چەقی وون بوون

دەنوم وەک کەشتیەکی نغرۆی
لەبنی عەدەما جێماو
بەهارانێ
ئەبم بەسەرچۆپی کێشی گەریانی با و
پاییزانێ
ئەبم بەگاوانی چۆپیی کۆچی گەڵاو
بەڵام ئەی ژین
تادوا چریکەی مەلی دڵ
تادوا شنەی لەسنگدا ماو
عاشقێکی عیشق زادەم
لەتاڵێکی قژی زەردی پەریی دەریا
دەست بەر نادەم

2009

**(دوو ڕوانگە)**

**ژیان**

ئاوێنەکان ، هەموو کاتێ
کانیلەی ڕوونی وێنە نین
نهێنی بوون لەوەدایە
بەچ چاوێ
سەیری تابلۆی ژیان ئەکەی
چاوێ کەنیوە پەرداخی
بوون و نەبوون چۆڵ ئەبینێ

یان هێندە شەرابی بەختی
تێدایە بۆ قومێکی تر
قومێکی پڕ نەشئەی ئومێد
بەگەورەیی خواوەندی هێز
هێزی دڵێ
تابواری ترپەی هەبێ
مل لەچەقۆی مردن ئەسوێ و
بەنینۆکە سورەکانی چنگی قەدەر
ختوکەی دێ
بەسەزمانن ، ئەوانەی خۆر
هەر لەسفری بەیانەوە
بەبێژنگی حوزن ئەبێژن
بەسەزمانن ، ئەوانەی بۆ
کۆچی پوشێ لەپاییزدا
وەک ئەوەی ئەم تەرحە شەرحی
قیامەت بێ
دوا تۆفانی ئەشک ئەڕێژن

## مەرگ

ئەو دەمانەی
قەلەڕەشکەی ئەگەری مەرگ
لەبن گوێما هەڵ ئەنیشێ و
نەغمە پڕ نەشازەکانی عەدەم ئەچڕێ

هەست پێم ئەڵێ
ئەشێ چریکەی کەوێ بێ
ساچمە وێڵەکانی ڕاوچی
زەفەریان پێ نەبردووە و
مەستە بەنەشئەی شەرابی سەرفرازی
هۆش پێم ئەڵێ
باخچە هەڵواسراوەکانی کامەرانی
بەچۆڕاوی ئارەقەی سڵ
ئاو نادرێن
شلبوونەوەی پشتێنی کەمەری خولیاش
لەجەنگی بوون و نەبوونا
بەهترین دیاریە ئەدرێ
بەفریشتە جەردەکانی
دۆزەخێ لەوەهم و سەراب
روح پێم ئەڵێ
بوکەشوشەی بەکارهاتووی ژوورەکەت نیم
تۆ وەک منالێکی گرۆز
کەتێر بووی لێم
لەگەڵ پوشی دەم شەماڵی ئارەزووتا
بەدەردەکەی شەنم بەری
تەمەن دیاری سروشتێکی بەخشندەیە
نەک خەیاڵێکی سەفەری

## 2008

## ڕاناو

**هەر پەڕەیەک**
**لەدەفتەرە سیخناخەکەی**
**ئەم تەمەنەم هەڵدەیتەوە**
**لەسوچێک و قوژبنێک و**
**لە پشت یاڵی بەیانێکا**
**ئەی خۆرهەتاو**
**ئۆغریشت گەر کردبێ**
**لەدێڕێکا**
**لەناوەندی دوو کەوانی داخراوا**
**دوای هەناسە هەڵکێشانێکی فاریزەو**
**لەفەرهەنگی لێکدانەوەی ووشەکانا**
**وەک ڕاناوی کەسی دووەم**
**دووەمی تاک**
**بێ گومانم ، هەر دێیتەوە.**

2009

## نەرمە ماچ

پەیکەرێ بووم
لەبەردی ڕەق
بێ زمان و بێ چاوو گوێ
ئەوەی روحی کرد بەبەرماو
یەکەم دەرسی عیشقی پێدام
نەرمە وەشتی ماچی مێ بوو
گیانە ئیتر من چۆن نەبم
بەکۆیلەی مێ
بەلاّم ئەی بارانی ڕەحمەت
لەوشکێتیم زویر نەبی
چونکە من وەک بیابانم
هیچی ترم نیە زیاتر
لەدڕک و خوێ
گیانە ئیتر چۆن تینوێتیم
بەنەرمە ماچێکت ئەشکێ
ئەگەر هاتیت
ئەمجارەیان وەک ڕهێڵەو
شەستە .. وەرە
گیانە من ئەو کاتە شادم
کەتاڤگەی ماچ بەسەر لێوما
وەک هەرەسی ئەستێرەکان
بەخوڕ برِمێ

2008

## ڕازی قەڵەم

ئەمشەو من و
جگەرەیەکی بەجێماوی
هێشتا نەسوتاوی تەنیاو
تەپڵەکێکی چاوەڕوانیی
ئۆقرە لێ بڕاوی تەنیاو
کوپێ قاوەی تفت و تاڵی
چاو لەخەو تۆراوی تەنیاو
پەرێشان بۆ ماچی لێوێ
وە مۆمێکی
زەرد هەڵگەڕاوی باریکی
چاو بەفرمێسک
لەخەمی ڕۆچوونی بەرەو
مەرگی خۆیی و
هەڵچوونی بەژنی عەرعەری
تەنیایی من
سەعاتێکی ماخۆلانی کەوڵەکۆنیش
تلیساوە بەدیواری زەمەنەوە
گەڵا زەردەکانی عومرم بژار ئەکاو
لەعەزرەت دەردی تەنیایی
ئەویش وەک شێت
چرپە چرپە خۆی ئەدوێنێ و
لەبەختی قەترانیی منیش

سەرخەوێکی بۆ ناشکێنێ ..
گوڵدانێکی کریستاڵی ساردو سڕیش
بێ نازی گوڵ ، بێ ڕازی دڵ
سانە بەسروەیەک بشکێ
ئەویش ئەمشەو تنۆک تنۆک
لەسەقەری ژوورەکەما
تکەی تەنیایی لێ ئەتکێ
پەڕەیەکیش
سیمای سافو سفت و بێگەرد
بەڵام ناخی پڕ حیکایەت
زوڵف و ئەگریجەی سپی کرد
لەژێر هەتاوی تەمەنێک تەنیاییدا
هەر چاوەڕێی نوقتەیەکە
میوانی بێ .. ئەویش نایەت
قەڵەمێکیش
ئەگەرچی تەنیایە ئەمشەو
بەڵام گیانە ، لێی دڵنیام
کەهاتە دەنگ
لەپرچی پەلکەزێڕینەی
پاش بارانی یادەکانت
دنیا ئەخەملێنی بەڕەنگ

2008

## شەرمستان

چ شەرمستانێکە گوڵم
ئەم هەوارە
هەموو بستێکی هەر بۆنی
پیاوی لێ دێ
شان و ملی جادەکان و
سیمای ڕەقی
پەیکەری ناوادارەکانی گۆڕەپانی
هەوای پەنگی سینەماکان
حەوزو میحراب و منارەو
بەرماڵی مزگەوتەکانی
تەپڵەک و کەوچک و پیاڵەو
سەماوەری چایخانەکان
کلیل و قوفڵی جامخانەو
دەغیلەی بازاڕاکانی
کۆشکی بلورینی والی و
پەرژینی دڕکاوی دەوری باخەکانی
تەنانەت هەردوو قاپەکەی
قەپانەکەی خانی دادو
هەر بەتەنیاش ئەرخەوانی
گۆڕستانەکانە ، ئەی مێ
بۆنکرۆزی
سوتماکی گیانی تۆی لێ دێ

2008

## دڵنیایی

سەرپۆشە هەورێکی کزری
وەرزی گەردەلوولی هزر
بەئاسمانی بیابانێکی کەچەڵی مل ڕووتەوە
نەلەشولاری شووشەیی
فریشتەکانی ماڵی خوا دائەپۆشێ و
نەعیب و عاری جەستە شێواوەکانی
کچانی سەر ئەرزی حەوا
ئەوانەی لەبریی شەیتان
بەبەردی نەفرەتی شەرف
ڕەجم ئەکرێن
سەفەرێکی بێ ئامانی
پەپولەی روح
بەنێو جەخارستانەکەی
پرسیارە یاساخەکانی ئارەزوودا
نەبۆنی مێخەکی عەشقێک
نەڕەنگێکی گوڵە ئەرخەوانی وەفا
ئەوەی هەردەم یەخەت ئەگرێ
هەر جەخارەو لەعنەتی خوا
بێ دەنگی یەک
لەچاڵەبەفرێکی نوستووی
بان سەری بورکانێک ئەچێ
دۆخی سڕبوونی گەرایەک

کێ ئەزانێ ، کەگەورە بوو
ئەبێ بەکرمی هەراشی
نیشتیمانێک لەئاوریشم
یاهەژدیها حەوسەرەکەی
نێو چیرۆکە
ئەفسوناویەکانی خەیاڵ
دەروازەیەک
ڕوو لەباکووری بەستەڵۆک
نەکورتە نامەی سپیدەی بەیانێکی
پێ ئەگات و
نەسروە چرپەی سەحەرێک
نەتامی پرتەقاڵەکەی زەردەپەڕی
ئێوارانێکی کردووە
ئەوەی لێوەی دێتە ژوورێ
هەر کزەبای بێ ئۆقرەیی و
تەرزە بارانی ڕاڕەیی و
بۆنی وورچە سپیەکانی
کیشورەی باکووری عەدەم
سەرپۆشە هەورێکی کزرو
سەفەرێکی بێ ئامان و
چاڵەبەفرێک لەبێدەنگیی بێ کۆتایی
دەروازەیەک
ڕوو لەهەر شوێنێکی دنیا
ئەوەی لێوەی نایەتەژوور
دڵنیایی

2008

## چاوەڕوانی

پێکێ ژەهری بێ ڕەنگ و بۆن
قومێکی بەدەهرێک ئەشێ و
تاڵتر لەئارەقەی شەرمی
پەپوولەیەک
متمانەی بەچرا بەخشی
ئەویش لەدواساتەکانی توانەوەدا
خامۆش ، خامۆش ، کوژایەوەو
بینایی بەعەدەم سپارد
ئاسۆش بەشەوێکی سپی لەتەمتەمان
قومێک ژەهری بێ ڕەنگ و بۆن
تاڵتر لەتامی ژەقنەبووت
خاوتر لەبوونی بەرد ، بەئاو

سێبەرو گیانێکی بەسوێی
بەخاکەوە لەخاچدراو
خۆر لەپشت فەرشی هەورەوە
چاوشارکێیان لەگەڵ ئەکاو
نەسێبەر قولانجێ لەگیان دێتە پێشێ
نەگیان بەوەسڵی ئەو ئەگاو
نەووردە بەردێکی خورپەش
ئەم گۆمی حوزنە بێ دەنگەی
ژیانی مەنگ ئەوروژێنێ

سێبەرێکی دەست لەسەرچۆک
پەیکەرە گیانێکی تاساو
کورتە پیاسەیەکی ڕاڕەی
چۆڵترین بیابانی زەمەن

هاتوچۆیەک
زڕ خونچەیەک بەدرەختی
خۆزگە ناگرێ و
پوشێ لەکێوی شەنی خەم بەبانادا
گریانی روحێکی ئیفلیج
لەسەر کورسی پێچکەداری میهری ڕێکەوت
لەغەدری مەحکەمەی قەدەر
نە لێبوردنێکی گشتی
نەلێخۆشبوونی خوێن ، لەشوێن
قەرەقۆشێ جلەوداری ئەسپی بەختە
بێ ئەزموونە لەگەمەی داد
هەوەسبازێکی بێ وێنەش
لەدەرسی جورم و سزادا

چەند کەساسە
ئەو زەڕنەقوتە بێ نازەی
لەشەوانی کرێوەیا
پەنا بۆ نەرمیی بەفر ئەباو
لەچۆلەکە سڕەکانی
گوێسەبانەی سەبری دەهر
چاوەڕێی میهرو ئیحساسە

پێکێ ژەهری بێ ڕەنگ و بۆن
سێبەرو ، گیانێکی بەسوێ

کورتە پیاسەیەکی ڕاڕەی بیابان و
منیش ، زەڕنەقوتەی کەساس ..
قەرەقۆشی شۆڕەسواری
ئەسپی بەختیش .. چاوەڕوانی

2008

## جیاوازی

تاشەبەردێکی ملهوڕی گێژو تەپۆ
عەیامێ بوو ، گەلۆر گەلۆر
خۆی بەکۆڵی شاخێکەوە هەڵزنی بوو
جاربەجارێ ئەی ڕوانیە ئەو ڕووبارەی
لەبەر پێی شاخەوە ئەڕواو
وەک شۆخە کچێکی بەناز
سەمای بالێت ئەکات بۆ خۆر
ڕۆژێک بارەشی ئیرەیی هەڵیکردو
تاشەبەرد ، بەههلی زانی
فرسەتی لەچاوی خۆر هێناو
خۆی گەیاندە چەقی ڕووبار
تالەسەمای عیشقی بکات
بۆ چەند ڕۆژێ
ڕووبار خامۆش و بێ دەنگ بوو
تاشەبەردیش وای ئەزانی
خەوی کۆنی هاتۆتە دی

وورده وورده
ڕووبار پەنگ و پەنگتر ئەبوو
تاسەر ئەنجام لە پشت بەردی ملهوڕەوە
سەمای بالێی نەرمی ڕووبار
بوو بەقەڵبەزەی تاڤگەیەک
لەتانگۆی سەرکەشی هاوار

## کۆتایی 2008
## دوا شەوی ساڵ

ئەمشەو لەئامێزی بەفراو
لەژێر بارینی پولەکەی بریسکاویی
ئەستیرەدا
لەگەڵ نزاو .. تکاو ڕجاو
پاڕانەوەی ملیۆنەهاو
لەگەڵ خورپەی ملیۆنەها سێوە دڵی
ساغ و کرمێ
دیسان ئەی ژین ، واخەریکە
سالێکی کەی شەکەت ئەنوێ
ساڵێکی پڕ لەکورتە چیرۆکی عەشقی
نغرۆ لەئۆقیانووسی خوێنا
ساڵێکی پڕ لەگوشینی

**لیمۆ سەوزەکانی روح و**
**هەڵوەرینی ئێسک و پروسکی خەونەکان**
**ساڵێک لەڕێژنەی فوغان و**
**تێر بوونی چاو**
**سالێک لەتۆفانی ناڵەو**
**پڕ بوونی گوێ**
**ساڵێکی گێژ**
**بەتلیاکی وادەو بەڵێن**
**ساڵێکی وون**
**لەنێو خشتەی پێتە یەکتر بڕەکانا**
**ئەگەر .. ئەوجا**
**ڕەنگە .. ئەڵێن**
**بەڵام ئەی ژین**
**لە پێشوازی ساڵێکی نوێ و**
**لەکاروانی عومرێکی هەمیشە لەڕێ و**
**لەژێر باری هەگبەی خەما**
**ئەوەش منم**
**هیوادارم ساڵی تازە**
**بۆ مناڵە برسیەکانی هەموو دنیا**
**ببێت بەدەریایە شیرو**
**جێگەخەوێک لەحەریرو**
**دەشتی بێپایانی گەنم**

## 2009

## کورتیله شیعر

### -1-

چ غەدرێکە

چاوە زەقەکانی نێر

هەندێک لەنێر

لەمانای ژیانی ئەکەن

کەترۆپکی بەهای جوانیی

درەختی مێ

هەر بەوەرینی گەلأیا

ئەناسنەوەو

(ڕووت بوونەوەی لق و چڵی)

وەحی عیشقیش ، هەر بەتەنیا

لەئەشکەوتی ژووری خەوا

بەسەریانا دائەبارێ

### -2-

مۆدی پێوانی جوانیە بەمسقاڵی

سێبەرەکان

بۆیە هێلانە شیعرەکان

بێ زەڕنەقوتەی بەهرەن و

بەر فانۆسەکانی دەقیش

بێ پەپوولەی روحی شەمن

ئای دێوانە ، چ پێغەمبەرێکی بەوەفای
بریا تادۆزەخی ئەمڕۆ
لەژینا بووای
تاسەر لەنوێ شەرحی عیشق و
ڕێنووسی قورئانی شیعر
فێر کۆڕانی ئادەم بکەی ، ئەو کوڕانەی
بەسێوە کرمۆڵەکانی سەراب ئەڵێن
میوەی بەهەشت
درووود بۆ ئەو دەهرە عومرەی
لەگەڵ مەرگی نالی گوزەشت

-3-

ئەو فلچەیەی
سیمای قێزەوەنی هاروون
بەفریشتەی عەرشی جوانی
نیگار نەکات .. ڕەقیب ئەیکا
بەگسکی مەتبەخی ماڵی
ئەو کەمانەی ، لەبری تفەنگ
بەحوکمی ڕۆژ
بەزۆر ئەخرێتە سەرشانی
پاسەوانی میرێکی جەنگ
یان جوزەلەی لینگەفرتێی مەرگ ئەژەنێ
یان دەهۆڵی خۆشخەیاڵی
ئەو قەڵەمەی خاڵێکی ڕەش ئەخاتەسەر
پەڕەی بێگەردی مەزاجی سوبحی جەناب

بۆ سفرەی خوانی نیوەڕۆ
گۆڤارێکی پایزیی باو
ئەیکا بەسیخێکی کەباب

2009

## پرسیارە سەیرەکان

چ بونەوەرێکی سەیرین
ئێمەی مرۆڤ
تێکەڵەیەک لەقومی بێباکی کەنار
چەمە لیخنەکانی ئەمڕۆ
چڵە ریحانەیەکی ووشکی یادگارو
گابەردێکی بەجێماوی ئەشکەوتەکەی
شەوانی چاخەبەردینەو
گۆچانێک لەپرسی ڕزیو ؛
ئێمەی هێلکە لەکەیەوە تروکاوین
چۆن دروست بووین
بۆ کوێ ئەچین
ئەم هەموو ڕەنگە جیاوازە
کێ پێی بەخشیین
ئەدی بۆچی ، لەیەک ناگەین
تەنیا ئەگەر

هەموو بەیەک زمان بدوێین
لەگشت ئەمانەش سەیر تر
وای پێ دەچێ ، تافەنابوون
وەڵامێکی ڕوون و ڕەها
هەر نەبیستین
تونێلێکی چ تاریک و ترسانکی
تۆش .. ئەی گومان

2009

## شۆڕشی باران

زەردەی خەنینت بائاوا نەبێ
سایەقەی شادی بە ، تائەتوانی
ئاسمان بەتریقەی خۆرەوە جوانە
تۆش بەخەندەوە زیاتر جوانی

پەڕەندە ئاسا شەقەی باڵت بێ
نەفرەت لەتوڵی چەماوەی قەفەس
نیگاری جوانی ، بێ مەلی ئازاد
پەیکەرە بەفرەو وابەستەی هەرەس

پەپوولەی نیگات بێ ترسی سوتان

**باسەمای ڕازی پەنهانی دڵ کات**
**کام گوڵە عیشقێ ئارەزووی گرتی**
**لێوی لەلێونێ ، بێ ئەوەی سڵ کات**
**سروەبای چرپەت فێری سەداکە**
**بالوتکەی چیاش گوێی لەدەنگت بێ**
**حەیرانی ئەوین تۆنی بڵندەو**
**دەبێ لەگەڵیا تۆش ئاهەنگت بێ**

**بۆچی مەلوولی ئەی شۆڕەبی خەم**
**بۆ هەڵکوڕماوی ئەی چۆلەکەی ژان**
**شەپۆلبە وەکو دەروونی دەریا**
**بەڕێژنەبە وەک شۆڕشی باران**

## 2009

## نەفرەت

**من هیچ ناڵێم**
**لەپۆرە بێوەژنەکانی گەرمەسێری**
**چاوەڕوانیی تەم بپرسن**
**کەلەدەووری تراویلکەی بێچوەکانیان**
**هەڵکوڕماون و**
**هێشتا قەلەڕەشکەی ڕمان**

پەی بەزەنگیانەی چاوەکانیان
نەبردووەو هەر چاوەڕێن ، بەڵکو خودا
لەئەستێرە کشانێکی نیوەشەودا
سۆراخێکی هاوسەرە دزراوەکانیان
نیشان بداو .. ئەویش بێدەنگ
وەکو گۆمە بێ نوتقەکەی
ویژدانی تۆ .. ئەی دەسەڵات
من هیچ ناڵێم
لەخۆڵەمێشی ژێر چرا وەهمیەکەی
دۆزەخی شەرەف بپرسن
تاچیرۆکە باڵ سوتاوەکانی عیشقی
پەپوولەتان بۆ باس بکات
لەسەردەمی میهرتانا
کەلەمیهری خودا دەچێت
بۆ (حەوا)ی تاقانە کچی
تاهەنوکەش تێنەگەیشتم لەپەیوەندی
نێوان عیشق و گوناهی سێو
تاهەنوکەش تێنەگەیشتم
بۆچی عاشقان یان دەسوتێن
یان لەفیردەوسی نیشتیمان
نەفی دەکرێن
من هیچ ناڵێم
لەپەرەسوێلکە وەرزیەکانی ئاخ بپرسن
لەسەر وەختی لنگەفرتێی وەفاتاندا
لەژێر خاکەوە هەڵدەفڕێن
لەنامۆیی ئەو نەونەمامانە بپرسن
بەدەر لەئارەزووی خۆیان

لەجەنگەڵی قەهرتاندا کزکز ، دەڕوێن
ئەی فریشتە میهرەبانەکانی زەوی
سەد نەفرەت لەئازادیتان
ئاخر دەبێ چ حیکمەتێ لەمانەوەی
ئێوەدا بێ ، کەئازادی
هەر بەکەڵبەی گورگ دەبەخشن
لەگوڵبژێری نێچیراو
ڕەهاییش بەنوکی قولاپ
لەڕاوی .. ووردە ماسی
ئاخ ، نیشتیمان
لەدەهری فریشتەکانا .. چەند کەساسی

2009

## تامی عیشق

هەندێ پێیان وایە عیشق
سەرخەوێکە ، ئاڵو واڵا
گێڕانەوەی خەیاڵێکە
لای ئەوانەی چوون بەساڵا

ئەگەر وابێ تاکو مردن
من لەعیشقی تۆ مەمنونم

لەترۆپکی گەنجێتیا
ویقاری بەخشی بەبوونم

هەندێ پێیان وایە عیشق
زیندانێکە بۆ ئەسارەت
بژاری بەرهەم و مایەی
لەدەستچوونەو هەر خەسارەت
ئەگەر وابێ ئەڵێم شەرتە
دەست بەدەرگاکەوەی بگرم
بەشکو کاتی روح سپاردن
لەباوەشی تۆیا بمرم

هەندێ پێیان وایە عیشق
سێبەری وەهمێکە بێ ڕەنگ
سەدای دەنگێکی تەنیایە
لەشیوێکا ، مات و بێدەنگ
ئەگەر وابێ ئەڵێم ڕازیم
کەئەو دەنگە دەنگی تۆ بێ
فەنا بونێکی چەند خۆشە
روحم لەتۆیا نغرۆ بێ

هەندێ پێیان وایە عیشق
دەشتێکی دێمە ، بێ داهات
نەدەسکەنەی چەپکێ ئومێد
نەگوڵە وەچنەیەکیش ئەدات
ئەگەر وابێ ئەڵێم بۆ من
چ پێدەشت و چ سەحرابێ

بەهەشتێکە ئەگەر تەنیا
نەمامی بەژنی تۆی تیابێ

هەندێ پێیان وایە عیشق
هەر مەراقەو ژانی بەسوێ
نەئەیبیستن ، نەئەیبینن
نەلەمس و تام و بۆن ئەکرێ

ئەگەر گومان بێ لای ئێوە
لەلای من وەک یەقین وایە
لەتەفسیرو شەرحی ژینا
وەسفی عیشق وەک هی خوایە

2009

## ترس و جوانی

دوو کانیلەی چاوەکانت
پڕن لەووردە ماسیی ڕاز
ترسی زەبری قولاپ نەبێ
نیگات نغرۆی سەما ئەکەن
ناخت ئەوروژێنن بەناز

دوو کەناری لێوەکانت

بەهەشتی نەورەسی ماچن
ترسی لۆمەی ناحەز نەبێ
لەدوو قاشە لیمۆی زەردی
چرچ و گوشراوی خەم ناچن
زوڵفت ئاڵای بەر شەماڵی
نیشتیمانێکی ئازادە
ترسی وادەی دۆزەخ نەبێ
مل بەحوکمی ژێر مەقنەع و
ئنتیدابی لەچک نادا
گەردنت بلوریی داخی
چرای ناخێکی هەموارە
ترسی بەردی نەفرەت نەبێ
شەوی یەڵدای وەحشەت ئەکا
بەئاسمانی پڕ هەسارە
ئەی درەختی هەمیشە سەوز
لەپێدەشتی دێمی ژینا
ترسی غەدری باڕەش نەبێ
هەموو گیانت میوە ئەگرێ
لەسەرووەختی هەڵوەرینا
ئەی خەزێنەی ڕازی پەنهان
پەریی ئیلهام ، بەڵێ ئەی مێ
ترس و جوانی مارو سوێسکەن
لەگەڵ یەک ئەستەمە هەڵکەن
کەئەمیان دێ ، ئەویان ئەفڕێ

2009

## گلەیی لەسەراب

لێم ببوورن ، ئەمجارەیان
بێ شووشە عەتری ستاتیکاو
بي چەپکەگوڵی ڕۆمانسیەت
دێمەوە دیداری خەوتان
چارم نیە ، ژیان ئەمرۆ
کەنەزیفی خۆشخەیاڵی و
ئومێدە ساویلکەکانی لەبەر ئەڕوا
چارم نیە و
پەنا بۆ گۆچانەکانی قەدەر ئەبەم
ئەو قەدەرانەی بەرئەنجام
ئەمبەنەوە
بەرەو حەوت نهۆمەکانی کۆشکی خودا
تا بێ ترس ، لێی بپرسم
ئەی میهرەبان
ئەم هەموو چیلکەیە بۆچی
ئەخەیتە بەر ڕێچکە مێرولەکەی مێژوو
خەتای ئێمە ئەبێ چی بێ
کەملوانکە گوڵینەکانی متمانە
ئەکەینە مل
هاوخوێنە بێ میهرەکانی نیشتیمان و
پێکی بادە ، تاسەرمەستی
لەگەڵ هاودینی بەدمەستا ئەخۆینەوە

ئەوانەی لەڕۆژی حەشرا
ئەمانکەن بەقۆچی قوربانی بەڵاکان
ئەی میهرەبان
هەتا کەی ئێمە میوانی
ژووری چاوەڕوانیی تۆ بین
ئەی هەتا کەی
قەزای هەندێک لەخەلقی تۆ
هەر لەعومری ئێمەکەوێ
کەتۆش ، کلیلەکانی بەهەشت
لەسەرووەختی خەوی ئێمەدا بەش ئەکەی
دەروازەکانی دۆزەخیش
لەگەڵ کردنەوەی پەنجەرەی
دیدەمانا .. ئەکەیتەوە
دەپێم بڵێ ، ئەی میهرەبان
کێ بەویستی خۆی باوانی هەڵئەبژێرێ و
ئەسڵ و فەسڵی
ئەی بۆ قەرزی دەیان پشتی
پێشوومان پێ ئەدەیتەوە
ئەوانەی پاش کۆچی خۆیان
دەیان هەورازی حەسرەت و
دەیان گاپێڵی ئەسەفیان ، بەمیراتی
بۆ جێ هێشتین
ئەی میهرەبان .. زویرم لێت
کەئەو ڕۆژەی نیگاری ژیانت کێشا
سێبەرێکی بێ ڕوخسارت
بەوجودی ئێمە بەخشی و
روحێکی وابەستەو زەلیل

تاسەر ئێسقانیش .. بەوەفا
بۆ هەر میوانێکی نامۆ
بەڕیفقەتی ڕیش سپێکانی نیشتیمان
بێتە ژووریٚ و
تەنانەت ئەگەر لەنەسلی ئەهریمەنی
دۆزەخیش بیٚ
ئای .. میهرەبان
گەمەیەکی چەن ترسناکە ، دەسەڵات
تۆ بەئەسپێکی باڵداری ئەفسووناوی
وەسفت ئەکرد
گوایە ئەوەی دەستی بگاتە جڵەوی و
ڕای بهێنێت ، ئەگاتە لوتکی نەمریی
بەڵام ئەفسووس
لەو ساتەوەی دەستی ئێمە
گەیوە بەتاڵێکی کلکی ..
وەک گەردەلوول لوولمان ئەداو
پاش شەکەت بوون
بەدوی خۆی ، ڕامان ئەکێشیٚ
بەنێو هەمان
بازنەی داخراوی قەدەرا
ئەو قەدەرەی ، عەیامێکە
بەدەستی ڕاستی خۆمان و چەپی مێژوو
لەسەر پەڕەی دەفتەرێکی وێنەکێشان
وەک دوو منداڵ ، وێنەی ئەکەین
لێم ببوورە ئەی میهرەبان
ئەی مەلی بیٚ باڵی خەیاڵ
کەئۆباڵی کەساسیمان

هەردەم ئەخەینە ئەستۆی تۆ
تۆی بەسەزمان .. ئەی میهرەبان

2009

## کورتە نامەکانی تاراوگەوە

-1-

لەچاوەڕوانیا ، ڕوام
چەندەها قافڵەی کۆچەریی
سەوزی بەهار جێیان هێشتم
نەگۆپکەی دووگیانی بەختم
گوڵێکی بوو
نەشەماڵە تەتەریەکانی نیشتیمان
نامەی گەڵایەکیان پێدام
ئەوانەی یاوەری خۆم و
سێبەرم بوون
دڕکێ لەبنەماڵەی خەم و
گیاکەڵەیەک لەخێڵی زام
لەچاوەڕوانیا ، ڕوام

-2-

لەبێ دەنگیا ، تەزیم
نە پشکۆی هۆرەیەکی جاف
ژێر زمانم داخ ئەکات و
نەبلێسەی حەیرانێکی کن بەحرەکەی ..
شەختەی گەرووم ئەتاوێنێ
نە پرشنگی لۆلۆیەکی بادینان و
نەبروسکەی سیاچەمانێکی خورماڵ
لێوی کوڕماوی لەرزیوم ، ئەلاوێنێ
ئاخ لەروحی ڕووت و قووتی
سەر دڕکەزیم
لەبێ دەنگیا ، تەزیم

-3-

لەتەنیاییا ، نغرۆم
نەلەوحێکی سەرئاو کەوتووی
کەشتیە تێکشکاوەکەی خەوەکانم
هەڵمدەگرێ و نەنەورەسێ
ڤیزەی کەنارێکی ئۆخەی
ئەدا لە پاسپۆرتی دڵم
نەدۆلفینێ ، سەما لەگەڵ
مناڵە ماخۆلانەکەی ناخم ئەکات

**نەئاوێنەی سەرابێکیش**
**دووبارە پێم ئەناسێنێ**
**سیمای جاری جارانی خۆم**
**لەتەنیاییا ، نغرۆم**

-4-

**لەبێزاریا ، هەڵوەریم**
**دڵم پێکە شەرابێکی خەست و خۆڵەو**
**بەدمەستێکی چەقی شاریش نۆشی ناکا**
**هەناوم فنجانێ قاوەی تفت و تاڵەو**
**چنگێ شەکر خۆشی ناکا**
**دیدەم دوو ژێرپیاڵە قەتران**
**هەناسەم بارەشی زریان**
**زیندەیەکم ، لەباوەشی مەرگا ئەژیم**
**لەبێزاریا ، هەڵوەریم**

2009

## نامەیەکی عیشق بۆ سلێمانی

لەوێ ، ئاسمان
ڕەنگێکی کەی هەیەو چەمیش
دەنگێکی کەی هەیەو
زەوی ، بۆنێکی کە

لەوێ ژانی هەوری دووگیان
کەم خایەنەو
کەچی باران
بەئاستەم لەدایک دەبێ
بەڵام کەدێ
شار پڕ دەکات لەبەرامی
نەرم و نیانی
باخی دڵیش
پڕ نێرگزی ئومێدی نوێ
لەوێ هەتاو
تامێکی کەی هەیەو چیا
سامێکی کەی هەیەو تێکەڵ
بەهەیبەت و سیحرو جوانی
ئەگەرچی ووشک و ڕوتەڵ بێ
لەوێ شەماڵ
کۆدێکی کەی هەیەو خەیاڵ
مۆدێکی کەی هەیەو ماهیش

خەزێنەی ڕازی پەنهانی
ئەگەرچی ڕەوتی هەڵکەوتیش
بەلەنجەولاری کیسەڵ بێ
لەوێ شەقام
غەرقی ئارەقەی ئاپۆڕەو
روح پەڕەندەی نێو هێلانەیەکە ، ئەنتیک
نیگا سەرقاڵی چاوبڕکێ
ئەگەرچی پەنجەرەی ئاسۆ
گەوزاوی تەم و دوکەڵ بێ
لەوێ قاقا
ڕیتمێکی کەی هەیەو گریان
قوڵپێکی کەی هەیەو خەونیش
شەرح و تەفسیرێکی سادە
ئەگەرچی حافیزی روحی
پەپوولەی شادی بەربادە

لەوێ مەرگیش
شەوقێکی کەی هەیەو ئازار
زەوقێکی کەی هەیەو هاوار
ڕەنەقێکی بێ عەیب و عار
ئەگەرچی ئازادی بەندەو
خەمی باڵدارە ، ئازادە

2009

## گەمەی دەنگدان

-1-

دەهۆڵەکان کەوتنە کوتین
بوکەکانیش کەوتنە سەما
مەیدانی جەنگ ، بۆنی خوێن و
مەرگی حەقیقەتی لێدێ
ئەمجارەیان نابووتەکان
باکی دروێنەیان نیە
تۆفان ، داهات بۆ کوێ ئەبات
باهەر بی بات
کەپوشێکی پاییزیان بەر نەکەوێ
کەتورەکەی خاڵیی دەستیان
نوقلێکی ترشی یەقداری تێنەکەوێ
ئەبێ  لەسەر زاری ئەوان
تامی چی بات .. شەوی بەرات

-2-

ڕوخسارەکان لەیەک ئەچن
هەندێ تۆخێکی بێ وێنەو
هەندێ کاڵتر
هەموو یەک سترانیش ئەڵێن
لەساختە وەرزی ناوەختی دروێنەیا

کەم زوڵاڵن یان زوڵاڵتر
زۆرینەیان لەتونێلی
هەمان ڕۆژگارەوە هاتوون
کەمێ گەنجتر یان بەساڵتر
وەزۆربەشیان
لەکانیاوی هەمان بناری شاخەوە
قوڕگی ووشکی بێ سەمەریان
تەڕ ئەکردو
لەژێر هەمان دار هەنارا
خەویان بەشانە هەنگوینی
باخی عەرشەوە ئەبینی
وەلێ ئەوەی لێی دڵنیام
وەک ناوی خۆم
تروسکەی خەونی ئێوەیە
نابووتەکان
لەشەوە قەترانیەکانی ئەم چەرخەدا
زەلیل ترە لەشەوقی مۆم
بۆیە ئەمجارەیان ئەڵێم
لەوەرزی سەرابی ڕەنگا
دەنگدەن بەکوێر
لەورزی نەشازی دەنگا
دەنگدەن بەلاڵ
لەوەرزی کۆڕاڵی شوومی
پیلان و شەڕ
دەنگدەن بەکەڕ

2009

## ڕوو لەئاسۆ

شەوی یەڵدا چەن درێژ بێ
گورزە تیشکێ دەی پسێنێ
کریستاڵی خۆشخەیاڵی
وردە زیخێ دەی شکێنێ

کێوە بەفری وەهمی پیرۆز
پەیکەرێکی بەرهەتاوە
چەنێ فیزی نەمریی لێدا
نەرمە وەشتێ دەی ڕمێنێ
کێ دەتوانێ بەر بەگوژمی
تۆفانێکی مێژوو بگرێ
کێ دەتوانێ سەمای گەردوون
چرکە ساتێ بوەستێنێ
کێ دەتوانێ ناخی زەریا
کپ و خامۆش و بێ دەنگکاو
لەفەرهەنگی حەقیقەت دا
بەگۆمی مەنگ بی شوبهێنێ
کەجامی دڵ سەرقەڵا بوو
لەجورعەی تاڵی بێزاری
یەک دڵۆپی بەسە تاکو

چەمی یاخی بوروژێنێ
نەخێر نابێ و نەنگە هەرگیز
ڕووباری خوڕ بەرەو دوابێ
زەمەن ترپەی دڵی گەورەی
سروشتەو ژین دەبزوێنێ
مەلی ئازاد تاکو بفڕێ
سەرنجی ڕوو لەئاسۆیە
چارەنووسە سبەی ئەمڕۆ
بەجێدێڵێ و ئەمڕۆ دوێنێ

2009

## خەمەکانی پێش هەڵبژاردن

## شەهید

مەزارێکیان
لەمەڕمەڕ بۆ دروستکردوو
بەتێزابی زێڕ لەسەریان نووسی
شەهید
ساڵی جارێک
سەعاتە وەختێکی پەخشی
کەناڵە باڵدارەکەیان

بەسەر ناوی ئەوا ئەفرێ و
ڕۆژنامە پاییزیەکەشیان
کە پێویستی بەداهاتی زیاتر ئەبێ
ڕۆمانی داستانەکانی
ئەکات بەمانشێتی ووتار
لەکۆنگرەو پلونیۆما
ووتەکانی ئەبن بەپەیڕەوی ناوخۆ
لەوەرزی دروێنەی دەنگا
عەینەکەکەی .. لۆگۆی لیستە و
کاسکێتەکەی دروشمی پارت
ئەوەی تەنیا لێی تێناگەن
نهێنیەکەی
ئەودیو بزەی سەرلێوێتی
کە پەنهانی ترە لەوەی
مۆنالیزا

## پێشمەرگە

ئەو دەمانەی ئەشکەوتی دڵ
نیشتیمانی چلوورەکانی گومان و
شەمشەمەکوێرەکانی خەم و
جاڵجاڵۆکەکانی سڵ بوو
ئەوان لەگەڵ

گزنگی بەربەیانیانا
هەڵدەهاتن
زۆر بەنەرمی و بەمیهرەوە
خۆیان ئەکرد بەداڵانەکانی دڵاو
لەگەڵ خۆیان
مشتێ گەرمی و
چنگێ تیشک و
پڕ بەکۆشێ کورسینەعنای
ئازادیان بۆ ئەهێنایین
ئەوان جاران
خۆشترین خەونی مناڵ و
شۆخترین لاسی غەزال و
چڕترین باخی ئومێدو
خوڕترین ڕووباری سووری
بەرەکەت بوون
کەچی ئەم دەشتی وەفایە
هەر گیاکەڵەی مشەخۆرو
دڕکی قین و
پوش و پەڵاشی ئەسەفمان
پێ ئەبەخشێ

# تفەنگ

دوێنێ بەشێک بوو
لەشەرەف
شەرەفی مانەوەی ژیان
لەنێو جەهەنەمی جەنگا
شەرەفی وون نەبوونی حەق
لەجەنگەڵی ناهەقییا
شەرەفی سەربەرزیی جوانی
لەمل کەچیی قەباحەتا
شەرەفی لێو لەپێکەنین
شەرەفی دیدە لەنیگا
شەرەفی گوێ لەبیستنی
ئاوازە خۆماڵییەکانی
کەوو سوێسکە
شەرەفی زار لەچڕینی
قریشکەکانی نیشتیمان
زۆر ئەترسم
ئەمڕۆ ، هەر خۆی
جوانی خەڵتانی تێزابی قەباحەت و
شەرەف شەلاڵی شەرابی
کۆنی داب و
ژیان بسپێرێ بەعەدەم
جوجەڵەکانی ئومێدیش
بداتە بەر

ڕەهێڵە بارانی گوللەی
وێڵی قەدەر

کورسی

هاوڕێیەکی بەئەمەکەو
هەموو وەرزەکانی تەمەن
شانازیمان پێوە ئەکات
ئەو دەمانەی زەڕنەقوتەی هەڵکوڕماوی
باخچەیەکی ساوایانین
لەگەڵمانا شیر ئەنۆشێ و
فێری بەستە سادەکانی ژیان ئەبێ
(من منالێکی ساوام
ئاشتی و ئەوینە داوام)
کەبووین بەمێرد منالێکی
زیت و وورياش
لەگەڵمانا
لەیەکەم ڕۆژەوە فێری
دارا دوو داری دی ئەبێ و
دانەدانەش
قادرمەکانی پەیژەکەی زەمەن ئەبڕێ
تائەگینە دواترۆپکی بڵندی فام
هاوڕێیەکی بەئەمەکەو

شانازیمان پێوە ئەکا
تەنیا لەو کاتەدا نەبێ
کەوەک مەتەڵ
لەسەر سنگی هەڵئەنیشێ
مۆتەکەی میرێکی گەندەڵ

2009

## بەڵێنەکان

بەر لەدەنگدان
لەکۆمەڵێ ئاسک دەچن
شۆخ و شەنگ و
گورج و گۆڵ و
سرک و جرپن
پاش لەدەنگدان
دێزو دەبەنگ
خلیچک و خاو
قورس و تەمبەڵ
لەهیچ شتێکی تر ناچن
غەیری کیسەڵ
بەر لەدەنگدان

کوللە دەبێت بەپەپوولە
هەڵۆ دەبێت بەڕیشۆڵەو
پڵنگ دەبێت بەپشیلە
شێر خۆی دەکات بەسمۆرەو
تیمساح ، بەبۆق
ماریش دەبێت بەمێروولە
پاش لەدەنگدان
سەهۆڵ دەبێت بەئاگرو
زیخ ، بەشاخ و پوش ، بەدڕک و
تەم ، بەسەرپۆش
بازنگ دەبێت بەکەلەبچەو
گوارەش دەبێت بەقولاپ و
لۆکە ، بەئاسنی حەوجۆش
نیشتیمانیش دەبێت بەسوچی مەیخانەو
ژیان بەپێکێ شەراب و
مێژوو ، بەپیرێکی سەرخۆش

2009

**خەوی شاعیر**

ئاسمانی سەرابی ، ڕما
ئەستێرە بریسکاویەکانیش
بەدوی یەکدا ، یەک یەک وەرین

وەهمێک خۆی بەمانگ ئەزانی
هەڵخلیسکاو
کەوتە گۆمێکی مەنگەوە
هەوری نزاش
خۆیدا لەسێدارەو باران
لەهۆش خۆی چوو
دەشتی ئومێد
سنگی خۆی دایەبەر چەقۆی
داخ و حەسرەت
ڕووباری خوێن بەکوڵ گریاو
گوڵاڵەسوورەکان نامەی
پەشیمان بوونەوەیان نووسی
لەشەهید بوون
چیای بڕواش
وەکو ڕوخساری خوای دیبێ
بوو بەقەقنەس
نیشتیمان چوو بۆ پرسەی خۆی
دووەم ڕۆژی وەرزی هەرەس
بەڵێ گیانە
سەر .. بەخۆ .. بوون
سەرخەوێکی شاعیرانە

## 2009

## دڵەڕاوکێ

-1-

**لەخۆڵبارینی گەندەڵیا**
**کەتەمەنێکە پێی تەنگ نەفەسین**
**لەناکاو جوڵەیەک دێت و**
**خودی خۆیمان**
**وەک سروە پێ ئەناسێنێ و**
**بەڵێن ئەدا**
**ئەگەر درزێکی پەنجەرەی لێبکەینەوە**
**ئەو فیلە تەمبەڵە شێتە**
**شار بەدەرکاو**
**مووروە شینەکانی ئاسمان**
**بکاتەوە بەگەردانە**
**بۆ گەردنی ئاسودەیی**

-2-

**لەڕۆژگیرانی گەندەڵیا**
**وەک پەردەیەکی ئەستووری قەقنەس**
**دراوە بەسەر ڕوخساری خۆراو**
**تەنانەت چەند فرسەخێکیش**
**مۆڵەت بەبینایی نادا**
**لەپڕ بریسکەیەک دێت و**
**خودی خۆیمان**
**وەکو مۆم پێ ئەناسێنێ و**

بەڵێن ئەدا
ئەگەر لەسەر لەپی دەستمان هەڵیبگرین
سیحری خێوی ڕەش بەتاڵ کاو
تەنانەت ژێر زەمینەکەی هەناویشمان
پڕکاتەوە لەڕووناکی

-3-

لەگۆمی کپ و خامۆشی گەندەڵیا
کەئەوەندەی مۆتەکەی خەو
قورسە لەسەر شانی ژیان
شەپۆلێکی سەرکەشی جیا
هەر لەرەحمی نەزۆکی ئەوەوە دێت و
خودی خۆیمان بەکانی پێ ئەناسێنێ و
بەڵێن ئەدا
ئەگەر جۆگەیەکی ناخی خۆمانی بۆ بکەینەوە
ئەویش بەربەستی بێدەنگی
بڕوخێنێ .. بەگوژمێکی

-4-

نیشتیمان دیسان ، دووگیانەو ئەزێ
ئەوەندەی شادو بەکەیف و زەوقم
بەم مژدە خۆشە
هێندەش ئەترسم
دوای منداڵدوانەی زگماکی پێشووی
دیسان سێیەمی زگماکی ببێ

## 2009

## ڕێژەی نەگۆڕ

-1-

ئەگەر وولآت
بێ بەرەشماڵی خێڵ و
عەشاماتیش
بەکۆمەڵێ بت پەرستی
چڵ چڵ و لق لق و پەل پەل
سەیرو سەمەر نەبێ لاتان
ئەگەر هەندێ زاتیش ببن
بەلات و عوززات و هوبەل

-2-

مێژوو تۆپێکی جیوەیەو
خل بۆتەوە
ئەوە دەستی من و تۆیە
خاوی دەکا یاخو خێرا
ئەوە کێشمەکێشی نێوان من و تۆیە
شێوەی ڕوخساری دەگۆڕێ و
پێچاوپێچ یان ڕێکی دەبا
منی یاخی لەوەستان و
تۆی هەراسان لەسرووەبا
ئەی بتە خوا

-3-

کێ پێی ووتی ، ئەم دونیایە
بوخچەیەکی داخراوی
پەنهانی سەر پشتی گایەو
حیکمەتی کۆدی کردنەوەی
هەر لەجوڵەی
پەنجە ئەفسوناویەکانی ئەتۆ دایە
کێ پێی ووتی ، ئەم زەمانە
دەهری دروێنەی مێخەکە
دوای چاندنی دڕک و جەخار
ئاخر چۆن هەنگی تەتەرو
پەپوولەی هەراشی بەهار
پۆلێن دەکرێن لەگەڵ نەسڵی
کوللەحاجی و دووپشک و مار
کێ پێی ووتی
عەمارەپۆی سەرت پڕکە
لەداهێنانی دانسقەی خەون و خەیاڵ
ئەی خەمی سەخت
ئەی دڕکەزیی ڕق و کینە
جامی سەرلێو لەئیرەیی
ئەی تاکی تاقانەی مەزن
ئەی  زاتی زگماکی مەحاڵ

-4-

**مرۆڤە دنیا دیدەکان وادەبێژن**

**گورگ و کەمتیار و پڵنگ**

**سەر بەلیستی**

**گیانەوەرە دڕندەکانی جەنگەڵن**

**بەڵام هیچیان**

**ناگەنە ئاستی کەمەری**

**ئەو کەسانەی ، بۆ کورسیەک**

**چەند ڕووبارێ خوێن دەڕێژن**

## 2009

## لەیەکچوون

-1-

**بوکەشوشەیەکم بینی**

**بەدەم چوار سەگی هارەوە**

**ئەوەندەیان گەمە پێکرد**

**تاچوار پەلیان لەیەک پچڕاند**

**لەو ساتەداو**

**بێ پلانێکی داڕێژراو**

**دوور لەویست و نیازو موراد**

بەو نیگارە
نیشتیمانی کۆنی (ماد)م
هاتەوە یاد

-2-

دوێنێ لەهەفتەبازاڕی
باڵندە دەنگ خۆشەکاندا
بولبولێکیان مەزاد ئەکرد
نرخی مەزاد
تاکو دەهات بەرز ئەفڕی
ئەویش زیاتر هەڵدەکوڕماو
مووروە ڕەشەکانی چاوی
لەسەر ئەو قەفەسانە بوون
بەدەست مەزادچیانەوە دەخولانەوە
لەو ساتەداو
بێ پلانێکی داڕێژراو
دوور لەویست و نیازو موراد
مەل ، ئازادی و قەفەس ،حیزب و
زەمکردنی نرخی مەزاد
بەڵێنە گڕدارەکانی
ڕۆژانی بەر لەدەنگدانی خستمەوە یاد

-3-

لەگۆڕەپانی سەنتەری ئەم شارەدا
کەپانزە ساڵە شایەتی غەریبیمە
توتیەکی سەیرم بینی
بەسەرشانی کابرایەکی گرگنەوە

بەرامبەر بەچنگێ گەنم
هەرچییەکت بووتایە
ڕێک وەکو خۆی ، ئەیووتەوە
لەو ساتەداو
بێ پلانێکی دارێژراو
دوور لەویست و نیازو موراد
هەندێ سیاسەتمەداری لای خۆمانم
هاتەوە یاد

-4-

هەموو جارێ
لەقەفەسی باخچەیەکی ئاژەڵاندا
کەسەیری شێرێکی مات و زەلیل دەکەم
لەو ساتەداو
بێ پلانێکی دارێژراو
دوور لەویست و نیازو موراد
چارەنووسی ملهوڕێکی دیکتاتۆرم
دێتەوە یاد

## 2009

## گوڵەبەڕۆژە

لەدەشتە بێ پایانەکەی ئەم مێژووەداو
بەحوکمی قودرەتی قادر
هەر نیو سەدەو
زاتێک لێمان دەبێ بەخۆر
ئێمەش هەموو
دەبین بەگوڵەبەڕۆژە بۆی
ڕووی عیبادەتی تێ دەکەین
تاڕوومەتمان داخ دەکات و
پەنجەکانمان دەسوتێنێ
ئەو چرکەساتە تێ دەگەیین کەعیبادەت
ئەگەر هات و بوو بەعادەت
زۆر ئاسایی
لەنەرمە بارانی میهرو بەزەییەوە
دەبێت بەتۆفانی غەدری لەخۆبایی

## 2009

## پێناسە

لەچاخی بارینی بەردا

من ، مرۆڤێكم لەشوشەو
ڕەنگم لەڕەنگی ئاو دەچێت
كەشەربەتی
هەناری سۆزیش دەنۆشم
ڕەنگی هەناریی دەگرم و
وەک گڵۆپێكی خامۆشی ژووری عیشق
دادەگیرسێم
كەجگەرەیەكی حەسرەتیش
بۆ كۆچی فرسەت پێ دەكەم
پڕپڕ دەبم
لەتەمتومانی ڕاڕەیی و
خۆڵەمێشی هەڵدەگەڕێم
لەنێو مندا ، گشت ڕەنگەكان
هەر وەكو خۆیان دەبینی
زەرد .. هەتاوێكی ماندووەو
هێدی هێدی
بەرەو باوەشی كەل دەكشێ
شین .. ئاسمانێكی ساماڵی
ساف و ڕوونەو
حەز لەبێژنگی سانسۆری ڕەقیب ناكا
سوور .. گوڵەباخێكی بۆن خۆشی
زۆر بەنازەو دڵۆپ دڵۆپ
تكەی عیشوەی لێ دەچۆڕێ
سەوزیش .. قژی خاوی دەشتی
بەهارانەو شەپۆل شەپۆل
لەگەڵ نەرمە شەماڵێكی ئارەزوودا
دێت و دەچێ

**سپی .. شیری مەمکی دایکم**
**وەبیر دێنێ و**
**ڕەشیش ڕەنگی ئەو عەبایەی**
**لەش ولاری یاساغی پێ دادەپۆشی**
**وەکو شەوی بێ ئەستێرە**
**ئەی سروشتی پاک و بێگەرد**
**بەهرەدارترین نیگارکێش**
**من مرۆڤێکم لەشوشەو**
**روحم ، لەڕەنگەکانی تۆ تێرە**
**بۆ کۆچی دوایی مامۆستا عەلی لەتیف**

-1-

**کاتێ پێشمەرگەیەک دەمرێ**
**تفەنگ بۆی دێتە سەرچۆک و**
**سەنگەر پرسەی لەبۆ دەگرێ**
**کاتێ کەنووسەرێ دەمرێ**
**قەڵەم ، هۆن هۆن**
**فرمێسکی ڕەش دەبارێنێ و**
**پەڕەی سپیش**
**وەک گەڵای زەردی پاییزان هەڵدەوەرێ**
**کاتێ پەپوولەیەک دەمرێ**
**گۆڵ دەتۆرێ و**
**چرا ، گڕ بەرئەداتە خۆی**
**بەڵام کەئەو بەجێی هێشتین**
**ڕەنگەکانی تابلۆکانی**
**بوون بەپەلکەزێڕینە بۆی**

-2-

**لەو ڕۆژەدا .. ئەستێرەکان**

**یەک یەک کشان**

**ئاسمان چاوی خۆی بەکل ڕشت**

**کلێکی ڕەش**

**ڕەشتر لەقەترانی بێگەرد**

**لەو ڕۆژەدا**

**هەورە گرمۆڵ گرمۆڵەکان**

**یەک یەک وەرین**

**خودا ، فووی لەچرای مانگ کرد**

**فریشتە روح فڕێنەکەش**

**هێشوو هێشوو**

**شەونمی شەرمی لێ دەتکا**

**چونکە قەدەر .. ئەمجارەیان**

**کردی بەیاوەری کۆچی**

**روحێکی نەرمی ڕەنگاوڕەنگ**

**نەرم وەک پڕووشەی بەفرو**

**ڕەنگاوڕەنگیش**

**وەک ڕەنگاڵەکانی بەهەشت**

**لەو ڕۆژەدا**

**مەرگ تەنیا ، دوا خەوێ بوو**

**بێ دیداری سوبحێکی تر**

**لەچاوانی گەڕیدەیەکی ماندووی**

**کاروانی ڕوو لەمەنزڵی**

**خەوەنە وەنەوشەییەکانا**

**لەو ڕۆژەدا ، مەرگ تەنیا**

فیراقی روح بوو لەجەستە
چۆڕینەوەی ڕەنگ بوو لەگوڵ
هەڵفڕینی
سوێسکەی خەیاڵ بوو لەشیعرو
یاخی بوونی
سۆزی شمشاڵ بوو لەبەستە
ئاخر یاران ، دەپێم بڵێن
گوڵ چۆن ئەمرێ و
ڕەنگ چۆن ئەمرێ
ئەوەتانێ ، لەگشت سوچ و
پەنایەکی ئەم ژوورەدا
بەرامبەرتان دانیشتووەو
باسکی خستۆتە سەرباسک و
سەیرتان دەکات
ئەوەتانێ .. لەسەر لێوی
چرۆی موحیبەت دەپشکوێ و
سوپاسی یەک یەکتان دەکات

## 2009

## چ پیرۆزە

-1-

قەڵەم .. دەشێت
گوڵزارێک لەچرۆی نەرمی ڕازی عیشق و
ئۆقیانووسێک پڕ لەمەرجانی زانست و
ڕێژنەیەک بارانی ڕەخنەی
لەبێدادی ، پێ بنوسرێت
هەرواش ، ئەشێت ئەهریمەنێ
مەرگنامەی کیشوەرێکی پێ واژۆکاو
جادووگەرێ
پیاڵەیەک تلیاکی نوشتەی پێ تێک بداو
نووسەرێکی تەمام عەیار لەجیاتی کل
چاوی زەقی گەندەڵێکی سیاسەتی پێ بڕێژێ و
ملوانکەیەک لە پەخشانی پیاهەڵدانی
بکاتە مل

-2-

کتێب .. دەشێت چرایەک بێت
بۆ پەپوولە ماخۆلانەکانی عەقڵ و
هەتاوێک بێت
بۆ گوڵەبەڕۆژەکانی نەست و
مانگەشەوێک بێت لەووەرزی
شەنی خەرمانی یادگارا

هەرواش .. دەشێت مۆڵگەیەک بێت
بۆ جاڵجاڵۆکەکانی وەهەم و
کەلاوەیەک بێت بۆ شڕکەو
پڕکەکانی زاتێکی پەرتەوازەبووی
بێ تان و پۆی بێ دەربەست و
هەرواش .. دەشێت
هێندە هیچ و بێ بەها بێت
نەگاتە ئاستی کەمەری
ئەو چیلکە دارشقارتەیەی
پێی دەسوتێت

پاییزی 2009

کورتە چیرۆکەکانی پاییزێک

-1-

من و هەورو باو گەڵای زەرد
لەپاییزدا ، لەیەک دەچین
هەور ، ناخی پڕ ئەندێشەی ئۆقیانووسە و
با ، سەری پڕ حەسرەتی خۆی هەڵگرتووە
گەڵای زەردیش ، جانتایەکی
پڕ نائومێدیی سەفەری لەکۆڵدایەو

منیش ، شوشەی دڵێکی پڕ
لەشەرابی تاڵی تەمەن
هەور ، وورد وورد دەپروێت و
گەڵا ، تک تک دەبارێت و
بای بێ ئۆقرەی ماخۆلانیش
وورِ وورِ دەبێت
روحی منیش ، هێدی هێدی
بەبۆن و بەرامی غوربەت
سرِ سرِ دەبێت
سەرئەنجامیش ، هەر هەمووامان
دوای خواردنەوەی
پێکێکی کەی
شەرابی تاڵی خەمناکی
لەسوچێکی مەیخانەکەی ئەم پایزەدا
هەڵدەکورمێین

-2-

هەتاو ، گڵۆپێکی زەردە
بەڕایەڵی ئاسمانەوە
با ، گۆرانیە خەمبارەکان دەڵێتەوە
درەختێکی مات و مەلوول
ژێرکراسی تەنکی گەڵای زەردی داکەند
نەرمەبارانی هەلپەرست
دڵۆپ دڵۆپ
وەک هەوەسبازێکی سادی
بست بەبستی گیانی ماچ کرد

ئەویش هەڵکورما ، لەشەرماو
هەموو زستان
لەژێر لێفەی نەرمی بەفرا
خەوی لێکەوت
تاکو دیسان بەهار هات و
وەک شۆڕەسوارێکی ئازای
چیرۆکە ئەفسوناویەکان
کراسێکی سەوزی تری کردەبەری و
بەماچێکی پڕ ئەوین
لەخەوی هەڵسان

2009

## یادەوەریەکانی جەنگاوەرێک

-1-

لەسفری هۆشەوە ، جۆشم
بەچیرۆکە مەئیووسەکان
ئەو دەقانەی
بۆنی عەدەمیان لێوەدێ و
ڕەنگیان لەڕەنگی ڕق دەچێ
دەڵێی لەتونێلی ڕەشی دۆزەخەوە

**هاتوونە دەر**
**تا لەکوخی ساردوسڕی ناخی مندا نیشتەجێ بن**
**لەسفری هۆشەوە ، جۆشم**
**بەغەمزەی چاوی پڕ مەکرو**
**خەنەی زەردی لێوی شەیتان**
**ئەو بەڵایەی**
**کەهەر جارەو خۆی لەبەرگی**
**میرێکی جامبازی جەنگا**
**حەشار ئەداو**
**هەر دەمەو پێکێکی پەنگم**
**پێ دەنۆشێ ، تامەست دەبم**
**ئەوجا ئەویش**
**بەلنگەفرتێی نەیارو**
**گەمژەیی خۆم**
**بەکامی دڵ ، پێدەکەنێ**
**لەسفری هۆشەوە ، جۆشم**
**بەبریسکەی دوو خەنجەری**
**دەم زەردی دەست جووتێ برا**
**کەدەهرێکە**
**لەسەر میراتی جێماوی ئادەمی باوک**
**کەلانیان بەجێ هێشتووەو**
**سێوی دڵی یەک قاش دەکەن**
**تەنانەت حاکمی ڕەهای**
**عەرشی کەونیش نازانێ کەی**
**ئەم خەنەبەندانی خوێنە کۆتایی دێ**
**لەسفری هۆشەوە ، جۆشم**
**بەناڵەی نێچیری پێکراو**

بەنوزەی مامزی زامدار
بەتانگۆی ماسییەکی عەودالْ
بەدەست نوکی قولاپەوە
بەزریکەی بەر لەسەربڕینی کەروێشک
بەکڕوزانەوەی ڕیشۆڵە دیلەکانی
نێو قەفەسی خەیاڵاتم
بەدوا نیگای پڕ عیتابی دوژمنێکم
بەر لەهەڵفڕینی ڕوحی لەگۆڕەپانی جەنگەوە
بەرەو ئاسمانی فەنابوون
لەسفری هۆشەوە ، جۆشم
بەگریەی بێدەنگی ناخی
هەمیشە مەحزونی خۆشم

-2-

من ، دەمێکە
سێوە لاسوورەکەی دڵم
لەسەر لەپی دەستی چەپم هەڵگرتووەو
پێ بەپێی کیسەڵی تەمەن
دەیگەڕێنم
پێم وانیە ، هیچ قەرەجێ
ئەوندەی ئەو
پێی بەناخی خۆیا نابێ و
کۆچی ناوەختی کردبێ ، بڕواش ناکەم
هیچ باڕەکەوێکی کێوی
ئەوەندەی ئەو جێ نیشانەی قەڕەوڵی
تاپڕی ڕاوچیان بووبێ ، بەڵام هەرگیز
خورپەیەکی پەشیمانی و

ترپەیەکی گازندەیی و
چرپەیەکی نهێنی نەدرکاندووە
ئەوەی فرە لێی دەترسێم
هەر بۆساتێ
کاڵ بوونەوەی ڕەنگی عیشقە
لەسەر کوڵمی و
کرمی گومانە .. بیگاتێ
ئاخ لەسیمات ، ئەی ڕۆژگار
هەر لەپاییزی ژەنگاویی ئەسەف دەچیت
من ، دەمێکە بەدەنگی بەرز دەفکرێم و
بێ منەتم لەتیری شەوکوێری تانە
گوێ نادەم بەجۆری مەرگیش
چیە و چۆنەو کەنگێ دەگات
ئەوەی فرە لێی دەترسێم
بینینی ڕوخساری خۆمە لەئاوێنەی
بەربەیانێکی ئاسایی تەمەنمدا
بەو جۆرەی خۆم خوازیاری نیم
کارەساتێکی گەورەیە
ئەودەمەی خۆت لێ وون دەبێ و
لەهیچ وێنەیەکی یادا
لەخۆت ناچیت
لەوە دەچێت ئەم زەمانە
هەر فێری دەرسی میکیاج و
شێوەکانی ماسکمان بکات
ئاخ ، لەکێوی سەختی بەخت و
لەهەڵدێری سوخرییەتت
ئەی ڕۆژگار

لەم جیهانە سەرابییەدا
هەر لە پەپوولە  پاییزەی
ڕەدوکەوتووی
شەماڵێکی دوای شەن دەچیت

2009
## ماڵی شیعر

ماڵێکی خنجیلەم هەیە
لەسەر هەسارێکی تری دوور لەئێرە
ئێرەی سیخناخ ، بەژاوەژاو
بەزەردەواڵەکانی قین و
کێچ و ئەسپێکانی گومان
ئێرەی تەنراو
بەبەردە لوسەکانی فێڵ و
چاڵە داپۆشراوەکانی پەنگو پیلان
ئەو چاڵانەی کەهەر خۆمان
بۆخۆمانی هەڵدەکەنین
ئێرەی نغرۆ لەگۆمی خۆپەرستیدا
ئێرەی داخ لەتەنووری ئیرەییدا

ئێرەی پێکراو بەتیری مۆژگانی درۆ
ئێرەی وون
لەژێر خۆڵبارینی وەهم و
تەمتومانی خەیاڵ
ماڵێکی خنجیلەم هەیە لەوێ
بەسەر باڵێ شەماڵ
خۆم و قەڵەمێک و
پەڕەیەکی سپی و
گیرفانێکی پڕ
لەنانە ووردەی ئەوین
بۆی دەفڕین .. هەموو شەوێ

## 2009

## بۆ مەرگی ئیحسان فەتاحیان

بنوو یارۆ ، بنوو
شەو درەنگەو
گەڵای زەردی سەرئاو کەوتووی
کانیی چاوت
بەرەو کەناری خەو دەچێ
بنوو یارۆ ، بنوو
خۆ سوبحی ئەو
دەیجووڕستانە ، بێ گومان
هەر لەهەناوی شەو دەچێ
بنوو یارۆ .. ئەو ئەشکەوتە

**نیشتیمانی خێڵە شەمشەمەکوێرەیەو**
**گزنگەکانی بەرائەت**
**بەنێویدا گوزەر ناکەن**
**بنوو ئەی نەسلی پەپوولە**
**لەجەخارستانەکەی وێدا**
**گوڵ  نارۆی و**
**جاڵجاڵۆکەکانی بەهەشت**
**هەست بەجوانیی قەمەر ناکەن**
**بنوو یارۆ ، بنوو**
**کۆشکە بڵندەکەی ئەوان**
**لەپەراوێزی مێژووا**
**خورافستانە ، خورافستان**
**بنوو یارۆ ، بنوو**

2009

**بەیادی شاملۆوە**

**دونیایەکی سەیرە ، گوڵم**
**چیایەکیان لەکەللەسەر هەڵچنیووەو**
**پێی ئەڵێن .. میحرابی ئیمان**
**ڕووبارێکی قرمزیی خەست**
**لەچۆڕاوی ڕوحی گوڵە گوشراوەکان**

بەدامەنیا شەپۆل ئەداو
پێی ئەلێن .. جۆگەی حەمامی
جەستە چڵکدارەکانی جورم و گوناح
گرِدانێکیان لەخەڵوزی قەترانیی ناخ
هەڵکردووەو
بەتێزابی بیردۆزی رِق جۆشی ئەدەن
پێی ئەڵێن .. تەنووری دۆزەخ
باسی شەقامێکیش دەکەن
لەقاتێکی نهۆمەکانی ئاسمانا
کەهەر حۆریە کەمەر تەنگ و
بەژن بەرزەکان بەنێویا
دەکەن گوزەشت
پێی ئەڵێن .. شەقامی بەهەشت
سێدارو ملوانکەیەکیش هەڵخراوە
بۆ پاساریە لاسارەکان
کەجریوەیان
باوێشک بەئاخوندەیەکی مەست دەپچرِێ
لەخەڵوەتی خەوێکیدا
لەگەڵ حۆریەکی چاو جوان
ئای ، کەبەختەوەری .. ئێران

2009

## نهێنی ووشەکان

ئەم ووشانە،هەر یەکێکیان
شەپۆلێکن لەبەحری ڕاز
دەمێ ئەڵێی بوکی دەریان
دەمێ ووردە ماسیی بێ ناز

لەهەڵچوون و لەداچوونا
دەمێ تورەن ، دەمێ هێمن
دەمێ نەرمن وەکو لۆکە
دەمێ تیژن وەکو سوژن

دەمێ ئاون ، دەمێ ئاگر
دەمێ بەفرن ، دەمێ پشکۆ
دەمێ شاخی بەرزی قاقان
دەمێ هاواری سەر گڵکۆ
لەگریانی مناڵێکدا
دەبن بەمرواریی دیدە
لەزلفی چاو کەژاڵێکدا
هەندێ پەنجەن زۆر گەڕیدە
لەسەر لێوی ئاڵی گوڵدا
پەپوولەن پەرۆشی ماچن
لەکەنیسەی هەندێ دڵدا
کتێبی پیرۆزو خاچن

لەخەونی نابینایەکدا
تەلیسمێکن لەنوری خوا
بەڕووی مەحکومێکی دۆزەخ
نەسیمێکن لەسروەی با
لەدالاَنی دلَی تەنگا
هەندێ خورپەیەن لەبۆ شادی
بۆ کۆیلەکانی ئەم دەهرەش
چرپەیەکن لەئازادی
شەربەتی هەناری هەستن
لەجێژوانی دوو دلَدارا
پێکە ژەهری تالَی خەستن
لەچاوی پیسی زۆردارا

دەمێ فەرشێکی کاشانی
چنراون بەپەنجەی پەری
دەمێ دەشتێکی مینرێژن
بەخار ، ئەمسەر تائەوسەری
دەم دەمانێ کش و ماتن
بێ کەنارو بێ تان و پۆ
هەر لەتەرمی مردوو دەچن
ئەو دەمانەی دوورن لەتۆ

2010

## گلەیی

**من روحی مەلوولم بەروخت عاشیقە قوربان**
**تۆ چنگی موژانت لەبەهێی دڵم گیر ئەکەی**

**من فەرشی حەریری ئولفەتم خستۆتە ژێر پێت**
**تۆ دەشتی بەراوی روخسەتم لێ داگیر ئەکەی**

**من بەحری ئەمەکدارم لەهەڵچوون و سکونا**
**تۆ دۆندی چیای قەهری حەز لەزەمهەریر ئەکەی**

**من قومێ ئاوی ڕوونم لەپەرداخی جەستەیا**
**تۆ نوقمی زێی گومانی ، چاوەڕێی تەفسیر ئەکەی**

**من خەستەم وتۆ ئازار من جەستەم و تۆ هەرخار**
**بەم زەبری جەفای نازە توفلی دڵم پیر ئەکەی**

**من هەموو گەڵای عومرم لەپاییزتا هەڵوەری**
**تۆ چەشنی گەردەلوولی ، دەبەیت و لەبیر ئەکەی**

**من دیلی داوی زوڵف و زەلیلی کۆتی پرچم**
**تۆ هەر پێت کەمە هێشتاو ئارەزووی زەنجیر ئەکەی**

**من نوقڵی ماچی لێوت ، بەراتی یەک ساڵمە**

تۆ ویستی موڵکی ئۆقیان و عەرشی کەشمیر ئەکەی

دەست بەردە لەئەتواری پڕ ئەسراری شەرمی مێ
بەم هەوری شەرمە نوری مانگەشەو یەخسیر ئەکەی

2010

**کۆنە پەرست**

چی لێ بکەی یان لێ نەکەی
لەکوێی بێنی و بی بەیتە کوێ
جەستەی ڕزیوە ئەو لاکە ، هەر ئەپروێ
فەرشی هەوری بۆ ڕابخەی
لەبری پێخەو
بیشاریەوە لەنێو زولفی
قەترانیی شەو
لەشووشەیا هەڵیبگری یان لەبن زێ
جەستەی ڕزیوە ئەو لاکە ، هەر ئەپروێ
چی بپۆشێ یان نەپۆشێ
کراسی ئاوریشمی بەری
شۆخترین شاژنی جوانی
یان عەبای پیرۆزی والی لەبەردابێ
جەستەی ڕزیوە ئەو لاکە

**هەر ئەپروێ**
**لەکاغەزی بریقەداریەوە بپێچی و**
**بەقردێلە ڕەنگاوڕەنگەکانی دیاری**
**بی بەستیەوە**
**یان لەنێو سندوقی خشڵ و**
**زێڕی بنێی .. کوپەیەکیش**
**گران بەهاترین عەتری**
**بەناوبانگی پێدا برژێ**
**جەستەی ڕزیوە ئەو لاکە**
**هەر ئەپروێ**
**باڵی رەحمانی پێوە بێ**
**یان قۆچی شەیتانی هەبێ**
**جەستەی ڕزیوە ئەو لاکە**
**هەر ئەپروێ**

2010

## خەونی ئەرخەوانیی

## خۆشخەیالێک

ئەم عەیامە
ئێوارەیەکی هێمنی سیحراویەو
لێواو لێوە لەیارو یاوەری شەیدا
ئەوانەی گەردەلوولی رِق
هەرگیز لەسوچی دلّیانا
پە پکە ناخواو
هەر بەغەمزەی چاوی خومار
لەیەک دەگەن
منیش بەنیّو
گولّستانەکانی عیشقا دەگوزەریّم
ئەوی هەلّی دەمژم تەنیا
سرووەبایەکی فێنکی سرک نیە
لەکۆتایی گەلاویّژی گەرمەسێرا
ئەوی من وا هەلّی دەمژم
عەتری نەفخێکە لەروحی
فریشتە بۆن خۆشەکانی
شاری بەهەشت
ئەو بەهەشتەی .. گورگ و بەرخی
لەسەر یەک رِووباری هەنگوین
گەرووی مەرام تەرِ دەکەن و
گرِی تینوێتی دەشکێنن

ئەو بەهەشتەی
هەموو بستێکی بوستانی سەرمەدیەو
گوڵ و خاری دەست لەملن
لەهەر کوێیەک دڵت گرتی
ڕەشماڵی زیندەگیت هەڵدەو
بێ دڵەڕاوکێ و بێ گومان
ناوی لێ بنێ .. نیشتیمان
ئەم عەیامە
بەهاری تەڕو پاراوی مەحیبەتەو
کوچەی ژوانی حەبیبان ..
ڕەنگاو ڕەنگە وەک پرچی پەلکەزێڕینەو
بۆن خۆشە وەک
سنگ و مەمکی پەری دەریاو
تەلیسماویە وەک خەیاڵ
دەنگ زوڵاڵە وەک بولبول و
بێگەردە وەک .. خەونی مناڵ
ئەوە ئێمەی ئەهریمەنیین
تاڵی دەکەین ، وەک ژەقنەبووت
کاڵی دەکەین وەکو ڕەنگی گەڵای وەریو
قاڵی دەکەین وەکو کەللەسەری دەروێش
باڵی دەکەین
وەکو کۆترە خۆماڵیەکانی ئازادی
ئەوە ئێمەیین ، ئێمەی حەشامات
نەک پیاوە نابووتەکانی عەرشی ووڵات

2010

## دەنگ

ئەمجارەیان دەنگ دەن بەحەق
دەنگ دەن بەوەی
لەشەوی تۆفو زریانا
کۆڵە وشکەداری پێ یە بۆ کورەتان
باوەجو خۆ ، کانەکانی زێڕی سیا
هەر بەشی تونەکەی بابای
حووچەکەی بن فەلەک دەکا
ئەمجارەیان دەنگ دەن بەحەق
دەنگ دەن بەوەی
لەوەرزی ووشکەساڵیا بەدەنوکی
کۆترە شینکەکانی ئەوین
گوڵەوەچنەی
دەشتە کاکی بەکاکیەکان
دەخاتەسەر
بیابانی دەفری خوانتان
باوەجو خۆ عەمبارەکان
هەر بەشی دەستاڕی گەدەی
نەهەنگە مەنگەکان دەکا
ئەمجارەیان
دەنگ دەن بەحەق
دەنگ دەن بەوەی

لەجیاتی با
نوزەو ناڵەی بێدارانی
شەوی یەڵدا
بۆ هەموو پەنایەک دەبا
باوەجو خۆ هەوای پەنگی
ئەم هەواری ئازادیە
هەر بەشی نەعرەتەی بەرزی
شێرە تێر نەخۆرەکانی
ئەم جەنگەڵستانە دەکا
ئەمجارەیان
حەق هەر حەقەو نابێ بەدوو
ئەمجارەیان
ئەبێ لەسەر سکی تێر بێ
دەستی ماندوو
ئەگەر نا ،حەق وایە هەموو
دەنگ بەین بە کا
دەنگ بەین بەپوش
دەنگ بەین بەموو

2010

## ئاهێک لەسەرووەختی مەستیدا

خەڵوەتی کورتی ناوەختم
لێ مەشێوێنە ئەی روح کێش
دڵم هەنجیری دڕکاوی و
لەشم سەحرایەکە پڕ ئێش

گورزە بای پاییزی عومریش
ڕوو لەشیوو کەندەڵانە
عەجەب یاران خەزێنەی ناخ
دەڵێی بێشکەی مناڵانە

تەماسێکم لەپرچی خۆر
وەلێ شەوگارم یەڵدایە
شەرارەی زامی سەرمەدیم
کزەی ئاخیش دوایی نایە
(وەکو قومری دەناڵێنم
وەکو بولبول غەزەل خوانم)+
کەچی لەگوێی کپی دەهرا
نەشازترین ژێی کەمانم

نیگارێکم بێ ڕەنگ و بۆن
هەوارێکم بێ ناونیشان
خەمێکم هەر خۆمک ئەخۆم و

## لەشێکم بێ سێبەری گیان

ڕێژنە بارانێکی شێتم
لەوەرزێکی کەڕو کوێرا
سەدای قیژەی غەزالێکم
لەئەشکەوتی قوڕگی شێرا
بەحوکمی بەژن و باڵابێ
دەنکە یاقوتێکی ووردم
نیشتیمانم سەدەفێکەو
شەپۆل ووردو خاشی کردم

لەو ڕۆژەوە ، وێڵم بەشوێن
پارچە گچکەکانی خۆما
لەهێلانە شێواوەکەی
روحی قاشقاشی نغرۆما

ئەو دێڕەی نیشانەکراوە شیعری وەفاییە

2010

## مەتەڵ

دەی فرێنێ و
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
بارەشی هار
دەی درێنێ و
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
نوکی جەخار
دای ئەپۆشێ و
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
تەم و غوبار
دەی برێت و
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
دانی مشار
دەی دزێت و
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
قەلەرەشکە
شەریکی گیرفانی چۆڵێ
هەموومانەو
پێشی ناخۆشه پێی بڵێن
ئەدی تۆ چیت هەیە یارۆ
چکێکمان لەگەڵا بەشکە
دەشیەوێ هەر تاجی سەر بێ
دەشیەوێ تاقانە خونچەی
دەشت و دەر بێ

2010

## والی

ووتیان ، ئەگەر
شایەتمان هەق بەنووری
ماهی تابانی ڕوخساری ئەو نەهێنێ
قامکی دۆشاو مژەت دەبڕێ
ووتیان ، ئەگەر
وەکو بولبولێکی شەیدا
بەڕۆژو شەو
بۆ چاوە هەنگوینیەکانی
ئەو نەخوێنی
زارت دەکات بەئیسفنج و
لەسەر تەختەی ڕەشی گەردوون
دوایین ووشەی ناوت دەسڕێ
ووتیان ، ئەگەر
لەجیاتی تاج ، نەی کەیتەسەر
لەبری پۆشاک ، نەی کەیتەبەر
لەشوێن جامانە ، نەی بەستی
لەجێی گۆچان ، نەچیە دەستی
وەکو خوداش ، نەی پەرستی
دوو بیلبیلەی چاوەکانت
دەکات بەدوو دەنکە هەڵمات
لەسەر وەختی بێزاریاو

بۆ سوكنایی ڕوحی پەستی
تیل تیلێنیان پێوە دەكات
ووتیان ، ئەگەر
ووتم ، نەخێر
عەیامی گورگانەشەوێ و
شەولەبان و
حوچەكەی بن فەلەك ، گوزەشت
من ئەو كەسەم پێ ڕەوایە
بیابانی
ووشك و ڕووتەڵی نیشتیمان
دەكات بەگوڵزاری بەهەشت
نەك ئەو نیگار كێشە پەستەی
بەفڵچەی میزاجی خەستەی
تابلۆی ژیان
پڕاوپڕكا لەچاوی سوور
لەهێڵی سوور
لەمەودای ترسی بێ سنوور

2010

## گوڵ و دڕک

ئەگەر پێت ناکرێ گوڵ بی
خشتێک لەئاسمان نارِمێ و
چرکەساتێکی ئەم دەهرە ساتمە ناکا
گەردیلەیەک لەگەردوونیش
فەنا نابێ
ئەگەر پێت ناکرێ گوڵ بی
سەفەرە سەوزەکەی بەهار
دوا ناکەوێ و
هەورە خەستەکانی گولان هەڵناپروێن
ئێوارە ئاڵتونیەکانی جۆزەردانیش
کاڵ نابنەوە
ئەگەر پێت ناکرێ گوڵ بی
ئەستێرە بێ جلیوە نابێ و
مانگەشەو بێ عیشوە نابێ و
هەتاو نابێ بەنارنجی زەردی گوشراو
ئەگەر پێت ناکرێ گوڵ بی
لەکازیوەی بەیانێکی موحیبەتا
خۆ دەتوانی
پوشی دەم بارِەشی کینەی سرکیش نەبی
خۆ دەتوانی
گەڵای سەوزی لق و چڵ بی
ئەگەر پێت ناکرێ گوڵ بی
هەر هیچ نەبێ
خۆ دەتوانی .. دڕکیش نەبی

2010

## من و عیشق و ئەو

ئەو دەڵێ هەلوەسەی نەفسەو وەسوەسەی شەیتان و خێو
من دەڵێم کۆنسێرتی روحە ، سۆزی عیشقی نێرو مێ
ئەو دەڵێ تێزابی کوفرەو ژەهری دوپشکی بزێو
من دەڵێم تۆفانی هەستە ، شەونمی لێوی بەسوێ

ئەو دەڵێ سێوی ناکامە ، سومبلی مەکری حەوا
من دەڵێم ئەوپەڕی تامە ، چێژی میوەی سنگی یار
ئەو دەڵێ عەینی نەفرەت بوو ئادەمێکی تەفرەدا
من دەڵێم ڕەشماری زوڵفە ، حاریسی ماهی ڕوخسار

ئەو دەڵێ تیری تاوانەو شەرارەی جورمی ئەنقەست
سەوزو ووشکت دەسوتێنێ وەک بڵێسەی جەهەنەم
من دەڵێم شاباشی خۆرە ، نیگای جووتێ چاوی مەست
دەعوەنامەی پڕ نیبیازی خاتو زینێکە بۆ مەم

ئەو دەڵێ ئەم بەزمە ڕاوی روحی بێگەردەو ، دەروون
نوقمی گۆمی زەوق ئەکات و تەمتومانی تەفرەدان
من دەڵێم ئەم هێزی جەزبە حیکمەتی بوونەو نەبوون
کۆشی گەرم و نەرمی عیشقە نیشتیمانی عاشیقان

ئەو دەڵێ دەرسی گوناهەو مەکتەبی عەیب و حەرام
باسی عیشق و هەر هەوارێ بۆنی عیشقی لێوە بێ
من دەڵێم بوستانی ژینەو پڕ گوڵ و میوەی بەتام
سەروەرە ، ئەو کەسەی لێوی چرۆی ماچی پێوە بێ

2010

**بۆمەرگی سەردەشت عوسمان**

**مەرگی قەڵەم**

**قەڵەمێکی نەونەمامی**
**تریان شکاند**
**دە گوڵ پەنجەی تر هەڵوەرین**
**پەڕەیەکی ڕووبەفرینی تریان دڕاند**
**دەیان ڕێژنە ووشەی تری**
**یاخی و حەرام**
**لەهەوری سووری دڵ بارین**
**ترێ ڕەشکەی دوو چاوی تر**
**بوون بەمێوژ**
**دڵی مۆمێکی یەکشەوەی تریش وەستا**
**لێوێکی تر**
**دڕکی مەرگ ، بێدەنگی کرد**
**لەئاسمانە قەترانیەکەی**
**ئەم هەوارە بێ خەونەدا**
**ئەستێرەیەکی تر .. کشا**
**پەپوولەی روحێکی تریش**
**بەرەو گوڵزاری نەمریی**
**فڕی .. فڕی**
**تفەنگ بازێکی بێ حورمەت**
**ئەوی فرۆشت**
**سێبەرێکی ترسنۆکیش**
**بەمەرگی ئەو**
**راحەتی بالی خۆی کڕی**

2010

## بەرەو ئازادی

بەری دەلاقەکەی ئاسمان
بگرن بەدالّ
تۆڕی جالّجالّۆکەی گومان
هەلّخەن بۆ خەو
بۆ ئارەزوو ، خولیا ، خەیالّ
هەورە گرژو مۆنەکانیش
لەکازیوەی بەیانەوە تازەردەپەڕ
بەردەنە گیانی خۆرەتاو
ناخی شاخی بەرزی وورەش
بکرێ بەئاو
لەجێی باران .. تەور ببارێ
لەجێی بەفریش
ئاسن و گڕی جەور ببارێ
چاوە شینەکانی ئاسۆش
پڕکەن لەدڕکی ڕەشەبا
گەورەترین قوفلّیش بدەن
لەگشت گۆشەکانی نیگا
دەیان دەسکی
دەستاڕی خەڕەکی مێژووی سواو بادەن
سەدان پەردەی وەهمیش لەسەر
پەیکەری پیرۆزیی لادەن
لەهەر بستێکی گەردوونا

هەزاران پاسەوان هەبن
من لەیەک شت بێگومانم
زەڕنەقووتە تەڕەکانی نیشتمانم
هەر فێری باڵەفڕکێ دەبن

## 2010
## خەوی فیرعەونیی

هەموو دەریا
لە پێکێکدا دەخواتەوەو
لێوی ووشکە
بەماسیە جەحێلەکانی
ژێر بەردە لووسەکانی
چەمە گچکەکانیش دەڵێ
ئاژاوەچی
باوەجوو ، ئەو
ئۆقیان بەموڵکی خۆی دەزانێ
موڵک ، بەدیاریی یەزدان و
خۆیشی بەفریشتەی دەریا
مەرامێتی ئێمەش هەموو
لەمەدارە ئەفسانەییەکەی خۆیداو
وەک پۆلێ شەپۆلی دەروێش
شەپۆلی بێ نرخ و گەلحۆ

بەدەوریدا
سەمای کڕنووش ، سەمای زیکرو
تەزبیحاتی ئەمەکداریی
بۆ ئەوی تاقانە ڕێکخەین
وەلێ .. هەیهات
لەم عەیامە جەنجاڵەدا
دەستی هیچ زاتێ بەسێوی
خەوێکی فیرعەونیی ناگات

2010

## بێدەنگ نابم

ئەگەر زمانیشم ببڕن
پەنجەکانم دێنە دووان
پەنجەکانم هەڵوەرێنن
سوپایەک برژانگی دیدە
لەسەنگەردان .. بێدەنگ نابم
من مناڵی هەوری بەرزو
گەردەلوولی کۆڵنەدانم
بەسەر گوڵدا وەکو وەشتم
بەسەر دڕکا وەک تۆفانم

نەک هەر درکێکی تەنیا بی
جەخارستانی دونیا بی
بێدەنگ نابم
ئەگەر کوڕە بەنازەکەی
مریەمیش بی بێدەنگ نابم
ئەگەر دوا نەسڵی بێگەردی
ئادەمیش بی بێدەنگ نابم
نەک هەر میرو شاهەنشا بی
ئەگەر دوا تەتەری خوا
بی بێدەنگ نابم
نەک هەر مانگ و ئەستێرە بی
لەشەوگاری تەم و تارا
دوا تروسکەی هەتاویش بی
لەدەهرێکی بێ بەهارا
نەک شەهابی گەڕیدە بی
ئەگەر ڕووناکی دیدە بی
بێدەنگ نابم
ئەگەر پێدەشتی گەنم بی
لەوەختی ووشکەساڵیدا
ئەکەر جۆگەی زیندەگی بی
لەسەحرای ژینی خاڵیدا
نەک هاوخوێن و زمانیش بی
ئەگەر روحی ڕەوانیش بی

بێدەنگ نابم

سوێند بێ بەهەرچی فرمێسکی

سەر کوڵمی قاشی عاشقانە

سوێند بێ بەهەرچی پیرۆزو

هەرچی سۆزو هەرچی جوانە

لەسەر هەڵوەرینی گوڵێ

لەسەر شکاندنی شوشەی

کریستاڵی ناسکە دڵێ

لەهەر شوێن و هەر سەردەمێ

دەتکەم بەپەندی عالەمێ

2010

## خەو

دوێشەو کەسێ هاتەخەوم

ووتم تۆ کێی

ووتی ئەگەر خوداناس بی

من هەواڵنێرێکی ئەوم

ووتم دەبێژە دەی یارۆ

لە عەرشی ئەو رەحمانەوە

چ هەواڵێکی نوێت پێیە بۆ ئەوانە
چاوەڕێی سێبەری تەرمی
ئەو پەپوولە پاییزانەن
کەگەردەلوولی شومی جەنگ فڕاندنی
ئەو جەنگانەی بەدەستێکی
داوەتنامەی بەهەشتی ئەو دنیا ئەدات
بەمرۆڤە سادەکان و
بەدەستێکی تری تاپۆی
بەهەشتی ئەم دنیا ئەدات
بەمیرزادەکانی زەوی
چ هەواڵێکی نوێت پێی
لەوەڵامی ئەو نامانەی
لەشەوە حەرامەکانی ڕازی عیشقا
کچە شەرمنەکانی حەوا ناردیانن
بۆ کوڕە یاخیەکانی ئادەم
ئاگری دۆزەخەی ئەویش سوتاندنی
چ هەواڵێکی نوێت پێیە
بۆ قەرەبوی هەزاران نێرگزی خنکاو
بەبۆنی سێو
ئەو سێوانەی لەڕۆژگاری ئادەمەوە
هەردەمەی بەزمێکی نوێمان پێدەگێڕن
وەک ئەوەی خوا
تۆڵەی یەکەم دارسێومان لێ بکاتەوە
ئەو دارسێوەی بۆ ئێمە بوو بەسێدارە و
دارەمەیتی مەرگی ناوەخت و ناکاو
ووتم دەبێژە دەی یارۆ
لە عەرشی ئەو ڕەحمانەوە

بۆ وەڵامی ئەو هەموو دەردە بەسوێیە
چ هەواڵێکی نوێت پێیە
ووتی هەر هیچ
منیش لەحەسرەتی وەڵام
کەوەک دوپشکێ پێوەی دام
بووم بەزەرنەقوتەی رووتی
ژێر رەهێڵەو .. لەخەو هەستام

2010
## بەڵگە

-1-
بەئەسپایی دەستم گێرا
بەنێو قژی ئاوریشمیا
پەنجەکانم
بوون بەپەپوولەو هەڵفرین
بەچرپە ، نهێنی ناویم
بۆ مانگ درکاند
مانگ بوو بەپاسەوانێکی مت
لەبەردەم حەزرەتی حوسناو
پوشی زەردی لێوی منیش
شکۆفەی گرت
لەژێر پەردەی چاویلکەوە

چاوم شەبەنگێکی دزی
لەبریسکەی ئەستێرەکانی چاوی ئەو
عەجەب یاران
ئەشکەوتی بێ چرای ناخم
بوو بەکۆشکی کریستاڵی و
پڕ بوو لە پەلکەزێڕنەی ڕازو موراد
کەسرەوەی هەناسەکەشی
خۆیدا لەڕووم .. ئەوجا زانیم
لەم پاییزی ئەوینەدا
لەم عومری هەڵوەرینەدا
هێشتا روح لەبەرێکی زیندووم

-2-

چاوەکانی
لەهەوری گەواڵ گەواڵی پاییز دەچن
بەئاستەم نەرمە وەشتێکی
خەمی دڵیان لێ دەبارێ
خودی تەبعی خۆیان وایە
هەر بۆیە ، هەر دڵۆپێکی
ئەوەندەی نرخی یاقوتێ
لەدڵما گران بەهایە
قامەتی ، بەژنی دارێکی
بەئەزموونە لەگەڵ بایا
گوڵی .. یاخی
چڵی .. سەرکەش
چنگی ڕەگی ، گیرە لەخاک

خودی تەبعی خۆیە وایە
بۆیە هەرگیز خورپەی سڵ و
لەرزی گەڕیانی هەڵوەرین
بەجەستەیدا ، ئەبەد نایە
دڵی ، دەریایەکی پەنگە
لێوان لێوە لەزیندەگی
وەلێ نەنگە ، وەها ئاسان
مەرام و ڕاز بدرکێنێ
خودی تەبعی خۆیە وایە
بۆیە مەعلوم نیە ، کەنگێ
لەهەڵچوونەو ئەدی کەنگێ
لەخەڵوەت و سکونایە

2010

## من و تۆ

-1-

لەخۆر دەچیت , ساتی دووریت
وەرزی زوێر بوون و تۆران
دنیا دەبێ بەیەخچاڵ و ماڵی دڵم
بەجەمسەری سەهۆڵبەندان
ساتی نزیک بوونەوەش لێت
نەک هەر جەستە
بەپوولەی روحیش دەسوتێت

-2-

**لەمانگ دەچیت**
**بێ تو ، شەوم قەترانیەو**
**نغرۆی خەم و ئاهی سەردم**
**وەک مەلێکی لەپۆل جێماو**
**تەرەو تەنیاو بێ هاودەردم**
**کەدەبی بەچواردە شەویش**
**خۆ ناپرسی**
**ئاخۆ ماندووم یان شەکەتم**
**خەو لەچاوم دەتۆرێنی و**
**دەڵێی لەمەحکەمەی دەهرا**
**تۆ مودەعی و**
**منیش باوان کوژەکەتم**

-3-

**لەئاو دەچی یان لەباران**
**گەر نەبارێی یان نەچۆڕێی**
**من خۆم دەبم بەدەشتی دێم**
**زەمەن ، وەرزی ووشکەساڵی**
**ساتێ لەناکاویش کەدێی**
**وەکو تۆفان ، وەکو زریان**
**یان لەخۆتا نغرۆم دەکەی**
**یان وەکو کەپرێکی خاپوور**
**ڕام .. دەماڵی**

-4-

لەبا دەچیت , یا هەر نایەیت
لەجۆزەردانی تەمەندا
گیانم شەلاڵی شەونمی شەرم دەکەی
یان کەهاتی ، دەمەو خەزان
وەک ڕەشەبا
سوچ بەسوچ ، قوژبن بەقوژبن
پوش و خەرمانی ئارەزووم
لەیەکتر دەکەیتە دوژمن

-5-

لەگوڵ دەچیت , لەسەر چڵ بیت
چاوەکانم دەبنە دوو زەنگۆڵەی لەریو
بتخەمە نێو گوڵدانەکەی بەرپەنجەرەی
ژوورەکەشم
زۆر دەترسم ، پرسە بگرم
بۆ عیشقێکی زوو هەڵوەریو

-6-

لەهەرچیەک بچی تەنیا
لەخاک ناچی
چونکە ئەو لەم عەیامەدا
کەبازاڕی هەڕاجی گشت بەهاکانە
نرخی لەسەر دانراوەو

دەشێ بۆ ئاڵوگۆڕ کردن
لەگەل نرخی زێڕو زیودا
نەبا هەڵچێ ،یاخو داچی

2010

## خەمی گەورە

تەمەن ڕوو لەکرێوەیە
سوپای بەفریش ، هێدی هێدی
خاکی ڕیشم داگیر ئەکاو پەنجەکانم
وەکو چۆلەکە پاساری هەڵکورماون
تەنانەت پیاڵە چایەکیان پێناگیرێ
بەلاّم تۆ بێ خەمبە ئازیز
ئەوەی تەنیا پێیانەوە گیرئەمێنێ
یەخەی تۆیەو مەگەر مەرگ
بەزۆر لێیان ڕا پسکێنێ
بەرەو ئێوارەی عومر ئەڕۆم
ترێ ڕەشکەی چاوەکانم بەم زووانە
ئەبنە مێووژ
باوەجو من لەمناڵیەوە شەوکوێرم و
بەتاریکی چاوم تراویلکە ئەکا
بەلاّم تۆ بێ خەمبە ئازیز

بۆ بینینت ، پێویستم بەدیدە نیە
لەروحمدا هەڵمگرتووی
عومری لاویم لەهەورازا سەرفکردو
لەلوتکەشا
نەرمەشەماڵێکی بەخت یارم نەبوو
پشتم بوو بەچەمەی گۆچان
هەردوو لاقم هێندە ماندوون
دەترسێم ئێستاکە کەوا
بەرەو نشێوی عومر ئەڕۆم
تینیان نەبێ ، هەڵم بگرن
بەرەو دوایین ژوانی تۆ
ئەمە خەمی گەورەی منە
نەوەک مردن ..!!

2010

## خۆڵ

ئێمەش دەبینەوە بەئەو
پاش دواسەفەری بێگەڕانەوەی جەستەو
دوافڕینی بێ نیشتنەوەی
هەموو ڕەنگاڵەکانی هەست

پەیکەرتاشێکی بەسەلیقەش
لەئاوی مارەی دەکات و
روح دەکاتەوە بەری
کەسروشتیش تورە دەبێ
دەیبارێنێ بەسەرمانداو هەندێ جارێش
دەبێت بەگۆزەی سەرشانی
شەنگەبێریە بەژن بەرزو
کەمەر تەنگەکانی لادێ
تانهێنیەکانی سەرکانی
بۆ کوڕە چاو برسیەکانی
جورمی عیشق ، بدرکێنێ
بەردوامیش جامبازەکانی نیشتیمان
لەجیاتی کل ، چاومانی پێدەڕێژن و
ئەگەرچی نرخی جیاوازە ، لێرەو لەوێ
بەلای گەورە ئەوساتەیە
لەداستانی گیانبازیا
قەزای پڕ بەچنگێکی ئەو لەهەزاران
عاشقی سەرگەرم و شەیدای
باخە هەڵواسراوەکان شاری ئازادی بکەوێ
دوا مەتافیش
ئێمەش دەبینەوەو بەئەو

# ئاو

سفری دەسپێکی سەفەری هەموومانە
بێ ڕەنگە وەک حەقیقەت و
بێ دەنگە وەک
چرکەساتی ژوانی نوتفێ بەهێلکە
لەنجەی لەلەنجەی پەنهانی ڕۆژگار دەچێ
سیحری ، لەسیحری زیندەگی
تامی لەگەڵ تامی روحا خۆی دەگۆڕێ
شیرین وەکو کارێزەکانی موحیبەت
سوێر وەک شەونمی جەبینی
گەڵا وەریوەکانی ڕەنج
تفت وەک بەهێی نەگەیو
لەوەرزی گومڕایی فاما
بێ تام و بۆن
وەک دڵۆپەی گوێسەبانەکانی شەرم
کاتێ بەلاجانگی لووسی
عورفو نەریتا دێتەخوار
ترش وەکو فرمێسکەکانی تیمساح و
ڕێژنە بارانی بەخوڕی چاوی گورگ
هەندێ جاریش زەردو بۆگەن
وەکو لیکی لاشەویلگەی خیانەت و
ڕشانەوەی چاوچنۆکی ..
تاڵیش وەکو قەترانی ناخێکی بیمار

لەبەر بێ میهری و بێ دادیی
دادخانەکەی ئەم زەمانە
بێ ڕەنگە وەک حەقیقەت و
سفری دەستپێکی سەفەری هەموومانە

## بــا

لەئەفسوونا
لەباڵندە ئەفسانەییەکانی دورگەی
خەیاڵ دەچێت
یان مناڵێکی بزێوی
سرک و دەستباز .. لەیاریا
لەمیهرەبانیا دەڵێ
لەدەربەندی دڵی دایکەوە هەڵدەکاو
لەغرورا ، هەر لەجنسی پیاو دەچێت و
لەڕق و تورە بوونیا لە .. گا
لەعیشقیشا تەتەرێکی بەئەمکی
نێوان گوڵ و هەڵاڵەیەو
لەمەکریشا ، بزەی لێوی مۆنالیزا
هاوسەفەرێکی روح سوکە
لەئێوارەی گەرمەسێرا
وەلێ جێی متمانە نیەو

**دەشێ لەدزە نیگایەکدا**
**مەزاجی بێ ئەمانی خۆی وەربگێڕێ و**
**دژ بەکەشتیی نیاز بجمێ**
**هەر ئەویشە .. عەیامێکە**
**کۆلارەکانی خەیاڵمان فڕیو ئەدا**
**تاکو بەرزترین مەداو**
**لەپڕ خۆیمان لێ وون دەکات و کپ دەبێ**
**لەمەیاندا ، هەر کتومت**
**لەنووسەرە دەربارەکانی هەواری**
**خۆمان دەچێ**

## 2010

## حیزب

-1-

**پەنجەرە کریستاڵیەکانی**
**ژووری خەوتان توند کلۆم دەن**
**پەردەکانیش بالەپێستی وورچ و گابن**
**خەونەکانیش بەو بەتانیانە داپۆشن**
**کەنیگاری پڵنگێکیان لەسەر نەخشەو**
**نەکەن دەرگای**
**دۆلابەکانی نهێنی و جلکی شەوتان**

بەکراوەیی جێ بهێڵن
لەهەر سوچ و قوژبنێکی ماڵەکەشدا
تەڵەی مشکتان بیر نەچێ
قوفڵێکی گەورەی گومانیش
لەدوا دەرگای متمانە دەن
چاوەزارێک
بۆ چاوی پیسی بەدکارو
ناڵی بارگیرێکی شەلیش
بەگوێسەبانەکەی بەختا شۆڕکەنەوە
نەوەک سواڵکەرێکی بەرباد
ئیرەییتان پێ بەرێت و
یان بکەونە بەر نەفەسی
قەرەجێکی بێ نیشتیمان
فەرشی دڕکیشتان بیر نەچێ
لەبەر دەروازەکەی حەوشە
دەڵێن گوایە دەعبایەکی زۆر بێ شەرم
پەیدا بووە ، بەگشت کەلەبەرێکدا دەچێ
ناوی (حیزبە)و .. کاتێ کەدێ
خۆیتان لێدەکا بەوەنەوشە

-2-

بەگشت پەنجەیەکدا دەچێ و
هەموو جۆرە نقێمێکیشی بۆ دەبێ
ئەشێ بۆ گشت بۆنەیەکیش

ئەگەر لەخۆیانی بکڕی ..
ئەڵقەی حیزب
بۆ قژی چەورو ووشک دەبێ
چارەسەرە بۆ کرێش و ڕشک و ئەسپێش
جوانترین ڕەونەقیش ئەدا بەئەگریجە
ئەگەر خۆیان بۆت بنووسن ..
شامپۆی حیزب
لەهەموو گوێیەکی دەکەن گوێڕایەڵ بێ
ئەگەر نا مۆڵەتی جوانیی پێنابەخشن
لە پێشبڕکێی جوانترین گوێی جیهانیدا
گوارەی حیزب
لەگشت گۆشەیەکەوە خۆتی تیا دەبینی
ڕاست و چەپیش وەک خۆیەتی و
چۆنت بوێ سیماشت وا نیشان ئەدا
ئەگەر لەبەرهەیوانەکەی خۆیانەوە
سەیری بکەی .. ئاوێنەکەی ماڵی حیزب
نەک لەزم زم
لەبارانی فرمێسکی خواش پیرۆزترەوو
دەچین چڵکی لەش دەشۆرێ
ئەگەر پاش سەدەیەک گوناه
بەمەرامی تۆبەبە خوتی پێ بشۆری ..
ئاوی حەمامۆکی حیزب
کاڵایەکەو بەهەموو باڵایەک دەبێ
لەزستانا ، گەرم هێندەی فەرووی وورچ و
لەهاوینا ، فێنک وەک توێی ئاوی کانی
ئەگەرچی مۆدێلی زۆرە
وەلێ هەر یەک ڕەنگی هەیەو

لەبەریکەیت دەبیت بەپادشای جوانی
ئەگەر لای خۆیانی بدروی .. کراسی حیزب
وەک مەلێکی ئەفسوناوی
ئەگەر باڵیشت نەبێ
بەرەو ئاسمانی ڕەهایی دەتفڕێنێ
لەوێشەوە هەموو دونیا
بەجۆرێکی تر دەبینی
هەر وەک ئەوەی خۆت دەتەوێ
گەر بەکرەکەی بەدەستی خۆیانەوە بێ
کۆلارەی خەیاڵی حیزب
هەموو دەرگاکانی ژیان دەکاتەوە
دەرگای خەزنەکانی زێڕو
عەمبارەکانی گەنم و
کۆشکە سەرسوڕمێنەرەکانی قەراخ شارو
بێستانەکانی شوهرەت و
پەنجەرەکانی فرسەت و
دەرگا سیحراویەکەی بەختیش
گەر ئەو دەستانە ماچکرێن هەڵیدەگرن
کلیلی حیزب

2010

## خەمبار مەبە

خەمبار مەبە ئەی ڕێبوار
گشت ڕیگەکان
هەر ئەچنەوە بۆ سەرکانی
چێژی کۆچیش لەوەدایە
لەگاپێڵ و لەهەورازا
هەست بەدرکی غوربەت بکەی
لەژێر پێتاو
لەشەوە پاییزیەکانیشا
هەلاڵەی خەوەکانت بفڕن
لەگەڵ با
ئەو خەوانەی لەئامێزی
عەبا لوول بووەکەی شەوا
هەر بەڕوخساری مانگەوە
ئەیانبینی و بەیانیانیش
یان بۆڵەبۆڵی هەورێکی
وێڵی جێماو
دیەت لەخەو ئەتۆرێنێ
یان خرینگەی
ڕێژنە بارانێکی تورە
کەلەوەختێکی ناوەخت و
لەجێیەکی نابەجێا یەتەخوارێ
تۆش هەر چاوەڕێی هەتاوی
لەبۆ شەنی سەرو مایەت

هەموو دێن و هەموو دەڕۆن
هەر ئەو نایەت
خەمبار مەبە ئەی ڕێبوار
گشت ڕێگەکان
هەر ئەچنەوە بۆ سەرکانی
ئەزانم خۆ ، عەیامێکە
روحت جەستەی جێ هێشتووەو
بەناچاری وەک دوو غەریب
لەیەک خەراباتا ئەژین
ئەزانم خۆ ، ساڵەکانت
لێرە هەر وەرزی پاییزن
تەمەنیشت درەختێکەو هەندێ گەڵای پێوەماوە
هاکا ئەوانیش هەڵوەرین
بەڵام یارۆ
تۆش هیچ نەبێ خەونت هەیەو
خەون .. هیوا
ئەشێ ڕۆژێ لەکۆچێکی بەرەو ژوورا
خۆ ئەگەر بەر لەمەرگیش بێ
ماڵی چۆڵ و هۆڵی روحت
پڕ بێتەوە لەگۆرانی
خەمبار مەبە .. ئەی ڕێبوار
گشت ڕێگەکان
هەر ئەچنەوە بۆ سەرکانی

2010

## نغرۆ لەعیشقا

دەستم ناگا بەپوشێکی سەرئاو کەوتووی میهری خودا
گوناهی دەست کورتی خۆمە یان گوناهی بێ میهریی ئەو
نیگام نغرۆی چەمی زارەو دڵم خوناوی لێ ئەتکێ
ڕەنگی بەختی تۆیە ئەی ناخ یاخو زولفی قەترانیی شەو

دڵم بورکانێکی ماتە لەژێر کێوی بەفر پۆشا
لەنێویا گڕ سەماکارەو سەری لەکۆشی تەمدایە
لەپاییزیا ڕاز ئەبارێ بەهاریشی خەم ئەپشکوێ
موچڕکەی ، نەعرەتەی عیشقەو ماتەمی ، شینی زەریایە

توخنی گەڵای زەردی عومری وەریوم مەکەوە ئەی با
من درەختێکی بێ عارم هەموو عومرم گوڵێ ئەگرم
نەکەی کوڵمی بڕوشێنی بەسرووەیەک ، بەچرپەیەک
گەر لەفیردەوسەوە هەڵکەی ڕەگو ڕیشەت لەبن دەبڕم

بەهەندی وەرگرە ئەی با ، گەمەی جەنگت لەگەڵ ناکەم
دڵم بورکانێکی ماتەو من لەنەسلی دڕک و خارم
گەر بەلاما گوزەرت کرد ، تائەتوانی دوورکەوە لێم
نەک بەڕێکەوت لێم بکەوی ، من درەختێکی بێ عارم

ئازیزان : لێرەوە بەشی دووەمی ئەم دیوانە دەخەمە بەردیدەتان کەڕیزبەندی مێژووی نووسینی شیعرەکان لەساڵی 2007 وە بەرەو دوا بۆ سەرەتاکانی ساڵانی نەوەدەکانە، ڕەنگە هەندێ شیعریان تێدابێ کەزەمەنی ڕووداوەکانیان دوورن لەئەمڕۆ بەڵام پێم باش بوو کەلەم کتێبەدا شوێنێکیان بۆ بکەمەوە تاوەکو چیتر زەمەنیان دوورتر نەکەوێتەوە لەمڕۆ بەهەر حاڵ ئەو ڕووداوانەش هەر بەشێکن لەمێژوو ڕەنگە بەجۆرێ لەجۆرەکان خۆیان دووبارە کردبێتەوە یاخود دووبارە ببنەوە

2007

## هەبوو نەبوو

ئێوە خۆتان لەسەرابی
خەوە خواوەندیەکانا مەلە ئەکەن
دەنا ئێمە چ پێویستمان
بەشۆڕەسواری سەر ئەسپە
باڵدارەکەی خەیاڵتانە
ئێوە خۆتان لەدوڕیانی
ترسناکی ئاییندەیا قەتیس ماون
ئەمڕۆ ئەڕۆن .. یا سبەینێ
دەنا ئێمە چ پێویستمان
بەشەوپاسی
سەگەکانی بەرماڵتانە
ئەم قۆزاخە ئاوریشمییەی

خۆتانی تیا حەشار ئەدەن
هێندە نەرمە
بەرگەی گڕی خۆسوتانی
مۆمی ئەم مێژووە ناگرێ
ئێوە داڵغە فیرعەونەکان لێ ئەدەن و
خۆتان بەکوڕی پیرۆزی خوا ئەزانن
پێتان وایە
زەمەن هەر ئەمڕۆیەو سبەی
سێبەری گیانێکی وێڵە
ئەم ، هەر ئەڕواو
ئەو ، هەر نایە
وەلێ ، بێ شک ڕۆژگارێ دێ
ئەڵێن گوایە زەمانی زوو
بێچوە ئەهریمەنێکی هەبوو
وای ئەزانی تاسەر ئەژی و
قەت نامرێ
وای ئەزانی هیچ گەردنێ
بەرگەی تەورە دەم زەردەکەی
ئەم ناگرێ
ئەڵێن گوایە چنگی مێژوو
ڕۆژێ یەخەی ئەویشی گرت
ئەویشی کرد بەداستان و
بەڕۆمان و بەڕابردوو
ئەڵێن گوایە
هەبوو .. نەبوو

2007

## یادێکی درەنگ

سەدەی بیستویەکەو گوڵم
وەلێ هێشتا لەڕۆژهەڵات
کۆترە کۆچەریەکانی وێ بێ هێلانەو
چرۆ چاو خەواڵوەکانیش
چاوەڕوانی
نەرمە بارانێکی سودفەی ئەم زەمانەو
پەپوولەکانی ئومێدیش
شەوارەی کەوتووی سەرابی
نەریتێکی تۆز لێ نیشتووی ئەم جیهانەن
سەدەی بیستویەکەو گوڵم
برینەکان لێوکراوەی خەنجەرێکن
خوێنی غەدرو
تکەی شەرمیان لێ ئەچۆڕێ
نەزامپیێچ و نەژان شکێن داڵدە ئەدەن
هەر جەخاری دەوری گوڵەو دڵ ئەپێکێ
هەر قەتاری کۆچی عیشقەو
ناگاتەجێ
مناڵە گڕۆزەکەی روحیش
تازە فێری دارەدارەو
تەتەو بقڤەو گغغە ئەبێ

سەدی بیستویەکەو گوڵم
گوڵرِنە عەییارەکانی سیاسەت و
جادوگەرانی فەلسەفەو
خۆبەخاوەن زانەکانی حەقیقەت و
دەردەکانی دڵم فرەن
بەگومانم لێیان گوڵم
خۆیان نەهەنگ تەبیعەتن
یاخو کرمی سەرقولاپی ماسی گرەن
سەدەی بیستویەکەو گوڵم
تەنا پۆرِە وەرزیەکانیش خاوەن شوێنن
خاوەن کات و کۆڵەپشتێکن لەیادو
زەرِنەقوتەکانی هوماش
تازە مژدەی زیندەخەوێ بۆ من دێنن
سەدەی بیستویەکەو گوڵم
خاک خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیدا
زستان نغرۆی
حەسرەتێکی سپی باوەو
پاییز لێواولێوە لەزەرد
بەهار بێزار لەسەوزو سور
بارانیش هەر بەشەرمەوە
ئەرژێتەوە سەر سنگی هەرد
نێگزیش بەلێنی داوە ، نەروێتەوە
ئەگەر دیسان بدرێتەوە
لەژێر پشتوێنەکەی نامەرد
تەنیا تاوانی من و تۆ
نییە گوڵم
تازە رێبوارێکی نامۆ دێتە رێمان

تازە چیرۆکێکی تری
دایە  پیرەی کن ئاگردان
درەنگ ئەگاتە بەرگوێمان
تەنیا تاوانی من و تۆ ، نیە گوڵم
ئەبێ پرسیش لەوانەکەین
دەستی میهرو موحیبەتیان
ئەخستە ناو دەستی ڕەقیب
ئەبێ پرسیش لەوانەکەین کەبڕیاری
نان و خەندەو هەناسەیان
لەبن دەستەو .. پێیان بڵێین
دەوای دەردی دڵی خۆمان
بەخۆمانە ، نەک بەتەبیب
سەدی بیستویەکەو گوڵم
ژیان شاژنێکی شۆخی چاوبەڵەکە
بە پەنجە شمشاڵیەکانی
ئاوریشمی قژ شانەئەکاو
لەبەر ئاوێنەی تەمەنا خۆی ئەگۆڕێ
بۆ ئاهەنگی وەرزێکی نوێ
ژیان سەرگەرمی سەمایە
ژیان سەرمەستی ئاهەنگە
ئیتر کاڵای کۆن بەباڵای
ئێمەش تەنگە
لەئەمڕۆوە ئیتر بۆ عیشق
بۆ ڕەهابوون
هەموو کاتێ هەر درەنگە

2007

## وەرزەکانی تەمەن

### مناڵیی

پەڕی بێگەردی یەکەم وەرزی یاد
تەمەن بەخامەی پەنجە نەرمەکان
ڕازو نیازی لەسەر ئەنووسێ
نیگارێکی پڕلەڕەنگی سرووشت
جوانتر لەسیمای شازی فریشتە
ئاوازی میهرە ئەگاتە بەر گوێ

خەون پەپوولەی بەرچرای ناخە
خۆزگە ڕوتوقوت،نیگا بێ پەردە
خەمەکان سادەن,ئارەزوو ڕاستگۆ
کیشوەرێکی پڕ سیحرو نهێنی
کەرنەڤاڵی ڕەنگ،ڤیستیڤاڵی دەنگ
پەلکەزێڕینەی جوانتر لەئاسۆ

### لاویی

گوڵەوەچنەیەک لەگەنمی روح و
کەوچکە هەنگوینێ بۆ قاوەی تەمەن

عارەقەی سوێری ڕەنج و هیلاکییش
پریاسکەیەکی پڕ بزەو خورپە
چرۆی ئەوین و دڕکی جودایی
خەون و حەقیقەت،خەم و بێباکییش

کەشتیەکی نێو دەریای شپرزە
بارەش ئەیهێنێ و سروەک ئەی باو
هەمیشە شەیدای نەورەسی کەنار
ئەسپێکی سرک و بزێوی دەشتیی
هیچ شۆڕەسواری سان ماڵیی ناکا
بەرەوتی هێمن یا بەرەوتی غار

## پیریی

شوشەی بەتاڵی شەرابێکی کۆن
هەر کەمێ بۆن و بەرامی یادی
زەمانی پێشووی تێدا مەڵاسە
تەپەدۆرێکی کۆنی ڕزیویش
سنووری نێوان بوون و نەبوونەو
عومرێکی زۆرە خەریکی پاسە

هەر کەدەستی مەرگ گەیشتە دامەنی و
ئەو پاسەوانەی بێ خەم فرێدا
دوای سەروەنەوزێ لەچاوی زەمەن
ئەو کەمە بۆنەش لەنێو ئاسمانی

پان و بەرینی فەرامۆشی دا
پەرش بڵاوە بەسروەبای شەن

## مردن

بیر لەمردن
لەوەزیاتر ناکەمەوە
کە ڕەشەبایەکی ناوەختەو
هەر ساتێ هات
بەخۆزگەکانی ئاییندەم پرس ناکات
لێی چاوەڕێی مۆڵەتیش نیم
ڕێگەم بدات
دوا دیمەنی شانۆی خەوە
سەوزەکانی خۆم ببینم
ژیان فێری ئەوەی کردوم
بەڕۆژ لەباخی ئومێدا
مەرجە تامی پرتەقاڵی هەتاو کەم و
شەویش لەمیحرابی عیشقا
چێژ لەسیحری
توانەوەی مۆم ببینم .

2006

## سترانی دڵ

تەمەن دێت و تەمەن دەڕوا ، وەلێ تۆ هەر لەناخم دای
خەزانەو گوڵ هەموو پروا ، گوڵم تۆ هەر لەباخم دای

بیناییم تینی لێ ببڕێ ، زەمەن تانەی لەسەر ناوە
شۆڕەبی دڵ کەمەدلوولە ، حوزن چۆکی پێ دایاوە

ئەوی زریانی هیچ وەرزێ ، بەدەنکێکی زەفەر نابا
پیرۆزەی عیشقی بێگەردە ، دوڕو مەرجانی نایابە

منیش پرچم بەفر دەگرێ و دەڵێم چەندی سەفەر ماوە
تەمەن بۆ دوا وێستگە دەڕواو تازە من دێمە دونیاوە

پێم دەڵێن ئەهلی بێ مرووەت ، کەتۆ سەرداری شێتانی
بەسەزمانن کەنازانن ، گوڵم خۆت دین و ئیمانی

دەپرسن لێم ، دەزانی کێ ئەدا حوکمی ئەزەل ، فانی
دەڵێم خۆتان یەخەی گرتوون ، یەقین و شەک ، پەشیمانی

لەچاوت عەتری حەز دەڕژێ ، لەکوڵمت شەنمی شادی
لەلێو بادەی ماچێکی تەڕ ، لەگەردن گەردن ئازادی

بەخورپەی نەرمی چرپەی تۆ ، سەمای عیشقی بەر مۆم دەکەم
شەوی یەڵدای گوڵ پەرستی ، پەپوولەم زیکری خۆم دەکەم

ئەگەر جارێ شنەی عومرم ، بەناچاری کەمی هانی
دەبێ هەر یادی تۆی تیابێ ، خەزێنەی دڵ بەپەنهانی

کەتەنیا شاری حەسرەت بم ، لەپێ دەشتی ووشکی ژینا
گوڵم هەر تۆم لەباوەش بی ، بۆ من ئازادی بارینە

جێم مەهێڵە ، جێم مەهێڵە ، بۆ زریان و بۆ ڕەهێڵە
کەمن بێ تۆ پەڕەندەم و ئاسمانی فڕینم لێڵە

بەتەنیا باخی ئەم عومرەم ، بەخاوەن بەرهەمێ نابێ
هەواری حەز گەلێ دوورەو سەفەر بێ هاوخەمێ نابێ

کەمن بەرگەی هەجر نەگرم ، ئیتر بۆچی لۆمە بکرێم
کەبەرئەنجامی بوونت بم ، چ پێویستە بزانم کێم

ئەگەر ڤینۆس خۆرەتاو بێ ، تۆ تریفەی مانگەشەوی
کەجوانی ئەو بێ هاوتا بێ ، تۆ کچە جوانەکەی ئەوی

وەلێ ئازیز ئەم ژیانە ، سەفەرێکی سەرەو ژوورە
لەگەڵ ژانی بێ پایانا ، سەیرە عیشقیش بێ سنوورە

گوڵێ خۆمان دەیرووێنین ، وەلێ خۆمان بۆنی ناکەین
دەستی گوڵڕن دەیفڕێنێ و مەرجە ڕۆژێ چقڵی پیاکەین

دەنا ئەم جەنگەڵە ئازیز ، بەگوڵزاری عیشق نابێ
دەنا نەنگە وەها ئازیز ، عیشقی ئێمەش بێ بەڵا بێ

2006

## تیروتانەی بێخەمان

لەگەڵ ڕێز .. بۆ زێوەری شاعیر

پێم ئەڵێن چۆن زاتی وەتکرد نیشتمان دەرکەی لەدڵ
مێژوو نییتە کۆڵەپشت و جێی بهێڵی باخی گوڵ

من ئەڵێم چۆن هەنگ پەڕەی گوڵ جێ ئەهێڵی خەم نەبێ
چۆن قەراری هەجر ئەیا پەروانە ، داخی شەم نەبێ

پێم ئەڵێن خاکی وەتەن نادەین بەقەسری قەیسەری
وەک بەهەشت پیرۆزە شاخ و بنارو دەشت و دەری

من ئەڵێم غوربەت پەتایەو کات و شوێنی بۆ نییە
گەر قەفەس دەستکردی زێڕو دوڕڕ فرۆشبێ ، جاچییە

پێم ئەڵێن بارانی عەترەو دەرسی سەبرە بارەشی
بەفری ، دەرمانی دەروونەو یاخی بوونە ئاتەشی

من ئەڵێم ئەی بۆ گەڵای دار وەرزی زەردی کۆچ وبار
وا سەری کاسی ئەنێتە باوەشی بای شێت و هار

پێم ئەڵێن هەنگوینی ناخە ئاخ و ئێش و حەسرەتی
دڕک وداڵی ، فەرشی عیشقەو شەکری روحە ، میحنەتی

من ئەڵێم ئەی بۆ ڕووباری سەرکەشی یاخی لەگۆم
کۆڕەوی پێ خۆشترە وەک کۆشی بەربەستی کلۆم

پێم ئەڵێن بادەی عەتیقی هەست و نەستە زامەکەی
نۆشی کەو باکت نەبێ، گەر سەرقەڵا بوو جامەکەی

من ئەڵێم ئەم شەرحە تەرحی بێ خەمانە بۆ ستەم
تیروتانەی گوێ کەڕانە بۆ خوڕڕەو هاواری چەم

ئەی ڕەقیبی هاوزمان بۆ مەرگی عیزەت چی ئەڵێی
بۆ گەلاڕێزانی نێوان تۆو براکەت چی ئەڵێی

ئەی ڕەقیبان تیروتانەی بێ خەمانم لێ مەدەن
ئێوە خۆتان دارەمەیتی نیشتمان بۆ گۆڕ ئەبەن

2006

## بەڵێن

گەر ئەمجارەش هەنگاوەکان دوور لەئاسۆ ڕێگە وێڵکەن
گەر ئەمجارەش سەرابەکان بەرپەنجەرەی دیدە لێلکەن

گەر ئەمجارەش گوڵی دەنگم لەدەستانا زوو هەڵوەرێ
نەنگە دیسان بەڕێکەوتیش هەنگاو بۆلای ئێوەم بەرێ

گەر ئەمجارەش ئەم دوو دەستە هیچ نەبەخشن هەر بسێنن
عەتری بەڵێن لەبێژەنگی ژەنگ هەڵاتووی خەوا بێنن

دیارە دیسان قۆڵی نەرمی فێڵ و درۆ لەگەردنن
لەنێو کێوی پوشی تەما نوقڵەکانی خۆزگە وونن

گەر ئەمجارەش چەقۆ بکرێ بەگەردانەی بینەقاقا
سەرووەرانی نیشتیمانیش هەر وێنەبن لەنێو تاقا

دیارە دیسان وەفا دیلە بەفەرمانی فەرمی والی
سەرگوزشتەی ئەفسانەیە بۆ حەبیبە ، عیشقی نالی

گەر ئەرمجارەش لەپی حەسرەت بەناکامی لەژێر چەن بێ
دەغڵ ودانی عەرشی هەرێم بێ بژارو شنەی شەن بێ

دیارە دیسان بنی ئاسمان وەکو جاران دەرزی ڕێژە
نوکی دڕکی خۆشخەیاڵی تاکەشکەلان هەر درێژە

گەر ئەمجارەش تاجی تەوێڵ شەونمی گرت تنۆک تنۆک
قولەی قافی بەرزی عیزەت لەبەر نانا هاتە سەرچۆک

دیارە دیسان تەرازووی داد بەلای کەمدا شانی داوە
پەیکەری بێ نوتقی ژیان سەر بەرەوخوار دانراوە

گەر ئەمجارەش دایکی وەتەن مناڵدووانەی زگماکی بوو
چەشنی هەوجاڕ لەجێی خۆیدا سوڕایەوە چەرخی مێژوو

دیاره دیسان تەختی شانۆ پڕ ئەکتەری گاڵتەجاڕە
تابلۆی خەمێکی بێ ڕەنگە ئەم سەردەمە بێ ڕوخسارە

گەر ئەمجارەش لێوی ئومێد گەڵای زەردی خەندەی وەران
ئاهو ناڵەی گوڵێکی مێ سنووری عەرشی خوای بەزان

دیارە دیسان شەوق و زەوقی پڕ لەعیشوەی ئەم چرایە
داوی مەرگە بۆ پەپوولەو تراویلکەی پێش نیگایە

گەر ئەمجارەش هەنگاوەکان دوور لەئاسۆ ڕێگە وێڵکەن
گەر ئەمجارەش سەرابەکان بەرپەنجەرەی دیدە لێڵکەن

گەر ئەمجارەش گوڵی دەنگم لەدەستانا زوو هەڵوەرێ
نەنگە دیسان بەڕێکەوتیش هەنگاو بۆلای ئێوەم بەرێ

2006

## نهێنی

دەمێ کۆترێکی تەڕی هەڵکوڕماوی ژێر ڕەهێڵەی
موچڕکەی ژانی کڕێوەم بۆ ئەهاوی بەئەسپایی

دەمێ تیشکی خۆرەتاوی گەرم ونەرم وگەش وبێگەرد

ڕووباری خامۆشی دڵم ئەخەیتە سەر بەزمی شایی

دەمێ چرپەی کزی شەرمی لەدەرکی گوێم ئەدەی ئەوجا
لەشەقەی باڵ ئەدەی ئەفڕی بۆ ئاسمانی گومڕەهایی

دەمێ قرمژنی هاواری هەوری خەستی بەهارانی
دەشتی دێمی ڕازەکانم پڕ ئەکەی لەچرۆی خوایی

دەمێ کێوە بەفری ئەشکی وەرزی کزەی دابڕانی
لەگەڵ هەر گورزە ژانێکا هەرەس دەهێنی ، ئاسایی

دەمێ زریانی تریقەی پێکەنینی ئێوارانی
هەموو دونیا ئەخەملێنی بەخەندەی ڕەندی بێ دوایی

دەمێ مناڵێکی هاری، بێ ئۆقرەو گرۆزو لاسار
ڕێگە نادەی دەستبگرم بۆ ئایندەی دڵنیایی

دەمێ پیرێکی قژ بەفری ژیان دیدەو ژیرو زانا
وای تێ ئەگەم ڕابەرێ بی بۆ ئەزموون و ڕێنمایی

دەمێ ئاوی ، دەمێ ئاگر دەمێ وورشەی نەرمی شەماڵ
دەمێ قیبلەی بۆ حەقیقەت دەمێ مەودای خەون خەیاڵ .

2005

## بۆ تۆ ئەژیم

دڵم بەفری کۆسار نیە بەغەمزەی خۆر بتوێتەوە
وورده زیخی کەنار نیە شەپۆل بیبات و بێتەوە

دڵم گوڵە بەڕۆژەیەو کانی عیشقت ئاوی ئەدا
لەهەرکوێ بی ڕوو لەئەوێم ئەی کچەجوانەکەی خودا

دڵم هەوری بەهار نیە دوای ڕشتنی ڕەهێڵەی تاو
لەگەڵ سرووەی شەماڵێکا هێدی هێدی وون بێ لەچاو

دڵم نەورەسێکی سپیی گەردن بەخاڵی ئازاده
هەموو دونیای پێ ببەخشن کەنار دەریای تۆ بەرنادا

ئەی گوڵەباخ کەئەتبینم بیناییم گەش وەک ئەستێره
دڵم فێنک وەکو سرووەی شەماڵی ئەو گەرمەسێره

جێم مەهێڵە بوکی دەریا کەنار ئەم شەو نامدوێنێ
کەشتیەکی تێک شکاوم شەپۆل ئەمبات و ئەمهێنێ

سەری کاسم لەباوەش نێ فریشتەی خەو لێم تۆراوه
پەنجەت لەدڵما بڕوێنە خەزانەو هەڵوەرین باوه

ئەی لەخورپەی دڵ نزیکتر کێ ئەڵێ من فێری هەجرم
من شەپۆل بم تۆ ڕووباری ، من لەتۆیا نەبم ئەمرم

وەرە جوانێ با لەسنگما هەڵتبگرم لەجیاتی  دڵ
ئەی پاکیزە وەک خۆت وەرە وەک چۆن دێتە دنیاوە گوڵ

ئەی هەناسەی پیرۆزی خوا ئەی ڕووناکی روح و دیدەم
تۆ باوەشی نیشتیمانی و من کۆچەرێکی گەڕیدەم

گوڵ بەجارێ قات وقڕ بێ بۆتی ئەڕنم گوڵی هەستم
سوپای یەزدان غەزوی شاری دڵیشم کا ئەتپەرستم

چونکە تۆ بووی نهێنی ژین لەڕۆژانی سەرەتاوە
ئەی ڕووناکیی هەموو گەردوون بێ تۆ هەوار بێ هەتاوە

تۆ خەیاڵی یان زیندەخەو یان پەلکەزێڕینەی بەهار
تۆ مرۆڤێکی سادە نیت ئەی فریشتەی پەروەردگار

تۆ میهرەبانێکی ڕەهای ،تۆ ئەو خەوەی نایەیتە دی
تۆ سێبەری پڕ تەلیسمی پیرۆزی خوای لەسەر زەوی

ئەی هێلانەی گەرمی هیوا من لەزریان بەجێماوم
وەک مەلێکی تەرەو تەنیا قەدەر بۆلای تۆی هێناوم

تۆ سەرچاوەی چەمی سۆزی بۆ دەشتی دێمی بێکەسیم
تۆ ئومێدی مانی منی و منیش تەنیا بۆ تۆ ئەژیم

لەخۆڵبارینی غوربەتا بێ تۆ غەریبێکی شێتم
بەنەرمە بارانی وەفا بمشۆرەوە ، چاوەڕێتم

لەتەنیایی باکت نەبێ یاوەری ڕێم وەک سێبەرت
عەرشی گەردوون ئەگەر برمێ ئەبم بەسەیوانی سەرت

ئەگەر مەیلی فڕینت کرد ئەبمە دوو باڵ ،خۆشم ئەوێی
گوڵی بالأت ڕائەژێنم لەبری شەماڵ ،خۆشم ئەوێی

بەپشکۆی زەم هەردوو چاوم گەر داخ بکەن خۆشم ئەوێی
خۆشەویستی بەئەمری خوا یاساغ بکەن خۆشم ئەوێی

بەخاوەنی پوشێ نەبم لەدونیادا خۆشم ئەوێی
شەنی ڕەنجم بەفیڕۆچێ لەگەڵ بادا خۆشم ئەوێی

بەفری تەمەن هەموو گیانم نغرۆ بکات خۆشم ئەوێی
پاییزي زەرد وەرزەکانم تاپۆ بکات خۆشم ئەوێی

لەسەر عیشقت نوری چاوم هەراج بکرێ خۆشم ئەوێی
دڵیشم وەک تەرمی عیسا لەخاچ بدرێ خۆشم ئەوێی

دڵم بێتە جێ نیشانەی تیرو تانە خۆشم ئەوێی
هەناری بەختم هەڵوەرێ دانەدانە خۆشم ئەوێی

چرا ئاسا ، پەپوولەی دڵ بسوتێنی ،خۆشم ئەوێی
وەک ڕەشەبا گوڵی روحم بپروێنی ، خۆشم ئەوێی

ئەوەندەی شەوقی سۆفی بۆ بینینی خوا ،خۆشم ئەوێی
وەکو تاڤگە دڵم خوێنی لەبەر بڕوا،خۆشم ئەوێی.

## 2005

## گرێ

ئەم ناخە کەپڕ ئاخە بەدەست هەجری وەفاوە
دەیجوورە ، سیاژوورە یا نووری لێ بڕاوە
ئەم چاوە کەخنکاوە لەلافاوی گرینا
بێ تینە ، لەبەر شینە یا کسوفی هەتاوە

ئەم چەرخە کەوەک شەرخە لەئاوێنەی ئەوینا
ناچارە لەبەر خارە پڕ شەقاری برینە
ئەم شارە کەبێزارە بەبێ ڕوخساری یارە
هەر بۆیە کەنغرۆیە لەحوزن و ماتەمینا

ئەم گیانە بەسەزمانە لەگەڵ ژانا تەبایە
خۆی فێرە ، بەخەم تێرە یا نوزەی لێوە نایە
ئەم بەختە هێندە سەختە ئەڵێی ڕووتە درەختە
چۆن ماوە کەوەستاوە لەبەردەم ڕەشەبایا

2004

## پرس

گرێکوێرە بوو لەناخی پەستما
پشتی چەماوەی پرسیکی دێرین

ووتم بە باران بۆ تکەی ئەشکی
چاوی من سوێرەو نمەی تۆ شیرین ؟

ووتی چونکە من کۆرپەلەی عیشقی
دوو پەڵە هەورم ، وەختی تێکرژان ..

وەلێ ئەشکی تۆ .. چۆڕاوی جامی
سەرلێوی دڵتە .. وەرزی دابڕان .

2004

## سەمای ئومێد

تۆ تەنیا نیت
ئەم جیهانە گەورە ترە
لەوەی تێیدا بەتەنیا بیت
تۆی شکۆفەش بەناز تری
لەوەی عومرێ
تەنیا بژیت
ئەگەر چی بۆ ساتە وەختێ
بەناچاری دوور لەکۆ بی
ئەگەر چی بۆ ساتە وەختێ
کەشتیەکی بێ چارۆکەی
بێ سەوڵ و بێ تان و پۆ بی
پەنجەرەی دڵ بۆ شەماڵی
ئێوارەی عیشق ئاوەڵاکە
هەر دوو باڵی پەپوولەی چاو
لەسەر یەکنێ و
لەگوڵزاری خەوە ڕەنگاو ڕەنگەکانا
تێر سەماکە
ئاخر ئەوەی خەو نەبینێ
بارانی پیرۆزی جوانی
ئەستەمە بەسەریا داکا
ئاخر ئەوەی خەو نەبینێ
بەشاکارە بەرزەکانی عیشق ناگا

2004

## نەوا

لەپریاسکەی ناخی پەستا
چی پەنهانە هەڵیرێژە
ئەگەر تامێ لەژینا بێ
هەنگوینی عیشقە بی چێژە

ترس گەرچی سەرابێکە
نیگا داخەی بزر نابێ
تکەی ئەم شەرمە دێرینە
بەسەرپۆشێ کزر نابێ

ترس گەرچی خەیاڵێکە
بنی پێی ماچی گڵ ناکا
ئەگەر جارێ بەگژیا بێی
کێ ئەڵێ ئەویش سڵ ناکا

ئەوەی لێیان کردوی بەخێو
نەریتێکە کەڕوو گرتوو
پەیامێکە بۆ ئەسیری و
تەرمی خەیاڵێکە مردوو

ئەوەی لێیان حەرام کردوی
مەلی عیشقەو دیلی قەفەس
ئەگەر یاخی نەبی لێیان

ڕەنگە ناڵەت نەگات بەکەس

ئەگەر تەنیا وانەیەک لەم
دەرسی ژیانەدا جیابێ
ووشەی نەنگە ، کەفەرهەنگی
عیشق نابێ ئەوی تیابێ

دەتۆش هەرچیت هەیە بێ سڵ
بەیانیکە هەتا ماوی
ژیانێکی ترت نابێ
لەوەی تەنیا تیای ژیاوی

2003

**مناڵدوانە**

چاوو نیگا .. شەونم و گیا
ماچ و لێو
حوزن و گریان .. هەورو باران
کەژو کێو

شنەو شەماڵ .. خەون و خەیاڵ
گوڵ و هەنگ
روح و جەستە .. شیعرو بەستە

سەداو دەنگ

دڵ و خورپە .. ڕازو چرپە
هەست و هۆش
ژوان و كانی .. عیشق و جوانی
من و تۆش

2003

**میوان**

-1-

هەر كاتێ دێی
دەرگای دڵم لەسەر پشتەو
چاوەكانم
دوو پەیكەرە پاسەوانی
سەر مەزاری روحێكی وون
هەر كاتێ دێی
باكی درەنگ و زووت نەبێ و
پرسی مۆڵەتم لێ مەكە
بروسكەشم بۆ مەنێرە بەرلەهاتن
ئاخر گوڵم
لەنێو دورگە سیحراویەكەی
موحیبەتا .. نەورەسەكان
كوا دەستەمۆی شوێن و كاتن

-2-

ئەی خۆرهەتاو
گوڵە نازنازەکەی دڵم
بەبینینت گەشکە ئەبێ و
ئەکرێتەوە
ئەو دەمەی تۆش
لەبەر چاوم ئاوا ئەبی
وەکو مناڵێکی گڕۆز
ئەتۆرێت و خۆی دائەخاو
بەسەر خۆیدا ئەشکێتەوە

2002

رۆمانی ستەم

ئەی تەرازووی لاری مێژوو ، ئەوە ئێمەین لەبەردەمتا
لەنەسلێکین ، ساڵەهایە ، لەلێواری تای ستەمتا
ساڵەهایە بەعەتری روح ، دەشتی دێمی حەق ئاو ئەدەین
گەرچی ویستیان نەمان هێڵن ، وەلێ ئێمە هەر بووین و هەین
مێژوو ئەی پیری ڕیش چەرموو ،لاری لێمان لەوەتەی هەی
گوڵی کێمان وەراندووە ، سەرزەنیشتی چیمان ئەکەی

ئێمە ڕەزمان پێ ئاو درا ، لەجێی داریٚ بەخوێنی گەش
دەنکە ترێیەکمان نەدی ، لەئازادی تاهەنوکەش
ستەم ئەی غەدری بێ پایان ،ئەی حەسرەتی هەمیشە سەوز
ستەم ئەی دڕکەزێی چاوی ، تەرەو تۆراو لەسەر وەنەوز
ئەی ئارەقەی شەرمەزاری ، ساڵەهایە خەم ئەژمێرین
هێندە ڕوحمان مەخوسێنە ، وەکو دەریا خۆمان سوێرین
کێوەبەفری ئەسەف بەرزەو ، ئەوەی لەم ژانە بێباکە
هەلپەرستێکی ووشیارە ، یاخو گێژێکی زگماکە
لەچاو زریانی خەم ئەڕژێ ، زمان تەفسیری بۆ ناکا
دڵ مەزاری ئازیزانەو ، شەهیدستانە ئەم خاکە
ئەشێ ڕۆژێ هەر بێنەوە ، خۆشەویستانی دێرینم
لەپرچی پەلکەزێڕینەی ، پاش بارانا ئەیانبینم
ئەیانبینم لەنێو پێڵوی ، نێرگزی پێش بەهارانا
ئەیانبینم لەسەر کوڵمی ، خوێن تێزاوی دڵدارانا
ڕەنگاوڕەنگن وەکو باخی کوێستان و گەرمەسێرەکان
بەژن بەرزن وەکو شاخ و بەجیلوەن وەک ئەستێرەکان
ئەیانبینم وەک پۆلەمەل ، کەئاسمانی بەرین ئەبڕن
دڵنیابە ئەی چاوی خەم ، دێن و ئەشکی گەرمت ئەسڕن
کەمێ ئاسودەبە ئەی دڵ ، دەتامی خەو بکە ئەی چاو
هەتا ئەم خاکە گوڵ دەرکا ،ستەم نابێ بەشەرعی باو

## 2002

## یاداشتەکانی خودێک

لەخاڵێکی نێوان بوون و ئاوابوونا
بەدوی خۆش بەختیا وێڵم ..
کاتژمێرە دوگیانەکانی ئەم عومرە
ئەپشکنم
بەنیازی ڕاوی چرکەیەک دڵنیایی
کەچی ئەو ڕاوچیەو تەنیا منیش چێڵم .
کۆچەرێکی دوارۆژانی سەردەمێکم
ئەو شەکەت و هەناسەسوار ..
منیش دیدەم لەژوانا
پەڵەهەورێکی کزرەو
بەرێکەوتیش تکەیەکی
لە شەستە جێماوی لێوە نایەتەخوار .
ئەی کەناری ماتی گومان
ساڵەهایە ، ساڵەهایە
شەپۆلە سەر شێتەکانی ناخی مەنگم
خۆیان لەکەمەرت ئەسون
تۆی بێ خەمیش پەیکەر ئاسا
چرپەیەکت لێوە نایە .
بۆ نازانیت منیش وەک مەم
عاشقی گوڵ عوزارێکم !؟
بۆ نازانیت منیش ماندووی
ژوانی نەوبەهارێکم !؟
خەتای تۆیە یان خەتای من

ئەی کەناری گومانی وون ..؟
کەبێدەنگی گوارەیەکی گران بەهای
نێو پێشانگەی سەردەمی زێڕ فرۆشتن بێ
نایکەمە گوێی دڵدارەکەم
نەئەو دیاریەکی بەرزە
ئەوەندەی بەژنی دڵداری و
نەمن چرکەیەکی عومرم
ئەدەم بەڕیشەی برینە شێدارەکەم

هەموو شەوێ لەشمشاڵی
ناخی ماندوو ، بەئاخی ژین
نەوای ئاوازی حەسرەت و
لەتەنووری چاوەڕوانیی
هەرەسی پشکۆی ئاگرین
لەدامەنی زەمانێکا
خەزانی هەڵاڵەی ڕەنجە
لەباخی ملیۆنەهاوە بۆ تەویلەی
کەڵەگاکانی سەرزەمین

ئەی شەوە بێ نازەکانی
بەرپەنجەرەی بیرەوەری
هەست بەنسرمیتان ئەکەم
ئەڵێی ئەو چاوە ڕەشانەن
چاوەڕوانی کاڵی کردوون
ئەڵێی ئەو گەڵا زەردانەن
گێژەڵۆکەی پاییزی روح
بەرەو چاڵی بیرچوونەوەی

تەمەنێکی تاڵی بردوون
ئەو تەمەنەی کەهەر هێشووە
حەسرەت ئەگرێ و
ڕەنگاڵەکانی ئومێدی لەعەدەما
مێژوویەکی دوورە .. نوستوون
ئەکتەرەکان زیاترن لەبینەریان
خەیاڵ نامۆی حەقیقەتە
سۆز لیخن و عیشق کاڵای
بازاڕێکی بێ مروەتە
ئەم باڕەشی حەسرەتە بۆ
کوێمان ئەبا
ئاخۆ ئەبێ ئەو دیو کێوی
غوربەت چی بێ
ئەی پردە کۆنەکەی مەرام
بڵێی پشتت
بەرگەی خەمی پەڕینەوەی
ئەم هەموو کاروانە بگرێ
هەر بەتەنیا بیرکردنەوە لەسبەینێ
خەمێکی ئەژنۆ شکێنەو
فلیمێکی ترسناکی هێتشکۆکم ، وەبیر دێنێ
ئەی خەوە ڕەنگ پەمەییەکەی
هەموو عومرم .. ئەی تۆ لەکوێی
(ئەترسم وەک گشت سەروەتم)
بزەی لێوم .. چرپەکانم
هەناسە شپرزەکانی پێش ژوانم
هێزی بازووم .. جۆشی پشتم
لەززەتی سەر پەنجەکانم

## ئەترسم تۆش لێم بدزرێی

خامە سۆراخی ڕووداوە
سەیرەکانی هەڵگرتووە
تاپێ بەپێی زەمەن بڕوا
کاڵ و کاڵتر ئەبێتەوە
کێ سکاڵای لەقەترانی بوونی پەڕەی
بەختی هەیە ، سەر بەهەسارێکی تری
گەردوونی پڕ ئاژاوەیە
خەمی گەورەش لەوەدایە
لاپەڕە کاڵ بووەوەکان
زیادتر بن لەخوێنەریان
ئاخ .. ئەی ساتە دەگمەنەکانی ژوانی
هۆش و جەستە
زۆر ئەترسم چارەنووسی
ئێوەش وەکو چارەنووسی
سێبەری بەرگیانی لێ بێت
بەڵێ ئیتر ئاوارەبوون
جل و بەرگەو
خواوەندەکانی سەرزەمین ئەیکەنەبەر
ڕەنگ تێرەکانی ئەفریقاو
گەنم ڕەنگەکانی ئاسیاو
تەنانەت چاو شینەکانی
ئەو دیوی دیواری بەرلین
بەڵێ ئیتر ئاوارە بوون
ڕۆمانێکەو ساڵی جارێ
دیاری نۆبڵی پێ ئەدرێ

پەیکەرێکەو ساڵی جارێ
لەڤیستیڤاڵی ڕۆتینا
پەردە لەسەری لائەدرێ
بەڵێ ئیتر ئاوارە بوون
مۆتەکەی خەوی شەوانی ڕۆژهەڵاتە
ئاوارە بوون
دابڕانی جەستە نیە لەنیشتیمان
ئاوارە بوون خۆی وڵاتە
گومان گومان .. گومانی گیان
لەسێبەری ئەو ڕەقیبەی
هەموو ڕۆژێکی سایەقە
هەنگاوەکان ئەپشکنێ و
بەرەو تەم تومانی ئەبا
گومانی سنگ لەو شەماڵەی
بێشکەی کۆرپەلەی ئارەزوو ڕائەژەنێ و
لەئێستەوە فێری کۆچی
گەرمیان و کوێستانی ئەکا
گومانی چاو
لەڕوخساری ئەو مرۆڤەی
لەئاوێنەی توالێتە گشتیەکانی
ئەم شارەدا ، لێی ئەڕوانێ و نامۆیە پێی
گومانی زام لەژان و سوێی
گومان لەبەشدارەکان
شانۆگەری خزمایەتی
کەناسینیان بەلایەکی ناچاریە
گومان لەزەردەخەنەی لێوی ئەو کەسانەی
ڕێکەوت ئەیانکا بەهاوسێ و

هاوزمانم
گومانی گوێ لەبیستنەوەی
سترانە سواوەکانی
قەوانە کۆنەکەی نەریت
کەئەوپەڕی بێزاریە ..
هەموو چێژی خۆشیەکان
لەپریاسکەی ئایندەیان
تەمتومانیش
پەنجەی هەڕەشەو گومانی
بەڕوومانا هەڵبڕیوە
ماوەیەکە ڕەنگی ئاسۆ قێزەوەنەو
ڕەنگە ئاسان ، مردووەکان
زیندووەکان جێنەهێڵن
ڕەنگە ئەمڕۆش
قەرزی دوێنێ بدەینەوە
خەیاڵ . خەیاڵ .. خەیاڵ ئەڵێی
ڕێچکەی شارە مێروولەیە
ئای کەی ژانێکی چەند سەختە
لەیەک وەختا
لەزەوی بی و لەئاسمانیش
چەند گوناهی خۆمە ئازیز
چەندی ڕۆژگار ..!؟
دوێنێ دڵم لانەی خەمی ڕەفیقان بوو
کاتێ مەرگیش ئەیفڕاندن
بەبەرچاوی خۆمەوە بوو
ئای کەژانێکی چەند سەختە
لەپرسەی خۆشەویستانا

سەرەخۆشی لەسێبەری تەرم بکرێ
ماوەیەکە دڵم قرچەی
نامۆ بوونی لێ هەڵدەسێ و
زەنگی تەلەفونێکی سارد
پەریی فریاگوزاریمە لەتەنیایی
نامە فرمێسکاویەکانیش
تاقانە میوانیماڵن
هەندێ هاورێی نوێ ئەناسم
گەر بەرێکەوت بەلایانا تێپەڕ ببم
ڕەنگە نەیان ناسمەوە
ئێمە تەنیا
بە ووشەی نێو نامەکانمان
لەڕوخساری یەک شارەزاین .

2000

## نەورەسەکان

ئەگەر دەریا دێوانە بێ و
شەپۆل یاخی
وەک نهێنی بزەی لێوی مۆنالیزا
بەگومانم لەجوڵەیان
سەمای شینە یاخو شایی
نەورەسەکان کەی ئەگەنە

دواكەناری دڵنیایی؟
مانەوەی نەسلی زیندوان
لەژێر پرسیاری گێژاوی زەمەن دایە
تەم حوكمڕان ، سەراب میحرابی پەرستن
سبەی دوورە لەبینایی
نەورەسەكان كەی ئەگەنە
دواكەناری دڵنیایی؟
تەمەنێكە منی ماندووش
نەورەسێكی پەرێشانم
وێڵم بەشوێن خۆشبەختیاو
كەنارێكە جێ ژوانم
نەئەستێرە
ڕێی سەفەرم نیشان ئەیاو
نەكەشتیەک بەدی ئەكەم
لەئاسۆدا .. بۆ ڕەهایی
نەورەسەكان كەی ئەگەنە
دواكەناری دڵنیایی .

## 2000

## چرپە شیعرەكان

-1-

گوێم لەچرپەی نێوان پەنجەو
پەلەپیتكەی تفەنگێ بوو
باسی ڕاوی پەڕەندەی روحێكیان ئەكرد

**ووتم ئاخۆ ، ئەمجارەیان**
**پەڕەندەی ئەو روحە مەئیوسە هی کێ بێ**
**گوێم لەلوورەی باڕەشێ بوو**
**ووتم ئاخۆ ، ئەمجارەیان**
**ئەو گورگە بۆرە ، ڕوفاتی**
**چەندەهەم ئەنفالی پێ بێ**
**ئەم گێژاوە**
**بەرەو دەلاقی دەیجوری عەدەم ئەچێ**
**تامی ئەم خەمە زۆر تاڵە**
**ئەمە خەزانەش گەلێک ڕووتەو کەی لەوەرزی**
**گەردەلولا .. ژوانی عیشق بەرکەماڵە**

-2-

**ئەگەر بێدەنگی بۆ وەلادانی**
**دەمامک لەسەر ڕوخساری درۆ**
**ڕێگەچارە بێ .. زمانم ئەبڕم**
**ئەگەر ووشەکان**
**بێ پرسی پەنجەم خۆیان بنووسن**
**نەک تەنیا نوکی خامە ئەشکێنم**
**لاپەڕەکانی دەفتەری بوونیش**
**یەک بەیەک ئەدڕم**

-3-

**بادڕک لافی جوانی لێ بدات**
**وەرزی ڕووت و قووت**
**بەرگە ناگرێ .. کاتێ چرۆیەک**

دەمی بۆ ماچی خۆر ئەکاتەوە
کاتێ پەپوولەش
خۆی ئەداتە دەست عیشقی ئاگرێ

-4-

ڕێکەوتن نامەی نێوان دڕک و گوڵ
تەمەنی کورتە .. کێ باوەڕ ئەکا
بەتۆبەی گورگ و بەڵێنی ڕێوی
کێ خۆشخەیاڵە
بەجۆگەی ئەشکی چاوی ئەهریمەن
ئەی کێ ئەتوانێ
دەروازەی دەشتی مێژوو کلۆمدا
تا پوش لەگەنم جیا نەبێتەوە
بەشەماڵی شەن

-5-

گوێ بگرن لەدرۆی ئاشتی
ئەڵێن ، گوایە گورگ و بەرخ
پێکەوە ئاو ئەخۆنەوەو
شێرو پڵنگ
لەگەڵ ئاسک دەست لەملن
ئەم جیهانەش ، بەهەشتێکە
بۆ ئەوینێکی ئەبەدی
گوێ بگرن لەدرۆی ئاشتی
ئەڵێن گوایە ، بەخشندەیەک
چارەنووسمان دیاری ئەکاو خێرو شەڕیش

بەخت و بەشی لەسەر تەختی
تەوێڵ نوسراوەو دێتەدی
گوێ بگرن لەدرۆی ئاشتی

-6-

ئەگەر بمانەوێ بژین
وەژیانێ شایستە بێ بەناوی خۆی
لەگەڵ هەموو بەیانێکا
خەندە بگرێ ، لێوی چرۆی
ئەبێ بەژنی ئارەزوومان
بەرزتر بێ لەئەستێرەو
ئاسۆی سەنج بەرین تر بێ
لەکەناری ئەفسانەیی تراویلکەو
چاوی هیواش جلیوەدارتر لەمانگەشەو
دەنا دەشتی گەنمی ئاوات
هەر بەکەسکی هەراج دەکرێ
پێش هاتنی وەرزی درەو

-7-

ناونیشانی ئەو هەوارەی
گوێی لەیەکەم زریکەم بوو
پەڵە هەورێکی پاییزەی گرژو مۆنە
کێ ئەتوانێ ، وەرزێکی تر
پاش سەفەرێکی ناچاری
ڕوخساری بناسێتەوەو
پێمان بڵێ .. حاڵی چۆنە

-8-

دەبا خەندە ڕزگار بکەین لەمەرگەسات

ئەوینیش لەکرێوەی زەمەن

نەوەک هیوا دواهەناسەی فرسەت بدات

بەر لەدوا گاپێڵی تەمەن

2000

**ڕەوا**

پێم بەڕەوا نابینن

چڵێک یاسەمینی ڕاز

بدەمە دەست حەبیبەم

پێم بەڕەوا نابینن

دوای سەفەرێکی ماندوو

لەهەگبەی شان داگرم

مشتێ خۆڵەمێشی خەم

ئەوان منیان وادەوێ

دیدە کوێرو دەم دوراو

گوێ خنراوی ژێر هەرەس

نەکەس ناڵەی پێم بگاو

نەلەمپەڕ بۆ ئەوپەڕیش

ناڵەم بگات بەگوێی کەس

ئەوان منیان وادەوێ

هەر ووشکەداری کورەی

جەنگێکی ناڕەوا بم
نەشایەتی حەقیقەت
نەتینی گوژمی هەتاو
نەبۆ ناڵە سەدابم
ئەوان منیان وادەوێ
نەنگە منیش مەلوول و
گوێ گری بێ نەوا بم
نەنگە منیش خەواڵوی
ژێر باڵی ڕەشەبا بم

## 2000

## ژانی کۆچ

لە خەرمانەی ئەم مێژووە ، مشتێ لەڕاز
لەنامیلکەی یادگارەکان ، هۆنراوەیەک
لەئاهی سینە ، یەک ئاواز
بۆ ئەو پەڕە دڕاوانەی
لەڕۆژمێری ئەم عومرەمان لێکرانەوە
وەچرچ و لۆچ ، فڕێدرانە
ژێرزەمینی بیرچوونەوەی ژیانەوە
ئەو ژیانەی لێیان کردین
بەگڕدانی داخی دۆزەخ
جێ ژوانیش .. بەئۆردوگا
ڕەقیبانی خاکی وەتەن
خاوەنەکانی هەناسەو نان و خەندەو

خەون و گوڵ و بێستان و با
بۆیە ناچار
لەگەڵ شەپۆلی کۆڕەوا کەوتینە ڕێ
گەڕاین بەشوێن هەوارێکا
شەربەتی هەناری دڵ و
تکەی شەکراوی حورمەتی تیا نەچۆڕێ
هەر نەگەیشتین بەکەناری
میهر تێیدا دوا بڕیاری مانەوە با
لەوێ حەسرەت ڕاوی ناین و
لێرە .. ئەسەف بەخێرهاتنمان لێ ئەکا
فریشتەکانی ئاسمانیش بێ بەزەیین
لەزمانی پاڕانەوە تێناگەن و
گوێ نادەنە پەلەقاژەی
بەرلەمەرگی مەخلوقەکانی سەرزەوی
وەک چۆن درک باکی نیە لەژانی دڵ
پرسیش لەدەست و پێ ناکەن
زەنجیرەکان

## 2000

## ئاواتی ڕوون

عەیامێکی دوورو درێژ
پەنجەی گومان ، گرێکوێرەی
لەپریاسکەی هەستمان ئەداو
لەژێر پەچەی نەریتەوە

سەیری بەژنی عیشقمان ئەکرد
چارەنووسیش دەفتەرێکی ڕەشکراوەی
دەستی خوا بوو
عەیامێکی دوورو درێژ
چرپە ، نامەی پڕ نهێنی بۆ ئەهێنایین
ماری شەرمیش  بەپێڵوی گشتمانیەوە دابوو
تیری نیگای پڕ تەوسونەوس
سەر بەرەو خوار
خۆڵی بەر پێی خۆی پێکا بوو
عەیامێکی دوورو درێژ
کوڵم و لێوی حەبیبەکان
سێوی ئەفسانەی بەهەشت بوون
کێ ئەیوێرا
سروە ماچێکی نەرمیان لێبفڕێنێ
ئەوەی کردی
دەردی بەدەردی ئادەمی کن حەوا چوو
ئای بەسەزمان ، پیرە مێژوو
چۆن زەمانت پڕ خورافەو
درۆی شاخداری وەها بوو
بالێرەوە ئیتر بەس بێ
خۆشەویستی ، وەک نان و ئاو
وەک نەرمەبارانی بەهار
وەک سەرنجی گەرمی هەتاو
ئاواتی ڕوون و ئاشکرای
هەموو کەس بێ

## 2000

## باڵندەکان

باڵندەکان بەختەوەرن
پرسی مۆڵەت لەکەس ناکەن
وەرزی سەفەر
لەشەقەی باڵ ئەدەن ئەفرِن
نە پێویستیان بەڤیزەیەو نە پاسپۆرت و
نەچاوساغی ڕێ و نەتەتەر
باڵندەکان بەختەوەرن
گوێ نادەن بەدەشتی مینی
ناوچە حەرامکراوەکان
ترسیان نیە لەخاڵەکانی پشکنین
باکیان نیە لەتەلبەندی
سەر سنوورە داخراوەکان
نە پاسەوان کۆڵەپشتیان ئەپشکنێ و
نەزەرڕەیەک سڵیان هەیە
لەشەپۆلە شێتەکان و گێژاوەکان
نەزیندانە تارەکانیش
دوا هەواری سەفەریانە بەرەو شەبەنگ
نەکۆڕەویان شەوانەیەو
نەئەبنە خۆراکی نەهەنگ
باڵندەکان بەختەوەرن
نەڕۆژنامە زەردەکانی
ئەم سەردەمە ئەخوێندنەوە
نەگوێ بۆ ئێزگە ساختەکانیش شل ئەکەن

نەگۆرانیە سواوەکان دەڵێنەوە
نەبەسووتوی روحە سوتاوەکانی عیشق
چاوی حەیا ، پڕ کل دەکەن
لەهەر شوێنی ماندوێتی یەخەی گرتن
پەریی خەویان ئامادەیە بۆ سەروەنەوەز
باڵندەکان بەختەوەرن
ساڵی یەک وەرزی سەفەرو ڕەویان هەیە
نەک کۆڕەوی .. هەمیشەسەوز

## 1999
## نان و ئەوین

دڵم بێشکەی کۆرپەیەکی زۆر بەنازەو
پێم ناکرێ بیخەمەبەر لایەلایەی
بارەش و خۆڵ
بۆیە ئەمڕۆش بەناچاری
هەگبەی بەسەر
دڕکا سەفەر .. ئەگرمە کۆڵ
هێشتا زەوی جێخەوی هەڵنەگرتووەو
ئەستێرەکان ، لەجریوەدان
تاریک و ڕوون ، دوو عاشقن
زاتی بەردانی باوەشی یەکیان نیە
کاتێ زرمەی هەنگاوی من
دڵی ڕێ دائەخورپێنێ بەرەو مەیدان

بەرەو بازاڕی بێ مرووەت
بەرەو وێستگەی
چاوەڕوانیی ژانێکی تر
بەرەو گۆڕستانی ویژدان
تاکو ئەمڕۆش ، وەکو دوێنێ
هەنگوینی گیان .. بدەم بەنان
نان لەقوڕگی نەهەنگدایەو
ماڵی نابێ
دڵم بێشکەی
کۆرپەیەکی زۆر بەنازەو
لەم هەرایە .. حاڵی نابێ

1999

## سنوور شکێن

پۆلە مەلی کۆچەریی نین
بەنیازی گەرمیان و کوێستان
هێلانەیان جێ بهێڵن
ڕیشۆڵە نین ، لەگەڵ بەفرا هاوسەفەر بن
پەپوولەش نین ، گیان بەعیشقی چرا سپێرن
ئەگەر سەرگەردان و وێڵن
ئەویندارە نامۆکانی هەوارێکن
عیشق تێدا قەدەغەیەو گۆڕینەوەی نیگا ، تاوان

توانەوەش لەنێو یەکدا کودەتایە
لەخاکی پیرۆزی باوان
ئیتر پەنجەی تانەو تەشەر
بۆ ئاڕاستەی ڕوویان ئەکەی ، دەستی قەدەر
ئەوان خۆیان خەزنەیەکن لەکارەسات
لەدرکە بێ میهرەکانی ڕێگەی سەفەر

1999

**نەریتی زەرد**

بەردێ بەری ڕووباری گرت
چەم بوو بەگۆم
قەوزە ، چوارپەلی شەپۆلی
نایە ژێر خۆی
قوڕو لیتەش ، ملی خۆیان
لەئاوێنەی نیگا هەڵسوو
بێدەنگی بۆگەنی کردو
هاژە تۆرا .. ئیتر جوانیش
شانەهەنگی نێو سەری خۆی
هەڵگرت و ڕۆی
ووتی ئیتر نایەمەو
هەتا گابەرد

سەرووەری ئەم هەوارە بێ و
هەتا تۆوی قەوزە مابێ و
هەتا شە پۆل ئاوارە بێ
بۆیە منیش ، لەو ڕۆژەوە
دژی بەردم
نەفرەت لەبێدەنگی ئەکەم
قێزم لەقەوزە دێتەوەو
دوژمنی گشت
دابو نەریتێکی زەردم

## 1999
## گوڵ فرۆش

دەمەو ئێوارەی ئەمڕۆش وەک هەموو ئێوارانێ
لەسەبەتەی باوەشی گوڵێکی سوری دامێ

نەم ئەزانی بڵێم چی واقم ووڕو زمان سڕ
لەجوانی ئەو دوو گوڵە دەروونم پڕ بوو لەگڕ

لەدڵی خۆمدا ووتم ئەم گوڵە بۆیە جوانە
چونکە باوەشی سۆزی ئەوی کردۆتە لانە

جاڵجاڵۆکەی گومانێ لەهۆشمدا نوستبوو
لەگەڵ ئەفسوونی ئەودا ئەمیش تۆڕی بەستبوو

لەسەر لێوی بەخەندەی هەمیشە خەم میوانە
چۆن دەبێ دوو دژبەیەک ببن بەمنداڵ دوانە

خۆم پێ نەگیرا ، ووتم ئەو دڵەت بۆ واپڕە
ووتی ، بۆ نازانی ژین دارستانێکی چڕە

لەیەخچاڵی زەمەندا بەهای جوانی مردووە
دڵ مەزاری خۆزگەیەو ئەوین کۆچی کردووە

لەم جەخارستانەیا منیش هەر گوڵ شک ئەبەم
بۆیە کڕیارم نیەو تەنیای تەنیایی زەدەم

دڵم پڕ بوو لەپشکۆ چاوم تێزابی ئەڕشت
لەژانی ئەو دوو گوڵە خەم لەڕوخسارم ئەنیشت

ووتم ، نەفرەت لەناخت ئەی وەرزی بارەش و خۆڵ
بەم گوڵی گوڵ فرۆشە دووجار خەم ئەکەیتە کۆڵ

خەمی فرۆشتنی گوڵ لەوەرزی بێ ئەوینا
خەمی وەرینی عومریش لەگەڵ گوڵ هەڵوەرینا

1999

## شێت

سەرم خستە نێو باوەشی
چرکەساتێکی دەگمەنی ژیانەوە
وویستم ژوانێکی هێمن لەگەڵ خودی
خۆما بگرم
خەون دزانی شەووەزەنگ
هەڵیان کوتایە سەرم
لەبەر ئەوەی بێ چرا بووم
مانگەشەویان شاربەدەر کرد
لەبەر ئەوەی بەتەنیا بووم
دادگایەکی بەپەلەیان بۆ دانام و
دوو سێبەریان کرد بەشایەت
پرسیاری دوا ئارەزووشیان لێ نەکردم
بەرۆکدانی شێتێتیان کردە بەرم
چونکە وویستم
لەسەردەمی گوێڕایەڵی و
ئامۆژگاری باوکانەدا
بێ پرس و ڕا ، بیرکەمەوە
چونکە وویستم
بۆ هەزاران گرێکوێرە

پەنجەیەک بم
بۆ سەرما بردەڵەکانیش
بە پشکۆی ناخ
ئاگردانێک هەڵکەمەوە

1998

## وادە

کەچرکەیەک بەر لەئێستاو
هەناسەیەک بەر لەبۆسۆی ئەم تاسەیە
دوا تیری کەوانی دەستی فریشتە روح کێشەکەم بێ
جێی ئیرەییم نیە دوێنێ
من تینوی ئاوی کارێزی بەهارانم
تۆفانیش بێ زەخمی گریان
کریستاڵی تینوێتی من ناشکێنی
بەڵێ ئەمە عەیامێکە تابەسەرچێ
بەفری حەسرەت بەسەر تەرزەی
بەدبەختیا ئەبارێنێ
بەڵێ ئەمە جەنگەڵێکە
چڕو پڕتر لەوی دوێنێ
منیش وادەی خۆشەویستی
نادەم بەغەیری .. سبەینێ

1998

## حەسرەت

جاران ، عیشقێکی مناڵیی
بەشیعری ئاشنا کردم
قەڵەم بوو بەڕەفیقێکی خۆنەویست و
خەیاڵیش ، گۆڕەپانێ بوو
بۆ ڕمبازێنی ئەسپە باڵدارەکانی
ڕازو نیاز
وەلێ ئەمڕۆ کەتەنیایی
لەنێو خۆیدا گیری کردووم
دەمی تیژی چەقۆی تەمەن
نوکی قەڵەمم دائەدات
لەدوڕیانی ڕێی سەفەرا
بیر لە پردێک ئەکەمەوە
وەڵامی گشت پرسیارەکانی بەسەرا
گوزەر بکات
بەرلەوەی زایەڵەی ژیان
زەنگی دواسەفەر لێبدات
ئای قەڵەمە ئازیزەکەم
تۆش لەداخی ئاخی ڕۆژگار
ناخت وەکو
ناخی من وشەوی لێهات

مەرجە هەردوو ، ببین بەمۆم
دەنا پەروانەی خۆزگەمان
زەحمەتە لەم ئەشکەوتەدا
سەما بکات

## 1998
## ڕەنگەکان

کەمناڵ بووم ، وام ئەزانی
هەتاو هەر یەک ڕەنگی هەیە
لەڕەنگی گڵۆپە زەردەکەی حەوشەکەمان
وام ئەزانی ، ئێمەش لەسەر
هێلکەیەکی گەورە ئەژین
ئەویش بەدەوری ئێمەیا ئەخولێتەوەو
هەر ئەوەندەش گەرمە ، هێندەی
تینی سەر تەنوورەکەمان
تاکو ڕۆژێکی پاییزی
دوای تەمەنێک لێکدابڕان
باران ، بەلەمسێکی نیان
ماچی خۆڵی تامەزرۆی کرد
هەر ئەو ڕۆژەو لەئاوێزەی

دڵۆپە بارانێکەوە
غەمزەیەکی چاوی هەتاو
پەخشی ڕەنگەکانی خۆی کرد
لەو ڕۆژەوە تێگەییشتم
بۆچی ڕەنگی بەهار سەوزو
پاییزیش زەرد
لەو ڕۆژەوە تێگەییشتم
ئەبێ ئاسۆ ، سووری گەش بێ
دەنا ناگات
بەقوڵترین ڕەگ و ڕیشەی
ئازارو دەرد

## 1998

## چی دەمێنێ

ئەم شەوە بۆ
هێندە کپ و ڕەشماریە
ئەم خەمە بۆ ، وەک مۆتەکە
لەسەر سنگم دانابەزێ
بۆ لەیەخەم نابێتەوە
چنگی پیێوەلکاوی ئەم بیێزاریە

بڵێی یەزدان
لەدەست تێوەردانی ئینسان نارەزابێ
بڵێی گریان
بۆ دەستپێکی پرسەی ژیان
سەرەتا بێ
بڵێی ئەم کشوماتیە
هێمنیی پێش ڕەشەبا بێ
چێ دەمێنی
لەداستانی عیشق و غەزەل
لەنهێنی نێوان گوڵ و هەنگی شەیدا
لەختوکەی دەستبازی شەماڵ و گەڵا
لەمچورکەی گەییشتنی چرپە بەگوێ
لەشاگەشکە بوونی کانی
کاتێ دەزێ
لەماچی گڕداری چرا بۆ پەروانە
لەخۆشبەختی سنگی زەوی
کاتێ هەتاو .. بەغەمزەی چاو
پەلکەزێڕینەی بۆ دەکات بەگەردانە
لەمانای پیرۆزی ژیان چی دەمێنێ
ئەگەر باڵای عیشق و هیوا
کێوە بەفری نێو دۆزەخی ئەم دەهرە بێ و
بەئاگری نائومێدی .. هێدی هێدی
هەرەس بێنێ

1998

## بەهار

سروشت خواوەندی جوانیە
دەستی شیعرم لەدامەنی نابێتەوە
دەروونم دەفتەری نۆتەی گۆرانیە
گشت بەهارێ ، دڵم بەستەی
عیشق و هیوا دەڵێتەوە
تەماشاکەن ژیان چەنێ خرۆشاوە
ئەوەش سەمفۆنیای شەماڵ و
سەمای زوڵفی شۆڕی درەخت
ئەوەش لەنجەولاری نەرمی
دەشتی گەنم
ئاخ .. داخەکەم
لەگەڵیانا نایەتەوە ژیانی سەخت
ئاسکەکێویەکەی ئەم حەزەم
ماڵی نابێ
ژیکەڵەیەو پڕ ئارەزوو
خۆزگە هەردەم
دەخرایە ژێر سەری بێ خەم
دەستی ماندوو ..
خۆزگە شەوی نائومێدی بەسەردەچوو
ئەوسا بەهار
بەهای جوانی تەواو دەبوو

1998

## دیواری ڕابەر

ئەم دیوارە
بەئەندازەی بەژنی خەمتان
بەژن بەرزەو
بەئەستووری تەمتومانی
بەر پەنجەری چاوەکانیشتان ئەستوورە
ئەم ڕەوە ڕوو لەسەرابەو
پێچەوانەی میلی زەمەن وەردەچەرخێ
ئاسۆ لێڵەو
گوڵستانی عیشقی ئێوەش
بۆن و بەرامی خۆشبەختیی لێوە دوورە
ئەم دیوارە
لەخەیاڵی ڕاوچییەکی بەدمەستەوە
تۆڕی نەخشەی بۆ دەچنرێت
بەمەرامی وەرزی ڕاوی هەمیشەسەوز
وەلێ حەیفێ ، بەخۆتانی هەڵچنیوە
ئێوەی ماندوو
ئێوەی پەرێشان بۆ وەنەوز
ئێوەش تەنیا
لەمەعبەدی ئەو خوایەدا
خێڵە موریدێکی مەستی بێ خەبەرن
پەنجەتان بەدەفی زیکری خۆنەویستی
جۆش کردووەو

خۆڕاگرن ، بەئەمەکن ، کۆڵنەدرن
وەلێ پاداشت و دەسکەوتی ئێوە چیە
لەم بیابانی روحەدا
بارەش بەرەو کوێتان دەبا
ئاورێ لەدواوە دەنەوە
کۆا سۆراخی هەنگاوی رێ
شوێن پێیەکی لێ دیار نیە
پێم بڵێن بۆ
لەسەر ئەم خەیاڵە زەردە پێداگرن
قومارچیەکی دۆڕاون
رێژەیەکی نەگۆڕاون
پەیکەرێکی بەبێ گیانی ساردوسڕن !؟
نەخێر ، وانین
ئەگەر خۆشتان بێ ئاگابن
نەخێر ، وانین
ئەگەر خۆشتان پێداگرن کەهەر وابن
ئەمڕۆ دەرگای سبەینێتان لێ دادەخەن
تاهەر لەدوێنێدا بژین
ئەو خوا نیەو مەی پەرستن
ئێوەش کۆیلەی هیچ خوایە نین
لەڕوخساری وورد ببنەوە ، لەڕەفتاری وور ببنەوە
لەئاوێزەی بەرژەوەندی و ویژدانی دەن
بزانن سەر بەکام وەرزی زیندەگیە
ئەویندارە یان ئەوین کوژ
مۆمە بۆ ئەم شەوەتارە یان تەم و مژ
باخەوانە .. یاخو گوڵڕن
مەرهەمە بۆ زامی بەسوێ یاخو سوژن

دیارە کوللەش ماچی کوڵمی گەنم ناکا
مەرجیش نیە ، هەموو هەورێ
وەشتی بوژانەوە داکا
بەیەک مانا ، خود پەرستەو
دەبێ بەشوێن سێبەرەکەی خۆیا ڕاکا
کۆیلەکانی خواوەندی خەو
ڕاسپاردەی کازیوە مەسپێرن بەشەو
خۆڵەمێشی لەسەر نیشتووی هەڵدەنەوە
پشکۆیەکەو چاوەڕێیە بۆ پاش درەو
وەلێ ئێوەش پەپوولەنین
عیشق بەگڕ بسوتێنن
دیوار ، خۆتان چنیوتانەو
دەبێ خۆشتان .. بیرمێنن

## هەشتی مارسی 97

ئەمن بازرگانی جەستەم
ئەتۆش کاڵای
ئەمن کڕیارێکی خەستەم
ئەتۆش بۆ ئەم بەژنە باڵای
پیاوەتیی خۆم

بەسەروەریی سەیر ناکەم
ژنێتی تۆ ، بەکارەسات
لەئازاری تۆوە سەیری برین دەکەم
لەقریشکەی تۆوە سەدای یاخی بوونم
بەگوێی هەموو دونیا دەگات
زەمانێکە ، بێ تان و پۆ
سەفەرێکە
گەڕانەوەی تیا ئەستەمە
کێ دەتوانێ ، کۆچی گریان
بەرەو سفری دەستپێکردن
کارێزی چاو .. ئاوەژوو کا
کێ دەتوانێ ، تکەی باران
بخاتەوە رەحمی هەورو
بۆ وەرینی گەڵای تەمەن
باوەجوو کا
بۆیە دەبێ
ڕازی نەبیت بەتەوق و کۆت
بۆیە دەبێ ، ڕازی نەبیت
زاتێکی تر سەروەرت بێ
بێجگە لەخۆت
دەشێ ڕۆژێ
خەوەنە ئەرخەوانیەکانیش هەر بێنە دی
دەشێ ڕۆژێ
چرۆی چاوت بپشکوێ ، بەئازادی
بەشوێن کلیلی بەختا مەگەڕێ
فەرهەنگی بەختنامە سەرابە
شانت لەشانم گیرکە بۆ سەما

ئاهەنگی ئەڤین بێ تامە تەنیاو
بەلەنجەی ژیان لەگەڵما ڕابە

1997

## زامە هەمیشە سەوزەکان

لەتاڵی پەرش و بڵاوی ئازارەکان
بە پەنجەی سوێ
پرچی شیعرێ ئەهۆنمەوە
لەژوانی حەقیقەتا
چاوەڕوانی واخەریکە
بەفری تەمەنی بەسەردا ئەبارێنێ
دەهاواری
ئەی ناخە پڕ لەئاخەکان
ئەم کێوە بەفری حەسرەتە تاوەکو دێ
سەر لەگوێسەبانەی ئاسمان گیرئەکات و
نەواش ئەگەر سەدای نەبێ
زۆر ئەستەمە بەفر بڕمێ
لە پەنجەرەی کلۆمدراوی چەن ساڵەی
هۆشتان ئەدەم ، لێم کەنەوە

دێم و داوی جاڵجاڵۆکەی
سەر دیواری چارەنووستان ڕائەماڵم
چونکە هاوڕێی بزەی لێوی بەربەیان و
شنەی نەرمی بای شەماڵم
عەتری گوڵم پێیە بۆتان
ئەگەر جارێ لێم وەرگرن
ئەبنە هاوڕێی هەمیشەیی شەماڵ و خۆر
ئەگەر جارێ
تەنیا درزێکی پەنجەرەم لێ بکەنەوە
ئێوەش ئەبن بەهەتوانی زامی ناسۆر
لەدوڕیانی مان و مەرگا هەڵمەکوڕمێن
ئەم دوو ڕێیە ئەبێ یەکیان هەڵبژێرین
کە (مان) تەنیا ئەوە نییە
دڵ لەلێدان نەکەوتێ و
دەست و پێ و گەردنیش بەکۆت
مەرگیش تەنیا ئەو نییە ، تەرمی کەسێ
بەباوەشی خاک سپێرین
ئەبێ خۆمان ، ئەسپی بڕیار لغاو بکەین
هەر ڕێگەیەکیشمان هەڵبژارد
گەڕانەوە لێی ئەستەمە
کاتێ زەمەن وێستگەی سفر بەجێدێڵێ
کێ گەواهی ئەوەئەدا ، بێتەوە دوا
کەدوبارە گەڕانەوەش
خولی نیو بازنەی بەتاڵی هەمان تەمە
کۆرپە تازە بووەکانتان بشارنەوە
با نەبنە نێچیری خێوە
بەشەرییەکانی ئەم چەرخە ئەفسانەیە

پەنجەکانتان نینۆک مەکەن
لەم شەڕە ناچاریەدا
ئەوەی بێ چەک دێتە مەیدان
دۆڕاوێکی نەشارەزای دێوانەیە ..
دەمێکە مۆتەکەی خەوێ
لەبەر چرای
زەرد هەڵگەڕاوی شەوانی تەمەنمانا
حیکایەتی پاڵەوانێکی تاقانەی کەس نەدیوی
قەت نەبەزیومان بۆ ئەکات
پێمان ئەڵێ .. چاوەڕێ بن
ئێوە خۆتان ماندوو مەکەن
بەتەنیا ئەو تیرو کەوانی ڕەهایی
ئەفسوناوی لەدەستایەو
هەر ئەویش بڕیاری بەختی
لەتەوێڵ نوسراوتان ئەدات
پێمان ئەڵێ ، مردن حەقەو ژیان فانی
ستایشی پاڵەوانی ئەفسانەکەن
تاله دنیای داهاتووا ، هەر یەکەتان
چەپکە نێرگزی نەمریی خۆی بەرکەوێ
میر مۆتەکە هەموو شەوێ
لەبەر چرای
زەرد هەڵگەڕاوی شەوانی تەمەنمانا
هەر حیکایەتمان بۆ ئەکات
تائەخەوین ، ئەوسا ئەویش
لەسەر سنگمان بۆی ئەخەوێ
زەمانێکە
لەزامی سەختی ئاواتی دێرینەوە

خوێن ئەچۆڕێ
ئەو ڕووبارەی بەبەرچاوی جیهانەوە
سەری پڕ ژانی خۆی ئەدا
بەکەنار و داروبەردا
لەکارێزی ئەم زامەوە هەڵئەقوڵێ و
هەموو ڕۆژێ تاشە بەردێ
ڕێی سەفەری پێ ئەگۆڕێ
زەمانێکە ، لەپرژە بارانی تەوێڵ
گوڵی ئەوین ئاو ئەدەین و
وەلێ ئەویش هەر لەیەخەی ملهوڕ ئەدرێ
زەمانێکە، پەیامی هاوچارەنووسیی
گوڵان ئەدەین بەپەپوولەو
هەموو ڕۆژێ نوکی درکێ
باڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ئەویش ئەگرێ
ئێمە توشی پەتایەک بووین
گەڵای دار هەڵوەرێ ، ئەگرین
نوکی درکیش بشکێ ، ئەگرین
چونکە ڕقمان کوێرانەیە
بەزەییشمان کوێرانەیە
سۆز بەهەموو بنچکەدارو درکێ ئەدەین
لەپەرژینی باخی خۆمان وەدەرنەچن
زۆرجار ئەڵێم ، ئێمە ماسین
لەچەمی ئەم دڵپاکیە
مناڵانەیەدا نەبین ڕەنگە بمرین
ئێمە تەنیا بەچاوی سۆز
سەیری مەرگەسات ئەکەین و
چاوی هۆشمان چقڵی وەهمی تێچەقیوە

**بۆیە تەنیا بۆ هەڵوەرین**
**هەر وەک درەختێکی بێبەر گەڵا ئەگرین**
**لەوەتەی هەین**
**بەشوێن بەدمەستێکی شێت و شپرزەوەین**
**ئەو کەگیرفانی چۆڵ ئەبێ**
**هاوار ئەکات**
**ئەو کەپەرداخی خەیاڵی**
**بێ مەی و بێ سەهۆڵ ئەبێ**
**هاوار ئەکات**
**کەئاهەنگی لەدایکبوونی گەورەکەی**
**بێ جوزەلەو دەهۆڵ ئەبێ**
**هاوار ئەکات**
**ئەو چی ئەڵێ ، ئەیلێیینەوە**
**ئەڕوا ، ئەڕۆین .. دێ ، دێینەوە**
**بەڵای گەورەش لەوەدایە**
**درۆێ ئەکەین بەسروودی بەرەنگاری و**
**بزاڤیشی بازنەیەکی داخراوی**
**چۆڵ و هۆڵە**
**لەوەتەی هەین لەسەفەر داین**
**هەڵگری هەگبەی کەسەریش**
**هەمان کۆڵە**

1997

## مشەخۆر

دێنە ژووریٚ بەئەسپایی
وەک هەناسە تێکەڵاوی خوێنم ئەبن
دێنە ژووریٚ و بەشەریکی
هەم کات و هەم شوێنم ئەبن
دێنە ژووریٚ
وەک ڕەهێڵەی کوللە باران
بەسەر دەشتی سەوزی ژینا
وەک هاتنەوەی مشەخۆران
لەدواوەختی ڕاپەڕینا
دێنە ژووریٚ بەئەسپایی
هەست بەتەپەی پێیان ناکەی
دێنە ژووریٚ و بەکەس ناڵێن
ئەم تراژیدیایە تاکەی
دێنە ژووریٚ و سنوور ئەبڕن
بیٚ ئەوەی مۆری مۆڵەتیان
لەپاسپۆرتی سەفەر دابیٚ
بژاری گشت شەونمێکی
سەر کوڵمی ئاڵی گوڵ ئەکەن
بیٚ ئەوەی هەر دڵۆپێکیان
خوێن بەدڕکی زەرەر دابیٚ
چوار تەنیشتیان لیٚ تەنیوم
دێنە ژووریٚ لەگشت لاوە

هێلانەی ڕاز تاڵان ئەکەن
دڵم ئەکەن بەکەلاوە
خەوەکانیش ئەپشکنن تابزانن
بەڵێنی عیشقی ئەبەدیم بەکێ داوە
دێنە ژووری و جێگەپێیان
لەجێگەپێی مرۆڤ ناچێ و
بوونەوەرانێکی نامۆن
دەمێ دەعبای کەسک و سۆرن
دەمێ زەردن ، دەمێ مارۆن
دێنە ژووری بەئەسپایی
لەدرزی پەنجەرەی هۆشی
بەکراوەیی بەجێماوی مناڵییەوە
دێنە ژووری بەدوو دەستی
لەخوێنی گوڵ هەڵسواوی خاڵییەوە
دێنە ژووری و نارۆنەوە
تادوا قومی
شەرابی گیانی گوشراوم
نەخۆنەوە

1997

## کلتووری جیا

ئەی گوڵە ژاکاوەکانی
ڕۆخی زەریای زێدەبایی
ئەی گوڵە ژاوەکانی
وەرزی بەکاڵا بوونی هەست
من هەڵاتووی جەنگی نێوان
دڕکەکانی ڕۆژهەڵاتم
وێڵم بەشوێن کلیلێکا
قوفڵی زیندانی سنووری پێ بکەمەوە
.. ماری ئاڵاو لەئاواتم
ڕەنگە نێوان عومری ئێمە کەمێ جیابێ
ڕەنگە ئێوە لەژوورێکێ دوانهۆما
چاو لەیەک نێن
منیش لەژێر زەمینێکا
چاوم بەژین هەڵێنابێ
وەلێ گشتمان لەیەک وەرزی خەما ئەژین
ژیانێک و کارەساتێ
کێ لەئێوەش دەست و پەنجەی
هاوخەمی خۆیم ئەداتێ ..؟
دڕک نێوان ژوورەکان و
پیاڕەو و نهۆمەکانی زیندانی جیاکردۆتەوە
دڕک بێجگە لەپاسەوان
هەژدیهایەکی ئەفسانەی ڕاگرتووەو
ناوی ناوە کلتووری جیا

لەجیاتی کۆت ، دەستمانی پێ بەستۆتەوە
لەجیاتی زاد ڕۆژی سێ ژەم ئەمان داتێ و
لەبری گوللەش ئەینێ بەتەویڵمانەوە
وەکو پەتاش هەموو گیانی گرتۆتەوە .
کەمن تەنیا دوو کلتووری جیا ئەبینم
تائەوەندەی چاوم بڕکا
کلتووری ڕق لەگەڵ عیشق و کلتووری گوڵ
لەگەڵ دڕکا

1996

## باسی عیشق

وەرە باسی عیشق بکەین
کام نهێنی ناخی دەریا ئەروژێنێ و
شەپۆل شپرزەی ژوانی کەنار ئەکا
چ حیکمەتێ لەهەڵپەڕکێی گەڵادایە بەسروە با
بۆچی شەیدای مانگەشەوە
چاوی ئێشکگری تەنیا
وەرە باسی عیشق بکەین
کەعاشق بوون پێوانەیە بۆ پەیامێک
کۆیلە کۆتی کۆیلە بوونی بپچڕێنێ

کەعاشق بوون گەردانەیە
بۆ گەردنی کۆڵنەدان و بەرەنگاری
لەئێوارەی ئاوابوونی زەمەنێکا
تەنیا گەلا هەڵوەریوەکانی غوربەت
بەجێ دێڵێ بۆ یادگاری
وەرە باسی عیشق بکەین
لەجەنگی مان و نەمانا
لەنێوجەرگەی دابڕانا
ئەبێ سەنگەر لەڕق بگرین
ئاگری گشت یاخی بوونێ
لەپشکۆوە دەست پێ ئەکات
بەکتێبی پیرۆزی عیشق سوێندت ئەدەم
دەستم بگرە
با لەچاڵە بەفری چلەی ئەم وەرزەیا
بەجووت نەمرین
وەرە باسی عیشق بکەین
چارەنووسی مانەوەی گوڵ
لەئەستۆی پەپوولەدایە
کێ باخێکی بێ پەپوولەم نیشان ئەدا
کێ لەبەزمی پەپوولەو گوڵ بێ ئاگایە
وەرە باسی عیشق بکەین
لەبیرم دێ ، بۆ یەکەم جار
ماچی پەڕەی گۆنام کردی
گەڕەک گشتی هاتەدەنگ لێم
ووتیان ئەبێ ئەم بێ ڕووە سزا بدرێ
چونکە ویستم
هاوحەسرەتێ بدۆزمەوە

**بۆ كۆچی ڕێم**

**من لەمەرگی گەڵای زەردی پایزانا**
**چرۆی سەوزی**
**بەهارێكی نوێ ئەبینم**
**گەرچی دڕكیش لەدامەنی گوڵا بڕوێ**
**خەو ئەبینم**
**هەوارێكی نوێ ئەبینم**

1996

**شوناسنامە**

**لێم مەپرسن**
**گرووپی خوێنەكەت چیەو**
**خەڵكی چ بن دەوەنێكی**
**من لەخێڵە كۆچەریەكانی ڕۆژهەڵات**
**جێماوم و هەموو سەرووەتم گیانمە**
**بەشوێن عیشق و**
**تكەی ڕژاوی تەمەنما عەودالْم و**
**گەرمیان و كوێستانمە**
**گوڵ و مانگەشەوو كانی**
**مرۆڤی ئازادو جوانی**

**لەهەر کوێ بن هاوسەفەرمن**
**چەوسێنەریش هەر کێیە بێ**
**ڕێگری کاروانمە**

## 1995
## لەژوورێکی کەمپی پەناهەندەییدا

**ژمارەمان هەر ئەوەندەی**
**پەنجەکانی هەردوو دەستە**
**کەمێ کەمتر یاخو زیاتر**
**لەڕوخساری گرژو مۆنی هەوری ڕێکەوت**
**یەک ڕەهێڵەی چارەنووسیش بەدی ئەکرێ**
**کەمێ خاوتر یان خێراتر**
**بەئەوەندەی ژمارەشمان**
**گیاکەڵەی ڕق ، دڕکی گومان**
**لەنێومانا چەکەرەن و**
**بەرامبەر یەک ڕق ئەستورین**
**کەهەر ئەوەندەی پێ دزەی**
**چرپەیەکیش ، لەیەک دوورین**
**چونکە ژەهری ڕەنگ و دەنگیان**
**لەنێو پێکی هاوخوێنیا پێ نۆشیوین**

کەهەمووومان
پەڕەندەی نێو یەک قەفەس بووین
کەهەمووومان لەبەر تیری
هەمان ڕاوچی هەڵفڕیوین
ئەڵێن گوایە .. سەروەریمان
لەژێر کڵاوی هاوبەشی ڕەگەزدایە
ئەڵێن گوایە ، گوڵیش دەستەخوشکی دڕکەو
گەردەلوولیش
هاوڕەگەزی شنەی بایە

1995

## پاییزی بێکاری

لەپاییزی بێکاریدا
گەڵازەردەکانی تەمەن
هێدی هێدی جێم ئەهێڵن
وەلێ بۆکوێ ..؟
لەجێ ژوانیان بێ خەبەرم
بای خەیاڵیش
بەناچارێ هەڵم ئەگرێ و
دەمێ ئەمکات بەیاوەری حاتەمی تەی

دەمێکی تر
جەنگاوەرێکی تەتەرم
تەرمی گومان لەئایندەش وەکو سێبەر
ئەبێ بەهاوسێی سەفەرم
لەپاییزی بێکارییا
دەیان پرسی سەیرو سەمەر
یەخەت ئەگرن
بۆچی مرۆڤ سەگەکەی خۆی
خۆشتر ئەوێ لەهاوسێکەی ؟
بۆ ئەم وەرزە ساتەمەرگی متمانەیە ؟
بۆ هەناسە
تەنیا بەشی سینەیەکەو
پێکی شەراب ، بەشی لێوێ
بۆ بێدەنگیش تەنیا گوڵی
بەرپەنجەرەی بیناییەو
ئینجانەکەی شوکرانەیە !؟
لەپاییزی بێکارییا
چرۆی خۆزگە
کۆرپەیەکی خەواڵووەو تەنیا خەوێ
بەفرسەتی دۆزینەوەی خۆی ئەبینێ و
گۆڕینەوەی گوڵاوی گیان
لەپاییزی بێکارییا
ژیان ڕەنگی حەسرەت ئەگرێ و
ئای لەئاهی ژانی دڵە زامدارەکەم
ماوەیەکە بۆنی عەترم بیرچۆتەوە
بۆ دوپاتی عیشق چیدەم
لەگەردنی دڵدارەکەم

ڕەنگە ئەویش وەک بزەی لێو
وەک هەرەسی ئەشکی دیدەم
جێم بهێڵێ و
ئای لەسەرماو سۆڵی ناخە شێدارەکەم
لە پاییزی بێکارییا
لەگەڵ شینی گەڵاڕێزان
ژین پەرۆشی شوناسێکە
بۆ پێناسەی خودی ئینسان .

1995

## سۆزی باران

نم نم باران ئەبارێ ئاخ لەسەیلی یادگار
لەگەڵ فرمێسکی ئەوا ئەمیش بەخوڕ دێتەخوار

نم نم باران ئەبارێ لەگەڵیا سۆز لەچاوم
ئەو لەگریانی هەورو ئەم لەقوڵپی هەناوم

ئەو پەرۆشی ژوانی خاک و خۆڵ و گەڵایە
ئەمیان دەریایە ڕازو نهێنی عیشقی تیایە

ئەی ڕۆژانی مناڵی ئەی مەلی گەردن بەخاڵ

## ئەی هاوسەفەری باران پریاسکەی پڕی خەیاڵ

تەنیا لەگەڵ بارانا تۆ بەسەرما دائەکەی
لەگەڵ خرینگەی ئەوا تۆش مەیلی سەما ئەکەی

نم نم باران ئەبارێ و لەگەڵیا سروە بایە
وەکو حەیرانی بەستەو لایلایەکانی دایە

ئاوازێکی تەڕو پڕ بەنێو روحما گەشت ئەکا
تام و بۆن و بەرامی لەمێوەی بەهەشت ئەکا

بۆیە لەگەڵ بارانا منیش نم نم ئەبارێم
کاتێ ئەگەینە یەکتر ئەو ئەڕژێت و من ئەڕوێم

من و بارانی بەخوڕ ڕازی دڵمان تێکەڵە
لەمن بەڵێنی شیعرێ لەویش مژدانەی پەڵە

1995

## دوو تابلۆ

## ژان

یەک ترۆپکی بلندی ژان ، یەک برین و گەلێک خەنجەر
ناڵەیەک و گەلێک سەدا ، هێرشێک و گەلێ سەنگەر

خەوێکی ڕەنگ ئەرخەوانی ، گەلێ چاوی جیابینی خەو
تەنیا دەشتێ لە خۆشبەختی ، گەلێ دەست و داسی درەو

یەک بەڵاو یەک ڕێگەچارە ، گەلێ فاڵچیی نوشتە فرۆش
یەک جامی پڕ لەمەینەتی و گەلێ کریستالی درۆش

نەمامێکی تەڕو ناسک ، ڕەوێ کوللەی هارو برسی
بستە خاکێ لەمیراتی و کێشمەکێشی گەلێ کورسی

یەک پەڕەی دەفتەری مێژوو ، گەلێ پەنجەو گەلێ خامە
چرپەیەکی لەدڵ پەنهان ، گەلێ لێوی بێ بەرنامە

یەک پەنجەرەی بەر شنەبا ، گەلێ هاوسێی سیا داوێن
دەروازەیەک ڕوو لەئاسۆ ، گەلێ دڕکی تینوو بەخوێن

زمانێک و گەلێ سوژن ، گەردنێک و گەلێ جەللاد
زەڕنەقووتەی سەرنجێک و گەلێ قەل و داڵی بەرباد

یەک ئاسمان و یەک خۆرەتاو ، گەلێ ئەستێرەی کشاویش
یەک داری ئازادی بەرزو دەریایە خوێنی ڕژاویش

## دەسەڵات

پرسیارێکی ڕوون و ئاسان ، دوو وەڵامی پڕ پەناو پێچ
دەرگایەکی کلۆم دراو ، جووتێ کلیلی خواروخێچ

کۆشێ گەڵای زەردی وەریو ، دوو ڕەشەبای سرک و بزێو
مەرامێکی نەرمی عیشق و جووتێ گرێی ناخی پەشێو

مینبەرێک و دوو بانگەواز ، پەیامێک و جووتێ نوێنەر
درەختێک و دوو قەدی لار ، ڕێبوارێک و جووتێ سێبەر

جەستەیەکی بەر ئاوێنە ، عەکسی دوو روخساری جیاواز
ڕۆمانێک و دوو پاڵەوان ، شیعرێ لەگەڵ جووتێ ئاواز

یەک بەڵێن و دوو جێ ژوان ، یەک هەورو دوو وەرزی باران
دەریایەکی پڕ نهێنی و دوو شەپۆلی هەواداران

وێنەیەکی سافی بێگەرد ، دوو سەرنجی جودا بینا
کانیەک و دوو جۆگەلە ، دیارە ووشکن لە هاوینا

وەلێ ئاوا لێڵە ئاسۆ ، کە ئاوایی خەراباتە
وەلێ ئاوا ناگا بە تۆ ، ئەی دڵ ئەوەی موبتەغاتە

1994

## خەیاڵ

دەستی بەدمەستی خەیالْم
دایە قەلْەم
تاپرچی ئالْۆزی شیعرێ بهۆنمەوە
هەر سیمای تۆم هاتەبەر چاو
چرپە ڕازێ ، بێشکەی سەری ڕائەژاندم
وەلێ سەیرە ، لەجیاتی خەو
یادگاری لێ وروژاندم
بەتازەم و بەکۆنمەوە
هەر سیمای تۆم هاتەبەر چاو
پێکی ووشەم ئەڕشتە ناو
گەرووی ووشکی ئەم ژیانە
تامەستی کەم
ووتم بەشکو
سروە نەشئەی ئەم مەستیە
لەچاوی تۆ
نامەی عیشقم بەرێ بۆ زولْفی خاوی تۆ
وەلێ زاری تەڕ نەکردم ، بادەی خەیاڵ
بۆیە نامەم دا بەشەماڵ
تاپێت بلْێ گەر ئەزانی
چەند پەرۆشی ژووانی تۆم
ئەی دوا ئومێدی مانەوە
ئەی ڕەهابوون
ئەی پەڕەندەی گەردن بەخاڵ

1994

## دزیی

زەردەپەڕیان .. لەئێوارە دزیوە
لەبەربەیان ، نیگای کاڵی مناڵیی
لەئاوێنەی کانیا ، ڕووخساری مانگ
لەسرووەی سەرفرازی ، هەردوو باڵی

لەئەستێرە ، شکۆداریی مەنزڵی
لەڕێژنە بارانی بەهار ، خەیاڵی
لەگوڵ ، بۆن و بەرامی سنگ و مەمکی
لەکوڵمی خۆشەویستی ، ڕەنگی ئاڵی

سەمای سەربڵندی شەپۆل ، لەدەریا
لەکۆرپەلەی لێو ، بزەو گڕوگاڵی
لەچەم هاژەی یاخی بوون و لەمێژوو
ترپەی دڵی ڕۆژان و مانگ و ساڵی

کەفچڕێن و قەڵبەزەی ناخ ، لەتاڤگە
لەگەرمەسێری ماندوویی ، شەماڵی
لەمرۆڤیش ، گوڵاوی روح و جەستەی
لەژین ، ماناو ڕەونەقی چاوکەژاڵی

بەڵام قەرزن ، ئەمانە گشتی هەتا
دوا خرۆشانی هۆزی هەگبە خاڵی
کەجامی دڵ ئیتر لێواو لێو ئەبێ
لەبێ دەنگی و لەژان و خۆشخەیاڵی.

## 1994

## بۆ تۆی مێ

چاوەکانت
تا بە شەبەنگی خۆرەتاو ئاشنا نەبن
ڕەشماری شەو لەگەردنت نابێتەوە
سیەکانت ، تادەستەمۆی
شەماڵی سەر لوتکە نەبن
بەهارەکان ئەدزرێن و
کێوە بەفری ژانەکانت ناتوێتەوە
لەکوێوە ڕەنگیان گرتووە ئەو دوو چاوە
لەئاسمانی بێ پایانی
عیشقی پەڕەندە بۆ فڕین
یان لەیاخی بوونی شەپۆل
لەتاریکی بنی دەریا
یان هەردوکیانی پێکەوە گرێداوە
ئەی لەکوێوە فێری سەمای موچڕکە بوون
پەپوولە شەرمندەکانی باخی دڵت
بۆ بێ ڕەنگن ، وەنەوشەکانی سەر لێوت
دەبدوێ دەی
ئەگەر جارێک ، بەدەستی خۆت
گرێکوێرەی خەمەکانت بکەیتەوە
ئەزانیت شەو نییە تاسەر بتکاتە کۆیلەی باوەشی
ئەزانیت پاییزێ نابێ
زوڵفی خاوت بئاڵۆزکێنێ ، باڕەشی
یەکەم هەنگاو لەخۆتەوە دەست پێ ئەکا

لەگەڵیا هەنگاوی منیش
یەکەم نیگای عیشق بازییش لەخۆتەوە دەست پێ ئەکا
لەگەڵیا یەکەمین غەمزەی چاوی منیش
ئەگەر جارێک ،بەدەستی خۆت
گرێکوێرەی خەمەکانت بکەیتەوە
ئەزانیت هەر لەو ساتەدا ،دەکرێتەوە
گرێکوێرەی خەمەکانی دەروونی خنکاوی منیش.

::::

ئەم شیعرە لەساتەوەختی کۆڕەودا نووسراوە

پاوە/ دووئاوان .. 1991

## کۆڕەو

سەیرم مەکەن بەتاسەوە
کەمن تەنیام ..
هەڵگری یەک ئەشکەنجە نیم
میراتگری خەمەکانی هەموو دنیام
سەیرم مەکەن بەتاسەوە
من دڵم مرد
چاوەکانیشم بەدەست خۆم
وەدەرهانی و بەدیاری بۆ
حافزەکەی شیرازم برد

تافلیمی ئەم حەسرەتە لێباتەوە ..
تۆفانی ڕەو
هەرەس بەبەفری کێو دێنێ
دایکێ ، کۆرپەیەکی بێ گیان ڕائەژێنێ
باوکێ بۆ کیسە نانی سواڵ
چووە دەرێ و نەهاتەوە

سەیرم مەکەن بەتاسەوە
من مرۆڤی چاخە بەردینەکان نیم و
لەچیرۆکە ئەفسوناویەکانیشەوە نەخوڵقاوم
ماوەیەکە ڕوخساری خۆم
لەئاوێنەی خەیاڵیشدا نەبینیوە
وادەزانم لەسەرەتای ئەزەلەوە کۆچەریم و
وەلێ هەر لەجێی خۆیدایە
کیسەڵە ڕەوتی هەنگاوم
سەیرە.. دونیا
منی بێ باڵ و بێ نینۆک
لەکێ برِکێی داڵەکانی ئاسمانی خواو
گورگە ڕەنگاو ڕەنگەکانی عەرشی زەوی
لەسەر لاکم .. چۆنە ماوم

سەیرم مەکەن بەتاسەوە
ئەگەر لەمرۆوە متمانە بەمزراحی بەخت نەکەم
مووروەکانی ئاسودەییش
لەهیچ بستە نیشتمانێ نەدۆزمەوە
لەسەحەری ژیانەوە ، لەبەربەیانی فامەوە
کەیف لەژووره داخراوەکان نابینم و
پرِ بەدڵیش تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ڕقم

بۆ دەروازەی سنوورەکان ئەهۆنمەوە
ئەی چاوە زۆر زەقەکانی
خاڵەکانی پشکنینی سەر ڕێی قەدەر
پرسی شوناسەمان مەکەن
مناڵدوانەی یەک داییکین
لەئەمڕۆوە ، ئێمەو .. سەفەر

1991

**شیعر**

ئەگەر بەژن و باڵای شیعر
لەنەمامی خودێکی تاک نزم تر بێ
دەشێ تەنیا شیعر بێ و بەس
ئەگەر بریسکەی چاوی شیعر
لەبەر پێیەک تێنە پەڕێ
دەشێ دوا گوژمی مۆمێ بێ
بەر لەهەرەس
ئەگەر دەستی میهری شیعر
نەگاتە دوا ڕیشەی برین
دەشێ دووشکی ژان سڕکا بۆ یەک نەفەس
بەڵام ساتێ شیعر دەبێ بەتانجی ڕاو
هەر ئەو ساتە ، شاعیر دەبێ
بەتووتیەک .. دونیاش قەفەس



**من لەنێو پیاوەکانی ڕۆژهەڵاتا تاکو ماوم لەناموسە مەرگەساتی هەر شەمێک و غەزالێک و دوعایەکدا ڕەهێڵە بارانی شەرمم لێ دەبارێ کەوا .. پیاوم**

Bandi Ali / 2010